





# گۆڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سییەم (١٤٠٩)- (١٥)ی نیسانی ٢٠٢٤





> ئەگەر کورد زۆر بە ئاگا و وریا نەبێت و پەند و وانە لە ڕابردوو وەرنەگرێت، تاوانی جینۆساید دووبارە دەبێتەوە



> پێویستیمان بەوەیە لە پایتەختی هەرێمی کوردستان مۆزەخانەی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ هەموو جینۆساید و کۆمەڵکوژییەکان بکرێتەوە

# ١٠٠ ساڵە ئەنفال و جینۆساید لە دژی گەلی کوردستان بەردەوامیی هەیە

# کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١

١١٠




بەپێی ڕێککەوتنی سۆفا[1] پێویست بوو لە کۆتاییی ساڵی ٢٠١١دا، هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بشکێنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش زنجیرەیەک کۆبوونەوە لە هەولێر و بەغدا سازدران. چەندان جار جەنەڕاڵ ئۆستن و باڵیۆز جێم جفری سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد بۆ ڕاوێژ و لەم بارەیەوە داوای یارمەتی و هاوکارییان کرد. چەندە کاتی دەرچوونی هێزەکانی ئەمەریکا نزیکتر دەبووەوە، ئەوەندەش موزایەدەی لایەنە عێراقییەکان زیاتر و گەرموگوڕتر دەبوو. کەیسەکە زیاتر لە دەست وەزارەتی دەرەوەی عێراقدا بوو، هۆشیار ڕۆڵێکی سەرەکیی بینی لە بابەتەکەدا.

جارێکیان هەموو سەرکردە سیاسییە عێراقییەکان لە هۆڵێکدا لە بەغدا لە کۆبوونەوەدابوون، لەسەر داوایان، منیش لە کۆبوونەوەکەدا بەشداریم کرد، هەموویان لەبیریان چووبووەوە کە ئەگەر ئەمەریکا نەبوایە ئێستاش سەددام، یان یەکێک لە کوڕەکانی لەسەر کورسیی دەسەڵات بوون، هۆڵی کۆبوونەوەکە پڕاوپڕ بوو لە موزایەدە و قسەی زل. پرسیارێکم ئاڕاستەی ئامادەبووان کرد و لێم پرسین: (ئێستا ئەفسەرێکی ئەمەریکی دەتوانێت بێتە هۆڵی کۆبوونەوەکە و هەموومان دەستگیر بکات، یان نە؟ ژمارەیەکی زۆریان وەڵام دایەوە و گوتیان، نەک ئەفسەرێک، سەربازێکیش دەتوانێت هەموومان دەستگیر بکات. دواتر پێم گوتن: ئێستا وەزیری بەرگری و ناوخۆ ئامادەن، با لێیان بپرسین ئایا ئەوان ئامادەن وڵات بپارێزن؟ هەردوو وەزیری وەڵامیان دایەوە کە ئێمە توانا و هێزی پێویستمان نییە و پێویستمان بە هاوکاری و پشتیوانیی هێزەکانی ئەمەریکایە. کەشێکی ئیرهابی فیکریی تەواو دروست ببوو، زۆربەی ئامادەبووان حەزیان دەکرد و پێیان خۆش بوو هێزێکی ئەمەریکی بمێنێتەوە، بەڵام کەسیان جورئەتی ئەوەیان نەبوو ڕاشکاوانە بۆچوونەکانیان دەرببڕن (یشتهون ویستحون) من زۆر ڕاشکاوانە بۆچوونەکانم دەربڕی کە مادام عێراق بەبێ هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانان توانای بەرگری و پاراستنی خۆی نییە، باشترە ڕێککەوتنێک لەسەر کۆمەڵێ بنەما و پرەنسیپی دیاریکراو لەگەڵ ئەمەریکا و هاوپەیمانان ئیمزا بکرێت.

---

(١) سۆفا، ڕێککەوتننامەی ئەمنیی نێوان ئەمەریکا و عێراق بوو لە ساڵی ٢٠٠٨ کە تێیدا هەلومەرجی ئەمنی و سەربازی و پێداویستییە یاساییەکانی چالاکی و مانەوەی کاتیی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بەرجەستە کراوە و بەپێی ڕێکەوتنەکە دەبوو لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠١١ هێزەکانی ئەمەریکا بە تەواوەتی لە عێراق بکشێنەوە.




(هەندێ لە پرۆژە و کارە هونەرییەکانی دارا محەمەد عەلی) کتێبێکی ژمارە(٢٨)ی تازە چاپکراوی (گۆڤاری گوڵان)ـە، بە دیزاینێکی تایبەت و قەبارەیەکی گەورە کەوتە بەردەستی خوێنەران و هونەرمەند و هونەردۆستانەوە.

ئەم کتێبە بریتییە لە سەرگوزەشتە و ژیاننامەی تایبەتیی هونەرمەندی دێرینی شێوەکار (دارا محەمەد عەلی)، قۆناغ و وێستگەکانی ژیانی ئەم هونەرمەندەی بەرجەستە کردووە، هەر لە ساڵی ١٩٥٠ کە لە گوندی عەوێنە لە دایك بووە، دواتر قۆناغەکانی سەرەتایی تا قۆناغی ناوەندی و دواجاریش پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا.

هونەرمەند هەر لە منداڵییەوە بەهرە هونەرییەکەی رۆژ لە دوای رۆژ نەشونمای کردووە، حەز و ئارەزووی نیگار و نیگارسازی لە پانتایی هزر و بیریدا چەکەرەی کردووە، بەتایبەتی (هێڵ و رەنگ) کە دوو توخمی سەرەکیی هونەری شێوەکارین، لەنێو دیدو روانینیدا لەسەرخۆ رەگوریشەی دامەزراندووە و داکوتاوە.

دارا محەمەد عەلی لە یەکەم وانەکانی هونەریدا لە قوتابخانەی ئازادیی تێکەڵاو توانی سەرنجی قوتابیان و مامۆستا(مووسا) بۆ خۆی رابکێشێت، هەر لە رێگەی ئەو مامۆستایە کە یاریدەدەری ئەو قوتابخانەیە بوو، (رەنگی رۆنی)ی ناسیوە، یەك لە تابلۆیە لاساییکردنەوەکانی (کچی کافرۆش) بوو، یەکەم دیاریی ئەو هونەرمەندە لە شەستەکاندا بوو، لەلایەن موتەسەریفی هەولێر کە بریتی بوو لە جام، ئەویش لە ئاکامی بەشداری کردنی بە کۆمەڵە تابلۆیەك لە پێشانگای هاوبەشی قوتابخانە سەرەتاییەکاندا.

جگە لەو هەموو پێشانگایانەی لەناو کوردستان و دەرەوەدا بەردەوام بووە، نابێ رۆڵی دارا محەمەد عەلی لە خزمەتکردنی هونەر بۆ منداڵان لە بیربکرێت، بەتایبەتی لە گۆڤارەکانی (ئەستێرە، هەنگ، ئاسۆی منداڵان) و بەشداریکردنی لە کتێب و سیمینار و پێشانگە و نامیلکە .. تاد.

هاوکات لەم بوارانەشدا بەرهەمی هەبووە، دیکۆری شانۆیی: هونەری کاریکاتێر و مونتیف و خۆشنووسیی نوێ، نووسین لەسەر هونەری شێوەکاری و منداڵان، بەشداری لە دامەزراندنی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لە شاری هەولێر کردووە.هەروەها چەندین بەرهەمی وەك کتێب چاپکردووە.






لەم ڕۆژانەدا نووسەر و مامۆستای زانکۆ دکتۆر محەمەد خدر مەولود، دوو کتێبی تازەی بە چاپ گەیاند، کتێبی یەکەم:(مەسعود بارزانی کاریزماو فریادرەسی بێکەسترین نەتەوەی دونیا)، (١٨٤) لاپەڕەیە، زیاتر لە (٥٠) گوتار دەگرێتە خۆی، کە مانا و گوزارشت لە ڕۆڵ و پێگەی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی دەکات، بەڕێزیان چ وەک کاریزما بۆ گەلی کوردستان، چ وەک فریادرەس بۆ پرس و دۆزی ڕەوای کورد بەگشتی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا. نووسەری کتێب لە پێشەکی کتێبەکەیدا نووسیویەتی: (سەرۆک مەسعود بارزانی لە دیدو هزری مندا تەنیا ڕابەر و سەرۆکی دێرینترین و بەهێزترین و جەماوریترین پارت وحزبی کوردستانی نییە، بەڵکو ئەو مرۆڤە مەزنە وەک چۆن لەنێو سەرۆک و ڕابەرانی دونیا و ناوچەکە و جیهاندا، ناوێکی درەوشاوەی نێو ناوە درەوشاوەکانە و، ژمارەیەکی سەنگینی نێو ژمارە سەنگینەکانە، بۆ وڵاتی منیش سەرۆکە، ڕابەرە، کاریزمایە، فریادرەس و سنبولی نەتەوەیەکی ستەمدیدەی بێکەسترین نەتەوەی دونیایە ).

تەواوی گوتارەکانی ئەم کتێبە لە ماوەیساڵانی ٢٠١٥ تا ٢٠٢٢ نووسراون، گوزارشت لە قۆناغەکانی سەرکردایەتی و ڕابەرایەتیی سەرۆک مەسعود بارزانی دەکەن، هەر لە داستانی خواکوڕکەوە لە گوتاری ڕاستەخۆی ئاراستە کراوی بەڕێزیان بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانی خواکوڕک لە ڕۆژی ١٤-٨-١٩٨٨، تا ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی و هەوڵ و تێکۆشانی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان و، بوون بە فریادرەسیان، هەموو ئەو گوتارانەی کتێبەکە لەو ماوەیەدا، ئەو مانا و واتایە دەگەیێنن کە سەرۆک بارزانی لە پێناویدا خەباتی کردووە.

گوتارەکان بریتین لە چەندین واتا و گوزارشتی جیا لە ژینگەی تایبەتی، کە ئەرکی بیرو هزری سیاسی و کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت. لە کاتێکدا لای نووسەری کتێب ئەم جۆرە گوتار و نووسینانە، دەق و تێکستن بەهۆی پێکهاتەی مەعریفییەوە چەمکی هاوئەرکی و واتایی مەبەستدا بۆ پرۆسە و کردەی میدیایی واتای ئاماژەی گرنگن و دال و مەدلولن بۆسات و کاتی ڕووداو، فاکت و پرسە سیاسییەکان بەرهەم دێنن.

هەر لە پەیڤی بەراییدا نووسەری کتێب نووسیوویەتی : لە بەر بایەخی بابەت و پرسەکان بۆ ئامادەیی گوتار لەو ماوە گرنگ و هەستیارەی کە تێیدا دوو ڕووداوی مەزن هاتنە پێش هەرێمی کوردستان و




حکومەتەکەی ئەوانیش شەڕی تیرۆرستانی داعش و تێکشکاندنی تەلیسمیان و، ئەوی دی ئەنجامدانی سەرکەوتووانەی پرۆسەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان و قۆناغی سیاسیی پۆست ڕیفراندۆم بوو، بوونی ئەم جۆرە گوتارانەم بۆ کۆی ئەو بابەتانە بەگرنگ زانی .

کتێبی دووەمی نووسەر:(گوڵانی خانەدانی بارزان دەوڵەتمەدارو ئاڵنگارن، ئاستەنگ وقەیرانەکان بە دەرفەت دەگۆڕن) لە دوو توێی (١٦٤) لاپەڕەیە، بریتییە لە (٤٥) گوتاری هەمەجۆر گوزارشت لەو بابەتانە دەکات کە لەو ڕۆژەی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕیوە تا ئەو ڕۆژانەی دوایی ساڵی ٢٠٢٢. نووسەر لە بارەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیڤی بەراییدا نووسیویەتی:

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئان وساتێک پێکهێنرا، ناوچەکە لە دوای شەڕی داعش و پرۆسەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی دا بە نێو کێڵگەی مین گوزەری دەکرد، بەڵام بە پێچەوانەی هەموو ئەو مانۆڕو پیلانگێڕی و گرەوانەی لە ناوخۆ و دەرەوە ئامادە دەکران، سەرباری فشارو هەژموونی مەبەستدار ئەوا (گوڵانی خانەدانی بارزان)، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، توانیان گرفت و ئاڵنگارییەکان تێپەڕێنن و لە ئاستەنگ و ئاریشەکان دەربازبن و قەیرانەکان بە دەرفەت بگۆڕن.

ئەو قەیرانانەی هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کابینەی نۆیەمەوە ڕووبەڕووی دەبوونەوە قەیرانگەلێک و کۆمەڵێک ئاستەنگ بوون خۆیان لەو گۆڕانکاری و دەرهاویشتانەی لێککەوتەکانی پەتای کۆڤید ١٩ و قەیرانی دارایی و دابەزینی نرخی نەوت لە جیهان و بەردەوامی بڕینی بودجەو مووچەو لە بەغداوە دەبینییەوە.

ئەم گوتارانەی نێو ئەم کتێبە لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٨-٢٠٢٢ نووسراون، بەسوود وەرگرتن لە ناونیشانی شیعرە ناودارەکەی هەژارموکریانی،(گوڵی خانەدانی بارزان) لای نووسەری کتێب بەمەست بۆ بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکارهاتووە، خۆیان لە ئاستی بەرپرسیاریەتیی یەکەمی ئەو بارودۆخ و ئەو ماوەیەی حوکمڕانییەی کوردستان دەبینێتەوە، کە گوزارشت لە سەختترین ماوەی حوکمڕانی و دەوڵەتمەداری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن.




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

«« پرۆفیسۆر دکتۆر شۆڕش حەسەن عومەر :




**یاسای دادگای فیدراڵیی عێراق به پێچەوانەی دەستوور هەموار کراوەتەوە، بۆیە بڕیارەکانیشی نادەستووریین**

«« ماجید مەندەلاوی :



**مەلا مستەفا بارزانی بۆ کوردانی فەیلی فریادڕەس و سیمبولی ڕەتکردنەوەی زوڵم و داگیرگاری بوو**

«« خەلیل محەمەد :



**پەکەکە نەک تەنیا باوەڕی بە بیری نەتەوەیی نییە، بەڵکو دژی سەربەخۆیی کوردستانە**

«« مایکڵ نایتس :



**بەشدارینەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکاندا ئەو پەیامەیە کە بەشداری لە دیموکراسیەتێکی ساختە لە چوارچێوەی فیدراڵیزمێکی ساختەدا ناکات**

ئەلئەب جبرائیل گورگیس :

**ئێمە خاوەنی جەنابی سەرۆک بارزانیین بۆیە هیچ کاتێک لە ماف و بەرژەوەندییەکانمان بێبەش نابین**



ڕۆژین محەمەد :

**تا پاڵەوانێتی زیاتر ڕێک بخرێت دەرفەتی دەرکەوتن بۆ یاریزان زیاتر دەبێت**



سارا نەقشبەندی :

**هەوڵ دەدەم بە تیم کار بکەم و دەستی کار بۆ خانمان بکەمەوە**



**یەکەم کاتژمێری زیرەکیی دەستکرد**



**بەهای خۆراکیی چەوەندەر**



خوسرەوی ماملێ
بۆ هونەرمەندە گەنجەکان:

**هێزی هونەریی خۆتان بۆ قایمتر کردنی بناغەکانی کوردستان تەرخان بکەن**



**کوردستان لە سەر پەردەی سینەمادا دەژی**

**مەهدی ئومێد یەکەمین فیلمی سینەمایی کوردیی درووست کرد**




ماریا ڕوودبیرگ




# تا پەرتەوازە بین مەترسییەکانی سەر هەرێم زیاتر دەبن

«جێگەی داخە، کە بڵێین: دۆخی کورد وەك دۆخی دەوڵەتی ئەمەوی لە ئەندەلووس وایە، کاتێك سوپای داگیرکەران شارەکانیان داگیر دەکردن و، قەوارەکانیان لەناو دەبردن، کەچی فەقیهەکانی دەوڵەت و پیاوەکانیان خەریکی وەڵامدانەوی ئەم پرسیارە بوون: «ئایا خوێنی مێش حەڵاڵە، یان حەرامە؟» بۆیە دەبینین هەر حزبێکی سیاسی لە کوردستان بانگەشەی ئەوە دەکات، کە گوایە حکومەتی بەغدای ناچار کردووە، مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان بنێرێت، یان پێکهاتەکانی نەوت بۆ شارەکانی کوردستان بهێنێت، یان پشکی کوردستان لە دەرمان و شایستەکانی جووتیاران بنێرێت، ئەوەیان پشتگوێ خستووە کە داکۆکی لە مافە دەستوورییەکانی قەوارەی هەرێم و بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان بکەن، یان بە نەبەزی و خۆڕاگرییەوە دژی پیلانەکانی دوژمنان بوەستنەوە، کە مەبەستیان لەناوبردنی قەوارەی هەرێمە. کاتی ئەوە هاتووە هەموو لایەك دەرك بە مەترسییە ڕاستەقینەکان بکەن، کە ڕووبەڕووی واقیع و بوونی قەوارەی هەرێم دەبنەوە، چونکە سەرەتاکانی ئەو گەردەلوولە دەرکەوتووە کە لە هەموو لایەکەوە هەڵدەکات».



**پ. د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ

بۆ گوڵانی نووسیوە

بە هۆی نەبوونی چوارچێوەیەکی گشتی کە لە سایەیدا هەموو بەها نیشتمانی و ئامانج و دید و تێڕوانینەکانی ئایندەی گەلی کوردستان کۆبکاتەوە، بارودۆخی ئێستای کورد ڕووبەڕووی قەیرانێکی مەترسیدار بووەتەوە، چونکە تائێستاشی لەگەڵدا بێت، هەرێمی کوردستان تووشی بێسەروبەری و تێکچڕژانی بەرژەوەندییە حزبییەکان و ململانێی بێ پاساو بووەتەوە لە ڕووی هەڵوێست بەرانبەر ئەو قەیرانە سیاسی و ئابوورییانەی کە بەرۆکیان گرتووین، دواجار هەڕەشەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەمنی، بەوەی مەترسییەکی ڕاستەقینە لە ئارادایە کە ناکۆکییەکان هەندێ جار دەگەنە ئەوپەڕی توندوتیژی و جاروباریش لە سایەی هەلومەرجی حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا خەریکە دۆخەکە دەتەقێتەوە، ئەو ململانێیەش کارەساتی جەرگبڕی بەدوادا دێت، کە بە ئایندەی مەترسیداری قەوارەی هەرێم دەشکێتەوە، کە تائێستا و بەردەوامیش لایەنە بیانییەکانی ئەو دیو سنوور لە هەوڵی نانەوەی دووبەرەکی و ناکۆکییەکاندان، ئامانجیشیان

**هەر حزبێکی سیاسی لە کوردستان بانگەشەی ئەوە دەکات، کە گوایە حکومەتی بەغدای ناچار کردووە، مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان بنێرێت، یان پێکهاتەکانی نەوت بۆ شارەکانی کوردستان بهێنێت**

**کاتی ئەوە هاتووە هەموو لایەک دەرک بە مەترسییە ڕاستەقینەکان بکەن، کە ڕووبەڕووی واقیع و بوونی قەوارەی هەرێم دەبنەوە، چونکە سەرەتاکانی ئەو گەردەلوولە دەرکەوتووە کە لە هەموو لایەکەوە هەڵدەکات**

**بە هۆی نەبوونی چوارچێوەیەکی گشتی کە لە سایەیدا هەموو بەها نیشتمانی و ئامانج و دید و تێڕوانینەکانی ئایندەی گەلی کوردستان کۆبکاتەوە، بارودۆخی ئێستای کورد ڕووبەڕووی قەیرانێکی مەترسیدار بووەتەوە**

**تائێستاش لەگەڵدا بێت، هەرێمی کوردستان تووشی بێسەروبەری و تێکچڕژانی بەرژەوەندییە حزبییەکان و ململانێی بێ پاساو بووەتەوە**

لەمەدا کۆتاییهێنانە بە قەوارەی هەرێم و هەڵتەکاندنی لە ڕەگ و ڕیشەوە، کە لە کۆتاییدا ئایدیۆلۆجیەتی پاشکۆیەتی و وەلای زۆرەملێ بەسەر میللەتەکان دەسەپێنن.

زۆربەی هاووڵاتیان دەپرسن چۆن بتوانین چارەسەرێك بۆ ئەو دۆخە نالەبار و مەترسیدارە دەستنیشان بکەین، بەتایبەتیش کە واقیع ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئەگەر ئەو ململانێ و ناکۆکییانە بەردەوام بن، تەنیا بێسەروبەری و پاشاگەردانی و دووبارەبوونەوەی کارەسات و لەدەستدانی دەرفەتی بەردەم میللەتەکەمان بۆ وەدەستهێنانی گشت مافە نەتەوەییەکانی لێ دەکەوێتەوە؟

چارەسەری ڕاستەقینە لە هەرێمی کوردستان لە دەست حزب و ڕەوت و لایەنە سیاسی و ئایینی و نەتەوەییەکاندایە، کە زۆر پێویستە ئەو لایەنانە ددان بە هەڵە و چەوتییەکان و خراپ بەڕێوەبردنی قەیرانەکانی خۆیاندا بنێن، دواجار چاو بە ئاستی ناکۆکییەکان و هەڵسەنگاندنی واقیعەکەدا بخشێننەوە، بۆیە دەبێت هەموو لایەك هەڵوێستەکانیان لەهەمبەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستاندا یەك بخەن، بەتایبەتیش کە ناکۆکییەکان لە پرسە فیکرییەکان، یان ئایدیۆلۆجییەکاندا نین، بەڵکو لە دید و تێڕوانینی تەسکی حزبی و بەرژەوەندیخوازیدان.

هەندێ حزب هەن خەمی سەرەکی و ئامانجی لەپێشینەیان، تانەدانە لە دامەزراوەکانی هەرێم و بەدیارخستنی نەرێنییەکان، بێ ئەوەی چارەسەر و شیکارێکی گونجاویان بۆ بارودۆخەکە لەباردا بێت. حزبەکان لە دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا کێبڕکێ لەسەر بەرنامەی خزمەتگوزاری دەکەن بۆ کۆمەڵگەکەیان، هەروەها دەرخستنی لایەنی کەمتەرخەم لە سیاسەتی حکومەتدا، جگە لە خستنەڕووی چارەسەرگەلی گونجاوی زانستی و لۆژیکی، ئەو حزبانە کێبڕکێ ناکەن لەمیانی تانە لێدان، یان ناوزڕاندنی سیاسیی لایەنەکانی دیکە، یان لە ڕێی دەستنیشانکردنی قەیرانەکان بێ ئەوەی چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە، کەچی لە هەرێمی کوردستاندا، ڕکابەری و شەڕی میدیایی و پڕۆپاگەندەی ساختە و دوور لە ڕاستی لەئارادایە.

یەکخستنی هەڵوێستەکان کە زۆر پێویستە، مانای ئەوە نییە ڕووبەری کێبڕکێ و ململانێی تایبەت بە جیاوازیی دیدو بۆچوون پشتگوێ دەخەین لە چوارچێوەی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و هەرێم، بەڵکو زۆر پێویستە ڕووبەری ناکۆکییەکانی تەسکی حزبی ببینەوە، کاتێ پەیوەست دەبن بە پرسە چارەنووسسازەکان، هاوکات کارکردن بۆ بەردەوامبوونی قەوارەی هەرێم، بە پێچەوانەوە دۆخی کورد هەمیشە لە بێسەروبەری و پاشاگەردانی و نیگەرانیدا دەمێنێتەوە، دواجار بەرەو تونێڵێکی تاریك هەنگاو دەنێین.

پێویست لێرەدا بڵێین، ئەوەی بۆ گەلەکەمان گرنگە، پڕوپاگەندە و بانگەشە و بەرزکردنەوەی دروشم نییە، بەڵکو خستەڕووی پراکتیکیی کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانە، لەپاڵ دانانی چارەسەرگەلێکی لۆژیکی و یەکخستنی هەڵوێستە سیاسییەکان لەهەمبەر پرسە ستراتیجییەکاندا، گرنگ ڕەفتاری کردارەکی و پراکتیکی ئامانجدارە بۆ پارێزگاریکردن لە مافەکانی گەلەکەمان، هەروەها بەردەوامبوون و بەهێزبوونی دامەزراوەکانی قەوارەی هەرێم.

ئەو کاتە بەسەر چوو، کە هەر حزبێك، یان ڕەوتێکی سیاسیی نەتەوەیی، یان ئایینی بانگەشەی ئەوە بکات، گوایە خەمی ئامانجەکانە و خۆی نوێنەری گەلەکەیەتی، لەمەشدا بە پاساوی ئایدیۆلۆجی بۆ ئەوەی باڵادەست بێت و جەماوەر لەخشتە ببات. ئێستا جەماوەر چاك دەزانێت کە شەرعییەتی نوێنەراتیکردنی ئەو لە ڕێگەی دروشمی بریقەدارەوە نییە، یان بە زۆرەملێ ئیرادە و ویستی بسەپێنێت و، بە ڕابردوویدا هەڵبڵێت، یان لە ڕێی قۆستنەوەی کارەسات و مەینەتییەکان کە جەماوەر لە سایەی ڕژێمی پێشوو پێیاندا تێپەڕیوە، بەڵکو ئەمە بە داکۆکیکردنی ڕاستەقینەی بەرژەوەندییەکانی جەماوەر دێتە دی.

بەڵێ، پرسی فرەچەشنیی فیکری شتێکی سرووشتییە، بەڵکو پرسێکی گشتییە، بەڵام جیاوازی هەیە لەنێوان فرەیی و کێبڕکێ لە خستنەڕووی ئەو بەرنامانەی خزمەت بە کۆمەڵگە دەکەن و، لەنێوان ململانێ لەپێناو سەپاندنی هەژموون و قەڵەمڕەوی و نکۆڵیکردن

لە بوونی کەسانی دیکە و، هەوڵی قۆستنەوەی گۆڕەپانی سیاسی، بۆ مەبەستی خۆشکردنی ئاگری دووبەرەکی و بڵاوکردنەوەی ڕق و کینە لەنێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا.

فرەیی سیاسی و فیکری و ناکۆکی لە خستنەڕووی بابەتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا شتێکی باشە، کە ئامانجی سەرەکی بریتییە لە پاراستنی ناسنامە و یەکێتیی قەوارەی کۆمەڵگەی کوردستان و داکۆکیکردن لە ماف و بەرژەوەندییەکانی، بەڵام کاتێك فرەیی بە مانای ململانێ و سەپاندنی هەژموون و ڕەتکردنەوەی ئەوانی دیکە دێت، ئەو کاتە پەل دەکێشێت بۆ پەراگەندەیی و جودایی و ململانێی ناعەقڵانی، دیارە شەڕی ناوخۆ کە کارەساتێکە و کارێکی باش نییە و مەترسیدارە و ئەنجامی باشی لێ ناکەوێتەوە، بەتایبەتی کە دەبینین ململانێ هەیە لە نێوان بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵێك لە لایەنە بیانییەکان لەپێناو دەستگرتن بەسەر هەرێم و هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەکان و لەقاڵبدان و سەپاندنی دەسەڵات و هەژموون بەسەر ئەم قەوارەیەدا.

چارەسەرکردنی دۆخی ئێستای کورد لە ڕێی دروشمەوە مەیسەر نابێت، بەڵکو بە پێداگری لەسەر ماف و یەکێتیی کۆمەڵگەی کوردستانی، پێویستە توێژینەوە و بەدواداچوون بکرێت بۆ هۆکارەکانی تراژیدیا و مەینەتییەکانی گەلەکەمان، ئەو کارەساتانەی کە تا ئێستا میللەتەکەمان ڕووبەڕوویان بووەتەوە، ئاسەوارەکانی شەڕی ناوخۆ و دەرککردن بە مەترسییە ڕاستەقینەکان و گەیشتن بە دانانی چوارچێوەیەکی گشتیی هاوبەش، کە هەموو لایەك کاری پێ بکەن، بەپێی پێوەری بەها سیاسی و مۆراڵ و پابەندبوونەوە، هەروەها تەسککردنەوەی ڕووبەری ناکۆکییەکان لە بۆچوون و دیدگاکاندا، پەیوەست بە چارەنووس و ئایندەی هەرێم و بەهێزکردنی دامەزراوە مەدەنی و سەربازییەکان، هەروەها پابەندبوون بە بەهاکانی پیادەکردنی دیموکراسی و بەرهەڵستیکردنی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی، یان بەردەوامبوون لە چەسپاندنی ناکۆکییەکان، بەهۆی بەرژەوەندیی تەسکی حزبی و تاکەکەسی، ئەمەیان بە مانای لاوازکردنی قەوارەی هەرێم و لەدەستدانی قوربانییەکان و خەباتی چەندین ساڵی سەختە، کە مەرامیان وێرانکردن و لەناوبردنی هەموو ئەو دەستکەوتانەیە بە قوربانی و خوێنی شەهیدان هاتوونەتە دی، هاوکات نەوەکانی دادێ، تووشی دۆخی بێباکی ببن و ئینتیمایان بۆ گەل و نیشتمان نەمێنێت، دواجار سووکایەتیکردن بە هەموو بەها سیاسی و مۆراڵییەکان، دیسان لاوازکردنی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی، هەروەها بڵاوکردنەوەی کەلتووری چۆکدادان و ملکەچی بۆ دوژمنانی گەلی کوردستان، ئەمە جگە لە بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و ماددەی هۆشبەر و نەخۆشی و تاوان.

«جێگەی داخە، کە بڵێین: دۆخی کورد وەك دۆخی دەوڵەتی ئەمەوی لە ئەندەلووس وایە، کاتێك سوپای داگیرکەران شارەکانیان داگیر دەکردن و، قەوارەکانیان لەناو دەبردن، کەچی فەقیهەکانی دەوڵەت و پیاوەکانیان خەریکی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بوون: «ئایا خوێنی مێش حەڵاڵە، یان حەرامە؟» بۆیە دەبینین هەر حزبێکی سیاسی لە کوردستان بانگەشەی ئەوە دەکات، کە گوایە حکومەتی بەغدای ناچار کردووە، مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان بنێرێت، یان پێکهاتەکانی نەوت بۆ شارەکانی کوردستان بهێنێت، یان پشکی کوردستان لە دەرمان و شایستەکانی جووتیاران بنێرێت، ئەوەیان پشتگوێ خستووە کە داکۆکی لە مافە دەستوورییەکانی قەوارەی هەرێم و بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان بکەن، یان بە نەبەزی و خۆڕاگرییەوە دژی پیلانەکانی دوژمنان بوەستنەوە، کە مەبەستیان لەناوبردنی قەوارەی هەرێمە. کاتی ئەوە هاتووە هەموو لایەك دەرك بە مەترسییە ڕاستەقینەکان بکەن، کە ڕووبەڕووی واقیع و بوونی قەوارەی هەرێم دەبنەوە، چونکە سەرەتاکانی ئەو گەردەلوولە دەرکەوتووە کە لە هەموو لایەکەوە هەڵدەکات، بۆ بەئامانجگرتنی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، بۆیە با دەستکەوتەکانی گشت قوربانییەکانی گەلەکەمان لەدەست نەدەین، لەپێناو کێشە و ناکۆکیی تەسکی تایبەتی و حزبی، چونکە بەرژەوەندیی گەلی کوردستان لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە.



**تائێستا و بەردەوامیش لایەنە بیانییەکانی ئەو دیو سنوور لە هەوڵی نانەوەی دووبەرەکی و ناکۆکییەکاندان، ئامانجیشیان لەمەدا کۆتاییهێنانە بە قەوارەی هەرێم و هەڵتەکاندنی لە ڕەگ و ڕیشەوە**

**چارەسەری ڕاستەقینە لە هەرێمی کوردستان لە دەست حزب و ڕەوت و لایەنە سیاسی و ئایینی و نەتەوەییەکاندایە، کە زۆر پێویستە ئەو لایەنانە ددان بە هەڵە و چەوتییەکان و خراپ بەڕێوەبردنی قەیرانەکانی خۆیاندا بنێن**

**هەندێ حزب هەن خەمی سەرەکی و ئامانجی لەپێشینەیان، تانەدانە لە دامەزراوەکانی هەرێم و بەدیارخستنی نەرێنییەکان، بێ ئەوەی چارەسەر و شیکارێکی گونجاویان بۆ بارودۆخەکە لەباردا بێت**


**ئێستا جەماوەر چاک دەزانێت کە شەرعییەتی نوێنەراتیکردنی ئەو لە ڕێگەی دروشمی بریقەدارەوە نییە، یان بە زۆرەملێ ئیرادە و ویستی بسەپێنێت و، بە ڕابردوویدا هەڵبڵێت**




# ١٠٠ ساڵە ئەنفال و جینۆساید

## بە ڕێگە و شێوازی جیاواز لە دژی گەلی کوردستان بەردەوامیی هەیە







کوردستان لەو کاتەوەی بە عێراقەوە لکێندراوە، هەر لە سەردەمی پاشایەتییەوە تاکو ئێستا گەلەکەی بە شێواز و ڕێگەی جۆراوجۆر کۆمەڵکوژ دەکرێت. پرۆسەکانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی و ئەنفالی بارزانییەکان و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ئەنفالی ناوچەکانی گەرمیان و بادینان و جافایەتی و قەرەداغ و ڕواندوز. کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لەلایەن ڕژێمی بەعس دەستی پێ کرا و لە ساڵی ١٩٨٨ ئەم تاوانە قێزەونەی گەیاندە لووتکە و دەیان ناوچەی دیکەی کوردستانی وێران کرد، ٩٠٪ی گوندەکانی کوردستان و چەندین ناحیە و قەزای لەسەر نەخشە سڕییەوە و خەڵکەکەی ڕاپێچی ئۆردوگا زۆرەملێکان کردن، تەنانەت بۆ ئەوەی سوود لە ڕەز و باخەکانیشیان وەرنەگرن، سیاسەتی سووتماککردنی خاکیان پەیڕەو کرد و کێڵگەکانیان مینڕێژ کرد.

بە ڕووخانی ڕژیمی بەعس و سەدام، ئەم پرۆسەیە کۆتایی نەهات، بەڵکو بە شێوازی جۆراوجۆر و لە ژێر ناوی دیکەدا بەردەوامیی هەبووە. بینیمان لە ساڵی ٢٠١٤ کاتێك تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر شنگال، چۆن برا ئێزدییەکانیان بە گەنج و پیرەوە جینۆساید کرد و چۆن ژنان و کچانی ئێزدییان کردە کەنیزەك بۆ خۆیان، ئەم کردەوەیە بە نەفەسێکی پیسی شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستی بۆ قڕکردن و سڕینەوەی نەتەوەی کورد ئەنجام دراوە و، دوورە لە هەموو عورف و ئەخلاقێکی مرۆڤایەتییەوە. ئەنفال و سەرجەم پرۆسەکانی جینۆساید کە دژی کورد و کوشتنی منداڵ و خەڵکی سڤیل و بێسەروشوێنکردنی زیندانییان و لەسێدارەدانیان هەر لە چوارچێوەیەکی تاوانی نێوخۆییدا ئەنجام نەدراوە، بەڵکو بە هەموو پێوەر و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان جینۆسایدەکان مۆرکێکی تاوانی نێودەوڵەتیی هەیە، ئەم جۆرە تاوانانەش بە تێپەڕبوونی کات تاوانباران و تاوانەکەش کۆن نابێت و لە ڕووی یاساییەوە ناسڕێتەوە.

ئەو عەقڵییەتە شۆڤێنییەی گەلی کوردستان ڕەت دەکاتەوە، بەردەوام بە شێواز و ڕێگە و پاساوی جۆراوجۆر بەردەوامیی بە ڕەوایەتی بەو جینۆسایدە داوە و، لەگەڵ ئەوەی ڕژێمی پێشووی بەعس ڕووخا و بە حیساب هەنگاومان بۆ عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتی و فرەیی و پەرلەمانی هەڵگرت، بەڵام ئەقڵییەتی سڕینەوەی کورد و گوشارەکان بە شێوازی جیاوازی ئابووری و هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان هەر بەردەوامە و، هەوڵەکانیان بە بڕینی مووچە و بودجەی هەرێمی کوردستان و ڕێگرتن لە فرۆشتنی نەوتی کوردستان، هەوڵێکی دیکە بۆ بەردەوامیدان بە جینۆسایدکردنی گەلی کوردستان و نەمانی قەوارەی هەرێمی کوردستان بووە.

ئەمڕۆ کە یادی هەموو پرۆسەکانی ئەنفال و جینۆساید دژی گەلەکەمان دەکەینەوە، ئەگەر پەند و وانە لەو مێژووە تاڵە وەرنەگرین، ئەوا ئەنفال و جینۆساید بە ڕێگە و شێوازی جۆراوجۆر و لە دژی کوردستان هەر بەردەوامییان دەبێت.




پڕۆفیسۆر دکتۆر محەمەد ئیحسان

ئوستاد و توێژەر لە زانکۆی ییڵ بۆ گوڵان:

# ئەگەر کورد زۆر بە ئاگا و وریا نەبێت و پەند و وانە لە ڕابردوو وەرنەگرێت، تاوانی جینۆساید دووبارە دەبێتەوە

# برسیکردن و بڕینی بودجە و مووچە و بەکارهێنانی کارتی جەنگی ئابووری، جۆرێکە لە دژایەتیکردن و ئەنجامدانی جینۆساید بەرامبەر کوردستان

**جینۆساید بووەتە مۆرکێك بە دەوڵەتی عێراقەوە و کورد لەوەتەی بەم دەوڵەتەوە لکێندراوە، هەر بەشی مەینەتی و جینۆساید بووە، لەوەش مەترسیدارتر حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە، ددان بەم تاوانەدا نانێن و ئینکاریشی دەکەن. بۆ قسەکردن لەسەر کەیسی ئەنفال و هەنگاوەکانی بە نێودەوڵەتیکردنی جینۆسایدی کورد، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد ئیحسان ئوستاد و توێژەر لە زانکۆی ییل سازدا، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

**کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کە عێراق بە وڵاتێک ناسراوە کە تاوانی جینۆسایدی ئەنجام داوە**

*** کورد لەوەتەی لکێندراوە بەم دەوڵەتەی عێراقەوە، چارەنووس و بەشی هەر جینۆساید و دەربەدەری و مەینەتی بووە، بەو پێیەی ئێوە پسپۆڕ و شارەزان لەبواری جینۆساید و کۆمەڵکوژیی کورد، دەکرێت سەرەتای پرسیارەکەمان بەوە دەست پێ بکەین ئایا تا چەند عێراق لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بە دەوڵەتی ئەنجامدەری جینۆساید ناسراوە، بەتایبەتی دژی کورد وەکو نەتەوەیەکی سەرەکی لەم دەوڵەتەدا؟**

- پرسیارەکەتان چەند تەوەرە و لایەنێك لەخۆ دەگرێت. سەرەتا کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کە عێراق بە وڵاتێك ناسراوە کە تاوانی جینۆسایدی ئەنجام داوە و، بە ڕوونی چەمکی جینۆسایدی لەسەر پیادە دەکرێت. لە مێژووی دامەزراندنی ئەم دەوڵەتەوە جینۆسایدی تێدا ڕوو دەدات، بەتایبەتی دژی نەتەوەی کورد بەهەموو پێکهاتەکانیەوە، هۆکاری ئەم جینۆسایدەش دژ بە کورد زۆرە، هەروەکو چۆن شێوازی جینۆسایدەکەش لە زەمەن و قۆناغێکەوە بۆ زەمەن و قۆناغێکی دیکە جیاوازی هەیە، یەکەمین هۆکاریش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە عێراق لە بنەڕەتدا لە ژمارەیەك نەتەوە و پێکهاتە و ئایین و ئایینزای جیاواز پێك هاتووە، بۆ نموونە نەتەوەکانی کورد و عەرەب و تورکمان و کلدو ئاشووری و ئەرمەنی تێدایە، لە ڕووی ئایینیشەوە چەندین ئایینی وەك ئیسلام و مەسیحی و ئێزدی و کاکەیی و پێشتر جووی تێدا بووە، هەموو ئەم نەتەوە و پێکهاتانەش ناکۆکی و جیاوازیی قووڵیان لە نێواندا هەبووە و، لە قۆناغە مێژووییەکاندا شەڕ و جەنگ و ململانێی خوێناوی لە نێوانیاندا ڕووی داوە و کۆمەڵگەی عێراقیان زیاتر دابەش کردووە، لەوەتەی گەلی کوردیش هەیە لە چوارچێوەی ئەم عێراقەدا بە ماف و ئازادییەکانی نەگەیشتووە و بەردەوام هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەکەیان داوە،



**لەو دەمەی عێراق بووەتە دەوڵەت تا ئێستا کار بۆ سڕینەوەی برینەکانی ڕابردوو نەکراوە، بەردەوام نەتەوە حاکمەکان بە زەبری هێز و چەکداری کاریان بۆ پاوانخوازیی دەسەڵاتەکانیان کردووە**

**کۆمەڵگەکانی ناو عێراق بە گەشە سرووشتییەکەی خۆیاندا تێپەڕ نەبوون، تا دەوڵەتی دامەزراوەیی و دەستووری و یاسایی جێگەی پاوانخوازیی دەسەڵاتەکان و سڕینەوەی ئەوی دی بگرێتەوە**

بەمەش هەرگیز عێراق خاوەنی یەك کۆمەڵگە و ناسنامەیەکی هاوبەشی نەتەوەیی و ئایینی و نیشتمانی نەبووە، هیچ کام لەم نەتەوە و ئایینانە ناسنامە نیشتمانییەکەیان پێش ناسنامە نەتەوەیی و ئایینییەکەیان نەخستووە، کورد پێش ئەوەی عێراقی بێت کوردە و عەرەبیش پێش ئەوەی عێراقی بێت سوننەیە، یان شیعەیە و تورکمان و مەسیحی و نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکەش بەهەمان شێوە، تەنانەت ئەوانەی ئیدعای عێراقیبوونیشیان کردووە بۆ دژایەتیی کورد، یان بۆ دەستکەوت و بەرژەوەندیی کاتی و شەخسی و لێدانی ئەوەی دیکە بووە و، بۆ وادەیەکی کەم شانازییان بە عێراقیبوونیانەوە بۆ مەرام و بەرژەوەندیی شەخسی و لێدانی ئەوانی دیکە کردووە، یان بۆ بەدەستهێنانی پۆست و دەستکەوتی ماددی باسی عێراقچێتییان کردووە، ئەمەش لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستیی زۆر هەڵدەگرێت. لەو دەمەی عێراق بووەتە دەوڵەت تا ئێستا کار بۆ سڕینەوەی برینەکانی ڕابردوو نەکراوە، بەردەوام نەتەوە حاکمەکان بە زەبری هێز و چەکداری کاریان بۆ پاوانخوازیی دەسەڵاتەکانیان کردووە، لەبری ئەوەی کار بۆ چەسپاندنی مافە نەتەوەیی و ئایینییەکانی نێوان ئەم نەتەوە و پێکهاتە و ئایین و ئایینزا جیاوازانە بکرێت، بەمەش کۆمەڵگەکانی ناو عێراق بە گەشە سرووشتییەکەی خۆیاندا تێپەڕ نەبوون، تا دەوڵەتی دامەزراوەیی و دەستووری و یاسایی جێگەی پاوانخوازیی دەسەڵاتەکان و سڕینەوەی ئەوی دی بگرێتەوە، بە پێچەوانەوە بەردەوام دامەزراوە حکوومی و سەربازییەکان و دادگا و دامەزراوەکانی دیکەی مەدەنی لە عێراقدا بۆ گرووپێکی توندڕەو و چەکدار پاوانخواز کراوە و لەدژی ئەوانی دیکە و قەتڵوعامکردن و سڕینەوەی ناسنامەکەیان بەکار هێنراون. ئالێرەدا کورد لە هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکە زیاتر ئازار دراوە و جینۆساید و دژایەتی ناسنامە نەتەوەییەکەی کراوە، بەردەوام کار بۆ سڕینەوەی ئەم ناسنامە و کەلتوور و ڕەسەنایەتییەی بە دڕندەترین شێوە کراوە. لە مێژووی دامەزرانی دەوڵەتی عێراقەوە زنجیرەیەکی لەدوای یەك جینۆسایدی کورد کراوە، لەوانەش جینۆسایدی کوردانی فەیلی و ئەنفالی بارزانی و بادینان و گەرمیان و کیمیابارانی هەڵەبجە و وێرانکردنی گوندەکان و شاڵاوەکانی تەرحیل و تەعریب و دەیان



تاوانی دیکەی زیندانیکردن و بێسەروشوێنکردنی بەکۆمەڵی کورد، هۆکاری ئەم تاوانانەش کە دەچێتە قاڵبی تاوانی نێودەوڵەتی و جینۆسایدەوە، تەنیا لەبەر کوردبوون و بەرگریکردن لە شوناسە نەتەوەیی و کەلتوورییەکەی بووە، هەموو ئەمانەش نیشانەیەکی ڕوونن بۆ لاوازیی دەسەڵاتی دەوڵەت و دامەزراوە دەستووری و یاسایی و سەربازییەکان و وەزارەت و دامودەزگاکانی، کە لەبری ئەوەی بە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیان هەڵسن و وڵات بەرەو دامەزراوەیەکی مەدەنی و پێشکەوتوو ببەن، بوونەتە ئامرازێك بەدەست کەسانی شۆڤێنی و گرووپی جیاوازی چەکدارییەوە، بۆ ئەوەی بە ناوی جۆراوجۆر و لە قۆناغ و شێوازی جیاوازدا بەردەوامی بەم تاوانە نێودەوڵەتییانە بدەن، کە دوورە لە هەموو عورف و بنەمایەکی ئەخلاقی و ئایینی و دەستووری و یاساییەوە، تەنانەت بەپێی ئەو ماددانەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و پەیماننامە جیهانییەکانیش نەبووە کە عێراق خۆی واژووی کردووە و ئەندامە تێیدا، ئەم وڵاتە لەوەتەی دروست بووە، عەشقی بەسەربازیکردن و خوێنڕشتن و شەڕ و شۆڕی تێدایە، بە ڕادەیەك فەخرکردن بە کوشتن و لەناوبردنی بەرانبەرەوە دەکرێت و بە بەشێك لە سەرکەوتن لە قەڵەم دەدرێت، هەر ئەمەشە وای کردووە، کەلتووری لێبووردەیی و پێکەوەژیانی تێدا کەم بێت، نەتوانراوە بگەینە قۆناغی ئاشتبوونەوە و لێکتێگەیشتن و پێکەوەژیان. لە سەردەمی دوای عوسمانییەکانەوە تاکو ئەمڕۆ ئەم واقیعە تاڵەی شەڕ و خوێنڕشتن بەردەوامیی هەیە و تاکو زەمەنێکی دیکەش هەر بەردەوامی دەبێت، لەمەش خراپتر ئینکار و ڕەتکردنەوەی تاوانەکانە، ئەمەش خاڵێکی مەترسیدارە، چونکە ئەگەر مرۆڤ و کۆمەڵگە و دەسەڵاتەکان بەخۆداچوونەوەیان نەبێت و ددان بە تاوان و جینۆسایدەکاندا نەنێن، ئەوا تاوان و جینۆساید ئەگەرێکی زۆری هەیە دووبارە ببێتەوە .

*** ئەمە خاڵێکی مەترسیدارە کاتێك حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق و ڕژێمەکان کە میراتگری دەسەڵاتەکانی پێش خۆیانن، بەتایبەتی لە مەسەلەیەکی وا مەترسیداری جینۆسایددا، ئینکاری دەکەن، یان بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی و مێژوویی هەڵناگرن. ئایا ئەم حاڵەتە نامۆیەی عێراق چۆن چارەسەر دەکرێت؟**

**ئەم وڵاتە لەوەتەی دروست بووە، عەشقی بەسەربازیکردن و خوێنڕشتن و شەڕ و شۆڕی تێدایە، بە ڕادەیەک فەخرکردن بە کوشتن و لەناوبردنی بەرانبەرەوە دەکرێت و بە بەشێک لە سەرکەوتن لە قەڵەم دەدرێت**

**ئەگەر مرۆڤ و کۆمەڵگە و دەسەڵاتەکان بەخۆداچوونەوەیان نەبێت و ددان بە تاوان و جینۆسایدەکاندا نەنێن، ئەوا تاوان و جینۆساید ئەگەرێکی زۆری هەیە دووبارە ببێتەوە**

- بەداخەوە دوای جینۆسایدەکە عەقڵییەتەکان نەگۆڕدراون و تەنیا دەموچاوەکان و شێوازی حوکمڕانەکە بە ڕووکەشی گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، من ئاماژەم پێدا، ئینکارکردنی تاوان و کۆمەڵکوژی مانای وایە ڕەوایەتی بەو تاوانە نێودەوڵەتییە دەدەیت، تەنانەت هیچ زەمانەتێك بۆ کورد نییە، کە تاوانی جینۆسایدی بەرانبەر ئەنجام دراوە لەم عێراقەدا، کە بۆ جارێکی دیکە دووبارە نەبێتەوە. من بەپێی شارەزایی و پسپۆڕایەتیم لە جینۆسایددا، وای دەبینم ئەگەر کورد زۆر بەئاگا و وریا نەبێت و پەند و عیبرەت لە ڕابردوو وەرنەگرێت، ئەوا تاوانی جینۆساید دژ بە کورد دووبارە دەبێتەوە. ئەی ئەوە نییە جینۆسایدی کوردانی ئێزدی دووبارە بووەوە، یان برسیکردن و بڕینی بودجە و مووچە و بەکارهێنانی کارتی جەنگی ئابووری ئایا جۆرێك نییە لە دژایەتیکردن و جینۆسایدی کورد؟ لەم عێراقەدا قوربانی بووە بە جەلاد، حزبی شیعەی وا هەبووە لە زەمەنی ڕژێمی بەعسدا قوربانی بووە، کەچی ئێستا بووەتە جەلاد دژی سوننە و کورد و بە موشەکی کاتیوشا و درۆنی بۆمبڕێژکراو و موشەکی گراد پەلاماری کوردستان و دامەزراوەکانی دەدەن، هەموو شێوازەکانی دیکەی گەمارۆ و بڕینی بودجە و مووچە و ڕێگرتن لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بەکاردەهێنن. لە ساڵی ١٩٤٨ ـەوە ڕافائیل لێمکین یاساناسی پۆڵۆنیا کە زاراوەی جینۆسایدی داهێنا و لە ئەنجامدا نەتەوە یەکگرتووەکان پەیماننامەی بەرەنگاربوونەوە و سزای تاوانی جینۆسایدی لە پاریس واژوو کرد، ئا لەو کاتەدا لێمکین پێی وابوو ئەم پەیماننامەیە ڕێگە نادات، جارێکی دیکە جینۆساید دووبارە ببێتەوە، من پێم وایە بۆچوونەکەی وا دەرنەچوو، جینۆساید لە جیهان و دژ بە گەل و نەتەوەی جیاواز لە ڕیزبەندی پێشەوەیان کورد، لەو مێژووە تاکو ئێستا چەند بارە بووەوە.

*** لە سەرەتای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣وە جۆرێك لە گرنگیدان بە دۆسیێ گەڕان بەدوای گۆڕەبەکۆمەڵەکان و دۆسیێ جینۆسایدی کورد لە شاڵاوی ئەنفالەکان هەبوو، بەڵام دواتر پشتگوێ خرا. ئایا هۆکاری ئەم پشتگوێخستنەی دۆسیێ ئەنفال و جینۆساید و قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەگەرچی دادگاکانی عێراق و پەرلەمان دانیان بە تاوانی جینۆسایدی کورددا ناوە، بەڵام کەمتەرخەمیی کورد لە جووڵاندن و بەمارکێتکردنی کێشەکانی خۆی هۆکاری سەرەکیی پشتگوێخستنی دۆسیێ جینۆسایدە، چونکە دداننان بە تاوانی جینۆساید، دەبێت کۆمەڵێك ڕێکاری یاسایی و قەرەبووکردنەوە و دۆزینەوەی ڕوفاتی بێسەروشوێنەکان و ڕێزگرتن لە ماف و شایستە داراییەکانی ئەو نەتەوەیەی بەدوادا بێت، کە ڕووبەڕووی قڕکردن و جینۆساید بووەتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە کورد خۆی نەیتوانیوە ئەم جینۆسایدە بکاتە بابەتێکی سەرەکی و عەقڵییەت و ڕەفتاری عەرەبەکانی بەرانبەر کورد پێ بگۆڕێت و لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بیناسێنێت، ئەوەتا تەنیا لای نەتەوەی کورد و تەنیا لە مانگی نیساندا باسی ئەنفال دەکرێت، لەکاتێکدا ڕۆڵی حزبە کوردستانییەکان و پەرلەمان و دامەزراوەکانی دەوڵەت و تەنانەت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییش لەم ڕووەوە زۆر لاوازن. لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، من یەکەم کەس بووم لە بیابانەکانی عێراق گۆڕەبەکۆمەڵەکانم دۆزییەوە و ژمارەیەکی زۆری ئێسك و پروسکی ئەنفالەکانم گەڕاندەوە زێدی باوك و باپیرانیان، گرفتەکە لەوەدا بوو، لە دوای من کەسێکی دیکە بەم کارە هەڵنەستا، ئەم کارەم بە بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی دانا، کۆمەڵێك دیکۆمێنت و بەڵگەنامەمان لە بەردەستدا بوو، واقیعییانە سەیری بابەتەکەمان کرد و دوو سێ ساڵی پێ چوو، تاوەکو گۆڕەبەکۆمەڵەکانمان دیاری کرد و دەستمان بە دەرهێنانی ڕوفاتەکان کرد. زۆر پێویست بوو کەیسەکە یەکلا بکەینەوە، بەتایبەتی لە جینۆسایدی بارزانییەکان کە پیاوەکانیان بێسەروشوێن کرابوون، گرفتێکی کۆمەڵایەتیشی لێ کەوتبووەوە. لە ساڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٥ و دواتر ٢٠١٣ چەند وەجبەیەکی ڕوفاتی ئەنفالەکانمان هێنایەوە و لە کۆتاییدا کەیسەکەمان تەسلیمی وەزارەتی شەهیدانی هەرێمی کوردستان کرد.

**دوای جینۆسایدەکە عەقڵییەتەکان نەگۆڕدراون و تەنیا دەموچاوەکان و شێوازی حوکمڕانەکە بە ڕووکەشی گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە**

**ئینکارکردنی تاوان و کۆمەڵکوژی مانای وایە ڕەوایەتی بەو تاوانە نێودەوڵەتییە دەدەیت**

**برسیکردن و بڕینی بودجە و مووچە و بەکارهێنانی کارتی جەنگی ئابووری ئایا جۆرێك نییە لە دژایەتیکردن و جینۆسایدی کورد؟**

**حزبی شیعەی وا هەبووە لە زەمەنی ڕژێمی بەعسدا قوربانی بووە، کەچی ئێستا بووەتە جەلاد دژی سوننە و کورد و بە موشەکی کاتیوشا و درۆنی بۆمبڕێژکراو و موشەکی گراد پەلاماری کوردستان و دامەزراوەکانی دەدەن**



*** ئایا چی بکرێت تاوەکو کەیسی جینۆسایدی کورد و شاڵاوی ئەنفالەکان بە زیندوویەتی بهێڵدرێتەوە و ڕێگە نەدرێت ئەم تاوانە دڕندانەیە لە عێراقدا دووبارە ببێتەوە؟**

- بابەتی جینۆساید و گەیاندنی ڕاستییەکانی جینۆسایدی کورد، ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، هەرچەندە ئەمە کاری من نییە، هەڵسەنگاندن بۆ کاری ئەو بەرپرسانە بکەم کە ئەم ئەرکەیان لەئەستۆ گرتووە، بەڵام بە ڕوونی دیارە وەکو پێویست گرنگیی پێ نەدراوە، دەبێت لە بواری ئەکادیمی و زانستیدا کاری جددی و گەورەی لەسەر بکرێت و لەگەڵ ناوەندە گەورەکانی لێکۆڵینەوەی جیهانیدا کاری لەسەر بکرێت و، لە زانکۆکانی واشنتۆن و هارڤەرد و ئینگلترا و سوید و وڵاتانی دیکەی جیهان کاری زانستییانە و پرۆفیشناڵانەی تێدا بکرێت، ئەم کەیسە نابێت بە سیاسی بکرێت، سەرەتا لە ڕووی یاسایی و مرۆڤایەتی و ئەخلاقییەوە دەبێت کاری لەسەر بکرێت.

*** لە سەرەتای قسەکانتدا زۆر جەختت لەسەر ئەوە کردەوە، کە هیچ زەمانەتێك نییە بەوەی لەم عێراقەدا جینۆساید دژی کورد دووبارە نەبێتەوە. ئایا چی بکرێت تاوەکو بە لانیکەم ئەم جینۆسایدە بەو شێوە فراوان و مەترسیدارە دووبارە نەبێتەوە؟**

- ئەم عەقڵییەتی ڕەتکردنەوەی ئەوی دیکە و ئینکارکردنی جینۆساید و دەستتێوەردانی دەرەکی و چەندین بابەتی دیکەی نائومێدی وەکو ململانێی سیاسیی توند لە نێوان هەرێم و بەغدا، هەمووی وا دەکەن، بڵێین: ژیانی شەش ملیۆن کەس لە مەترسیدایە، ئەوەتا بڕینی قووتی شەش ملیۆن کەس و نەدانی مووچە و بودجەی هەرێم، لە کاتێکدایە کە بەغدا ڕێگە نادات کورد نەوتەکەی خۆی بفرۆشێت، ئەمەش جۆرێکی دیکەی جینۆسایدە بە شێوازێکی دیکە و جەنگی ئابوورییە لە ژێر پەردە و پاساوێکی دیکەدا، بۆیە دەبێت سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و حزبە کوردستانییەکان زۆر بە وردی و جددی لەسەر بابەتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و دۆسێی ئەنفال و جینۆسایدی کورد کار بکەن و ڕێگەش نەدەن هیچ لایەنێکی سیاسی لە هێڵە گشتییەکانی پیرۆزی نەتەوەیی و نیشتمانی لابدات.

**دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، من یەکەم کەس بووم لە بیابانەکانی عێراق گۆڕەبەکۆمەڵەکانم دۆزییەوە و ژمارەیەکی زۆری ئێسک و پروسکی ئەنفالەکانم گەڕاندەوە زێدی باوک و باپیرانیان**

**دەبێت سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و حزبە کوردستانییەکان زۆر بە وردی و جددی لەسەر بابەتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و دۆسێی ئەنفال و جینۆسایدی کورد کار بکەن و ڕێگەش نەدەن هیچ لایەنێکی سیاسی لە هێڵە گشتییەکانی پیرۆزی نەتەوەیی و نیشتمانی لابدات**



**سەلاح کەرکووکی**
ڕێکخەری کاروباری ناساندنی تاوانەکانی جینۆساید لە سوید و یەکێتیی ئەورووپا بۆ گوڵان:

# جینۆساید وەکو تاوانێکی نێودەوڵەتی سەیر دەکرێت و بە هیچ شێوەیەک فاکتەری کات، کاریگەریی لەسەر جووڵاندن و ناساندنی تاوانەکە نییە

# پێویستە لە پایتەختی هەرێمی کوردستان مۆزەخانەی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ هەموو جینۆساید و کۆمەڵکوژییەکان بکرێتەوە

**پرسی جینۆساید بە یەکێك لەو بابەتە گرنگانە دادەنرێت کە ڕۆڵی لە بەهێزکردنی چەمکی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد هەیە، کەچی لە ناساندنی ئەم پرسە کەمتەرخەمییەکی گەورە هەیە. گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ سەلاح کەرکووکی ڕێکخەری کاروباری ناساندنی تاوانەکانی جینۆساید لە سوید و یەکێتیی ئەورووپا سازدا، کە لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە کاری لەسەر کەیسی ئەنفال کردووە، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** بەو پێیەی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لە سوید کارت لەسەر پرسی ئەنفال کردووە و شارەزاییت لە جینۆساید هەیە، سەرەتا دەکرێت بزانین زاراوەی جینۆساید لە چییەوە هاتووە؟ ئایا ئەم پرسە چۆن تێکەڵ بە مەینەتی و نەهامەتییەکانی گەلی کورد بووە؟**

- جینۆساید -Genocide- تاوانێکی نێودەوڵەتییە لە دوو وشە پێکهاتووە (تاوان و ڕەگەزی)، ئەمەش دوای ئەوەی ڕافائیل لێمکین لە دوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانی لە بەرانبەر کۆمەڵکوژی جووەکان ئەم زاراوەیەی دانا و دواتر نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٨ پەیماننامەی بەرەنگاربوونەوە و سزادانی تاوانی جینۆسایدی لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا واژوو کرد. جینۆسایدیش کە بە هۆکاری ئایینی و نەتەوەیی و ڕامیاری و ئابووری و بیری ڕەگەزپەرستی و چەندین هۆکاری دیکە ئەنجام دەدرێت، چەند جۆرێکە لەوانە جینۆسایدی (جەستەیی، بایۆلۆژی، کەلتووری، سیاسی و لەم دواییانەشدا ئابووری). لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پێش دانانی زاراوەکە و واژووکردنی پەیماننامەکە و لەدوای ئەویشەوە چەندین تاوانی گەورە دژ بە ڕەگەز و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان ئەنجام دراون. بۆ ئێمەی کوردیش ئەم وشەیە ئازار و نەهامەتییەکی زۆر دەگەیەنێت، کە ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق چەندین جار تاوانی جینۆسایدیان دژ بەکورد ئەنجام داوە، لەوانە شاڵاوی ئەنفالەکان و کیمیابارانی کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات، بەتایبەتی کیمیابارانی هەڵەبجە، پێشتریش جینۆسایدی کوردانی فەیلی بە چەند قۆناغێك ئەنجام درابوو، بەداخەوە لەپاڵ ئەم جینۆسایدەدا لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا تاوانێکی گەورە دەرهەق بەگەلی کوردستان ئەنجام درا، کوشتن و ڕاگواستن و بێسەروشوێنکردنی کورد کارێکی زۆر قێزەون و دڕندە و دوور لە هەموو بنەماکانی مرۆڤایەتی و ئەخلاقی و ئایینی بوو، کە ژمارەیەکی زۆری کوردستانییان بوونە قوربانی و ئەنجام و شوێنەوارێکی زۆر ترسناکی هەبوو. بەداخەوە لەگەڵ دڕندەیی ئەم تاوانە کەچی لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا جینۆسایدی کورد ئەو دەنگ و سەدایەی نەبوو، بەو پێیەی لە سەردەمی شەڕی نێوان عێراق و ئێران لە ساڵانی ١٩٨٠- ١٩٨٨ لەسەر دەستی ڕژێمی بەعس ئەنجام درا و ئەو سەردەمە حکومەتەکانی دنیا پاڵپشتیی ڕژێمی بەعسیان لەدژی ئێران دەکرد. لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام لە ٢٠٠٣ و هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیشەوە ئەم تاوانە تا ڕاددەیەك دەرکەوت و تاوانباران لە سێدارە دران، هەرچەندە بۆ مەرام و مەبەستێکی سیاسی و شاردنەوەی قێزەونی و گەورەیی تاوانەکە دژی کورد، سەرانی ڕژێم و سەدام حوسێن زیاتر

**نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٨ پەیماننامەی بەرەنگاربوونەوە و سزادانی تاوانی جینۆسایدی لە پاریس پایتەختی فەرەنسا واژوو کرد**

**ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق چەندین جار تاوانی جینۆسایدیان دژ بەکورد ئەنجام داوە، لەوانە شاڵاوی ئەنفالەکان و کیمیابارانی کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات، بەتایبەتی کیمیابارانی هەڵەبجە**

لەسەر تاوانی دوجەیل لە سێدارە دران و خێرا بڕیاری دادگاکە جێبەجێ کرا، بۆ ئەوەی چیتر ئەوەندە تاوانی جینۆسایدی کورد نەورووژێنرێت.

*** ئایا لە جینۆسایددا فاکتەری زەمەن کاریگەریی لەسەر لاوازیی کەیسی جینۆسایدەکە و قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان هەیە؟**

- جینۆساید وەکو تاوانێکی نێودەوڵەتی سەیر دەکرێت و بە هیچ شێوەیەك فاکتەری زەمەن و کات کاریگەریی لەسەر جووڵاندن و ناساندنی تاوانەکە نییە، بگرە تاوانبارانیش ناتوانن بە تێپەڕبوونی زەمەن، یان کات لە سزای تاوانەکەیان دەربازیان بێت. لە مێژووی بەشەرییەتدا زۆر کۆمەڵکوژی و ڕووداوی جەرگبڕی وەکو هۆلۆکۆست و ڕواندا و بۆرما و بۆسنا و کوشتنی جولەکەکان لە جەنگی دووەمی جیهانی و تاقیکردنەوەی چەکی ئەتۆمی لە هێرۆشیما و ناکازاکی ڕوویان داوە و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، چەندین دیراسات و توێژینەوەی لەسەر دەکرێت و تاوانباران نەیانتوانیوە ئەم تاوانانەیان بشارنەوە. لە هەشتاکان کاتێك تاوانی ئەنفال ئەنجام درا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لایەنگریی ڕژێمی عێراقیان دەکرد و ڕژێمەکەش زۆر بە وریایی و کتوپڕی تاوانەکەی ئەنجام دەدا. ئەو دەمە سنوورەکانی عێراق لەبەردەم ئازادیخوازان و ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان داخرابوون، تەنانەت سۆشیاڵ میدیا و هۆکارەکانی پەیوەندییش بەو شێوەیەی ئێستا نەبوون. هەرچۆنێك بێت هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان بەتایبەتی ئەوەی کەوتبووە ناوچەی حەزەر دەستپێکی دەرکەوتنی بەربڵاوی تاوانەکانی جینۆسایدی کورد بوو، کە تێیدا چەند ڕێکخراوی تایبەت بە ناساندنی جینۆساید بەشدار بوون لە هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و دەرهێنان و ناساندنەوەی ڕوفاتەکان و چەند ڕاپۆرتێکی بابەتییانەیان بڵاو کردەوە و، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرنگی بەو ڕاپۆرتانە داوە، لە نێوخۆی هەرێمی کوردستانیشدا دامەزراوە و ڕێکخراویی نێوخۆیی تایبەت بە پرسی جینۆساید دامەزران و کاریان لەسەر پرسەکە کرد. سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان ئەمە بابەتێکی گرنگە و ڕەنگە گەڕانەوەی ڕوفاتی پیرۆزی قوربانییان بۆ زێدی باب و باپیرانیان لە ڕیزبەندی پێشەوەی داواکاری کەسوکاری قوربانییەکان بێت، بەڵام خۆ دەبێت حکومەتی عێراق قەرەبووی ماددی و مەعنەوی کەسوکاریشیان بکاتەوە، هەروەکو چۆن لە دادگای تاوانەکان و پەرلەمانی عێراق دەنگیان لەسەر داوە، هەرچەندە قەرەبووی دەروونیی کەسوکاریان زۆر زەحمەتە شوێنەوارەکانی ئەم تاوانە هەروا بەئاسانی کۆتاییان پێ نایەت.

*** یەکێك لەو بابەتانەی جێگای گرنگییە، بەڵگەنامە و دیکۆمێنتەکان و گۆڕەبەکۆمەڵەکانن بۆ ناساندنی پرسی جینۆساید، لەم ڕووەوە تا چەند توانرا دەست بگاتە ئەم بەڵگەنامانە، تاوەکو لە ئەرشیفێکی نەتەوەیی و نیشتمانیدا کۆبکرێنەوە؟**

- گۆڕە بەکۆمەڵەکان و بەڵگەنامە و ئەرشیفەکان و زۆربەی جار ڤیدیۆکانی وەکو لە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا بە ڕوون و ئاشکرایی دیار بوو، ئەمانە زۆر گرنگن بۆ ناساندنی پرسی جینۆسایدی کورد، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس زۆر بەڵگەنامە لە ئەرشیفەکانی موخابەرات و سەربازیدا دەستکەوت. پێویستیمان بەوەیە لە پایتەختی هەرێمی کوردستان مۆزەخانەی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ هەموو جینۆساید و کۆمەڵکوژییەکان بکرێتەوە، هاوکات پێویستە لە پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵاشدا گرنگیی زیاتر بە وانەکانی کۆمەڵکوژی و ئەنفال و کیمیاباران بدرێت و پێویستە دەزگایەکی تایبەتمەندی زانستی بۆ تاوانی جینۆساید دابمەزرێت.

*** لەمە گرنگتر ناساندنی ئەم تاوانە ڤێزەون و دڕندانەیە بوو بە دنیای دەرەوە، ئێمە وەکو کورد ئاشنایەتیمان لەسەر ئەم کۆمەڵکوژییە هەیە، بەڵام ناساندنی کەیسی ئەنفال و کۆمەڵکوژیی کوردان بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کارێکی زۆر بەربڵاوە و پێی ئاشنا نین. ئایا ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە ؟**

- هۆکاری یەکەمی لاوازیی ناساندنی تاوانی جینۆسایدی کورد بۆ خودی کورد دەگەڕێتەوە، چونکە ئێمە لە باشووری کوردستان ٣٠ ساڵ زیاترە حوکمڕانیی خۆمان دەکەین و دەزگای حکوومی و ڕێکخراوی مەدەنی و کەناڵی ڕاگەیاندن و توانای ماددییان هەبووە و دەیانتوانی لە ڕێگەی کتێب و چاپەمەنی و فلیمی دیکۆمێنتاری و فلیمی

**کوشتن و ڕاگواستن و بێسەروشوێنکردنی کورد کارێکی زۆر ڤێزەون و دڕندە و دوور لە هەموو بنەماکانی مرۆڤایەتی و ئەخلاقی و ئایینی بوو**

**بۆ مەرام و مەبەستێکی سیاسی و شاردنەوەی ڤێزەونی و گەورەیی تاوانەکە دژی کورد، سەرانی ڕژێم و سەدام حوسێن زیاتر لەسەر تاوانی دوجەیل لە سێدارە دران و خێرا بڕیاری دادگاکە جێبەجێ کرا، بۆ ئەوەی چیتر ئەوەندە تاوانی جینۆسایدی کورد نەورووژێنرێت**

**لە هەشتاکان کاتێک تاوانی ئەنفال ئەنجام درا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لایەنگریی ڕژێمی عێراقیان دەکرد و ڕژێمەکەش زۆر بە وریایی و کتوپڕی تاوانەکەی ئەنجام دەدا**

**هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان بەتایبەتی ئەوەی کەوتبووە ناوچەی حەزەر دەستپێکی دەرکەوتنی بەربڵاوی تاوانەکانی جینۆسایدی کورد بوو**



هونەری گرنگی بەناساندنی جینۆسایدەکە بدەن، واتە بەهیچ شێوەیەك لەسەر ئاستی ستراتیژیەتی نەتەوەیی کار لەسەر پرسی جینۆساید نەکراوە، بۆیە بەردەوام لەسەر دەستی رژێمەکانی عێراق بە شێوازی جیاواز تاوانی جینۆساید دووبارە دەبێتەوە. ئەم تاوانە کۆدێکە کەوا کێشەکەی کورد زیاتر دەستنیشان دەکات، بەوەی گەلی کورد چ کێشەیەکی هەیە و بۆچی ئەو تاوانە بەرانبەری ئەنجام دراوە؟ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەم جینۆسایدە دژی کورد ڕوونەداتەوە. لێرە لە سوید حکومەت بە فەرمی تاوانی جینۆسایدی کوردی ناساندووە، بەڵام لەبەر لاوازیی ئاستی تێگەیشتنی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گرنگیی ئەم ناساندنە، کاری جددییان لەسەر نەکردووە، لە کاتێکدا تاوانی جینۆساید دژی ماددە و بەندی پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و دادگای نێودەوڵەتی و خودی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیشە، هەر لەبەر ئەمەش بوو بەداخەوە گەلی کورد لەسەر دەستی داعش جارێکی دیکە جینۆساید کرانەوە و ئێستاش بە ناوی بڕینی بودجە و ڕێگرتن لە فرۆشتنی نەوت دەیانەوێت دووبارە کورد جینۆساید بکەنەوە. ڕەنگە دەستی دەرەکی و خودی پاوانخوازیی حزب و گرووپ و کەسانی شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستی دژ بە کورد، ڕێگر بن لەوەی ئەم پرسە وەکو پرسی جینۆسایدی کوردانی فەیلی بشارنەوە، یان بە هاوشێوەی جینۆسایدی کوردانی ئێزدی پرسێکی ئایینی پێ بدەن، بەڵام کورد و دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان باش ئەو هەقیقەتە دەزانن، کە خودی دامەزراندنی قەوارەی هەرێمی کوردستان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایش دێت، کە بە هۆکاری جینۆساید و کۆڕەوە ملیۆنییەکەی دامەزراوە، لەم ڕوانگەیەوە ئەرکی سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە ڕێگەی نوێنەرایەتی و کەسایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەیەوە، کار بۆ کۆکردنەوە زانیاری و داتا و بەڵگەنامەکان بکات و لە پایتەختەکانی جیهان لە ڕێگەی لۆبییەکی بەهێزی کوردییەوە کار بۆ ناساندنی هەموو ئەو جینۆسایدانە بکات کە لە عێراقدا تووشی گەلی کورد بووە.

**ڕەنگە گەڕانەوەی ڕوفاتی پیرۆزی قوربانییان بۆ زێدی باب و باپیرانیان لە ڕیزبەندی پێشەوەی داواکاری کەسوکاری قوربانییەکان بێت، بەڵام خۆ دەبێت حکومەتی عێراق قەرەبووی ماددی و مەعنەوی کەسوکاریشیان بکاتەوە**

**دەزگای حکوومی و ڕێکخراوی مەدەنی و کەناڵی ڕاگەیاندن و توانای ماددییان هەبووە و دەیانتوانی لە ڕێگەی کتێب و چاپەمەنی و فیلمی دیکۆمێنتاری و فیلمی هونەری گرنگی بەناساندنی جینۆسایدەکە بدەن**




**ماجید مەندەلاوی**

**سەرۆکی ڕێکخراوی ماڵی کوردی فەیلی بۆ گوڵان:**

# مەلا مستەفا بارزانی بۆ کوردانی فەیلی فریادڕەس و سیمبولی ڕەتکردنەوەی زوڵم و داگیرگاری بوو

# تاوانەکانی ڕژێم بەرامبەر کوردانی فەیلی لە عێراق ددانی پێدا نراوە، کەچی مافەکان نەگەڕانەوە، چونکە عەقڵییەتی ڕەتکردنەوەی کورد هەر ماوە

**سەرۆك بارزانی، لە ٤ی نیسانی ئەم مانگە لە یادی ٤٤ ساڵەی جینۆسایدی کوردانی فەیلی پەیامێکی بڵاوکردەوە و دەڵێت: «کوردانی فەیلی تەنیا تاوانیان پشتگیریکردنی شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و کوردبوونەکەیان بووە. دەرکردن و لێسەندنەوەی ناسنامە لە سەدان هەزار کەس لە خوشك و برایانی کوردی فەیلی و بێسەروشوێنکردنی هەزاران گەنجی فەیلی لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراقەوە، تاوان و زوڵمێکی زۆر گەورەیە و بەشێك بوو لەو زنجیرە تاوانە ڕێکخراوانەی کە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقی، بۆ تواندنەوە و لەناوبردنی گەلی کوردستان ئەنجامیان داوە». گۆڤاری گوڵان لە درێژەی زنجیرە چاوپێکەوتن و دیدارەکانیدا لەگەڵ کەسایەتییەکانی ناو کوردی فەیلی، دیدارێکی لەگەڵ ماجید مەندەلاوی سەرۆکی ڕێکخراوی ماڵی کوردی فەیلی سازدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** سەرۆك بارزانی، لە یادی ٤٤ ساڵەی جینۆسایدی کوردانی فەیلیدا پەیامێکی بڵاو کردەوە و لە بەشێکی پەیامەکەیدا دەڵێت: «ڕۆڵ و دڵسۆزیی خوشك و برایانی فەیلی بۆ دۆزی نەتەوەکەیان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد هیچ کاتێك لەیاد ناکرێت». وەکو سەرۆکی ڕێکخراوی ماڵی کوردی فەیلی و پسپۆڕ و شارەزا لە بواری یاسایی، دەکرێت باسێکی ئەم جینۆسایدەمان بۆ بکەیت؟ ئایا تاچەند ئەم تاوانە دەچێتە چوارچێوەی تاوانی نێودەوڵەتی و دژ بە مرۆڤایەتییەوە؟**

- جینۆسایدی کوردانی فەیلی هەروەکو چۆن سەرۆك بارزانی لە پەیاننامەکەیدا ئاماژەی پێدا، بۆ هۆکاری دڵسۆزی و پشتگیریی خوشك و برایانی کوردی فەیلی دەگەڕێتەوە بۆ دۆزە ڕەوای نەتەوەکەیان و پشتگیرییان بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ئەوان پاڵپشتیی شۆڕشێکیان دەکرد کە ژەنەڕاڵ مەلا مستەفا بارزانی ڕابەرایەتی دەکرد.

ئەو تاوانەی ڕژێمەکانی عێراق دژ بەکوردانی فەیلی لە مێژووی عێراقدا بەرانبەر هیچ پێکهاتەیەکی دیکە نەکراوە، هەر لە کوشتن و زیندانیکردن و بێسەروشوێنکردن و بەزۆر ڕاپێچکردن و داگیرکردن و تاڵانکردنی ماڵ و حاڵ و تەنانەت دەستبردن بۆ پیرۆزییەکانی خێزان و بە زۆر جیاکردنەوەی هاوسەرەکان لە یەکتر و لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە و ئاوارەکردنی ژمارەیەکی دیکە بۆ شاروشارۆچکەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق. تەنانەت تا ئێستا زیاتر لە ٢٢ هەزار گەنجی کوردی فەیلی بێسەروشوێن کراون و ڕوفاتەکانیان بزرە. بەپێی وتەی شایەتحاڵەکان و بەڵگەنامە دۆزراوەکان کە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس دەست کەوتوون، پێنج هەزار گەنج لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا لە زیندانەکانی بەعس لە سێدارە دراون، دەیان هەزار خێزانی دیکە ئاوارەی ئۆردوگاکانی ئێران کران و لە بارودۆخێکی زۆر خراپ ژیانیان بەسەر برد، بەو پێیەی ئەو زەمەنە

**تا ئێستا زیاتر لە ٢٢ هەزار گەنجی کوردی فەیلی بێسەروشوێن کراون**

**بەپێی وتەی شایەتحاڵەکان و بەڵگەنامە دۆزراوەکان کە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس دەست کەوتوون، پێنج هەزار گەنج لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا لە زیندانەکانی بەعس لە سێدارە دراون**

**زۆر ئومێدم بە سەرۆک بارزانی هەیە کە دامەزراوەیەک بۆ کوردی فەیلی لەناو جەرگەی بەغدا یان لە هەولێر دابمەزرێنێت و پاڵپشتی بکات و کوردانی فەیلی کۆبکرێنەوەو بەرەو ئامانجە گەورەکەی نەتەوایەتی ڕاپێچ بکرێن**

**کوردانی فەیلی ئێستاشی لەگەڵدا بێت، نەتوانرا ماڵ و حاڵ و ڕەز و باغ و بێستانەکانیان کە داگیر کران، دەستیان بکەوێتەوە**

**لە بیرمە لەناو جەرگەی بەغدا حزبی بەعس ٢٠٠ گەورە بازرگانی کوردی فەیلی بانگهێشت کرد و دوای کۆبوونەوەکە ڕێگای نەدا بچنەوە ناو ماڵ و حاڵی خۆیان و دەستگیری کردن و ڕاپێچی ئەودیو سنووری کردن**

**سەرکردایەتیی کورد بەرامبەر کوردانی فەیلی لە هەرێمی کوردستان و بەغداش کەمتەرخەمیی زۆری هەیە. ڕاستە ئێمە وەکو نەتەوە کوردین و وەکو مەزهەبی شیعەین، بەڵام لایەنی نەتەوەیی زیاتر زاڵە لەسەر لایەنی مەزهەبی و ئایینی**

شەڕێکی توند لەنێوان عێراق و ئێران بەرپا بوو، بارودۆخی ئێران باش نەبوو، بگرە لەبەر ئەوەی ئێمە کورد بووین مامەڵەیان بەرامبەرمان زۆر خراپ بوو، لەناو ئۆردوگاکانیشدا ناو بەناو دەکەوتینە بەر بۆردومان و شاڵاوی فڕۆکە سەربازییەکانی سوپای عێراق. خۆ حاڵی ئەو کوردانەی فەیلی کە بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران نەکرابوون و لەناو شارو سەر خاکی خۆیان مابوونەوە لە گەڕەکەکانی ناو جەرگەی بەغدا و لە مەندەلی و بەدرە و جەسان و خانەقین و تا کوت کە لەسەر زێدی باوك و باپیرانیان بوون، باشتر نەبوو. ئەوان کەوتنە بەر شاڵاوی تەعریب و نەفی و تەرحیلی ناوخۆ، کوردانی فەیلی ئێستاشی لەگەڵدا بێت، نەتوانرا ماڵ و حاڵ و ڕەز و باغ و بێستانەکانیان کە داگیر کران، دەستیان بکەوێتەوە.

جێی داخە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە هەمان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، بۆیە بە ناچاری ژمارەیەکیان کۆچیان کرد و ژمارەیەکی دیکەیان بێدەنگن و لەترسی ئەو ئیرهابە شۆڤێنییە تێکەڵ بەو کۆمەڵگەیە بوون کە کۆمەڵکوژی کردن، چونکە ڕاستە ڕژێمی بەعس نەماوە، بەڵام عەقڵییەتەکە و دژایەتی کورد بەردەوامیی هەیە. بەهەموو پێوەرە نێودەوڵەتییەکانیش ئەوەی بەرامبەر کوردی فەیلی ئەنجام دراوە، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییەو دەچێتە قاڵبی جینۆسایدێکی زۆر دڕندانەوە.

*** لە ٢٠٠٣وە دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە و لەگەڵ ددانپێدانی دادگا و پەرلەمانی عێراق، بۆچی نەتوانراوە ئەم کەیسەی جینۆسایدەکە بەجیهان بناسرێت و کوردانی فەیلی قەرەبووی مەعنەوی و ماددی بکرێنەوە؟**

- ئەم تاوانەی دژی کورد بەگشتی و کوردی فەیلی بەتایبەتی کراوە، تاوانێکی ناوخۆیی نییە و تاوانێکی نێودەوڵەتی دژ بە مرۆڤایەتییە، ئەو کات ڕژێمی بەعس لەو پەڕی بەهێزیدا بوو، لەسەروبەندی شەڕێکی توند بوو لەگەڵ ئێراندا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش پشتگیریی عێراقیان دەکرد لەو شەڕەدا، ئەو سەردەمە بەعس بە بیانووی تەبەعییەی ئێرانییەوە تاوانەکەی دژ بە کورد ئەنجام دا، پێشتریش ئەو زوڵم و بەپەراوێزخستن و تەرحیلە لە بەرامبەر کوردی فەیلی هەبوو لەهەر زەمەن و کاتێکدا بە بیانوو و پاساوی درۆ و دڕندەیی جینۆسایدی دژ بە کورد ئەنجام دەدرا. گرفتەکە لێرەدایە کە عەقڵیەتەکان نەگۆڕدراون و بە ڕووکەش باسی مافی نەتەوەیی و کەلتووری کورد کرا، بۆیە تاوانەکە بە شێواز و شێوەی جیاواز دووبارە دەبێتەوە. ئێمە نەك وەکو هاووڵاتی پلە دوو سەیر دەکراین، بگرە وەکو هاووڵاتی پلە سێش ڕەوایەتی بە کوردی فەیلی نەدراوە، ڕەنگە هۆکارێکی نەسەندنەوەی مافەکانمان بۆ پەرشوبڵاوی کوردانی فەیلی و پێگەی جوگرافیای کوردی فەیلی بێت، کە لەناو جەرگەی بەغدا و شارانی کوردی بوون، خاکی باوباپیرانی ئێمە لەناو جەرگەی بەغدا و لەو شوێنانەی دیکە بووە کە تەنیا یەك کاتژمێر لە بەغداوە دوورن، ئەمەش وای کردووە، چاوی تەماع و تاڵانی لەسەر خاك و ماڵ و حاڵی کوردانی فەیلی بێت. لە بیرمە لە ناو جەرگەی بەغدا حزبی بەعس ٢٠٠ گەورە بازرگانی کوردی فەیلی بانگهێشت کرد و دوای کۆبوونەوەکە ڕێگای نەدا بچنەوە ناو ماڵ و حاڵی خۆیان و دەستگیری کردن و ڕاپێچی ئەودیو سنووری کردن.

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس زۆر لە بەڵگەنامەکانیش ددانی پێدا نراوە، ئەوەتا لەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراقیش بڕیاری لەسەر دراوە و جینۆسایدی کوردی فەیلی وەکو تاوانێکی پاکتاوکردن و بگرە کۆمەڵکوژی ددانی پێدا نراوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مافەکان نەگەڕانەوە بۆ کوردانی فەیلی، چونکە وەکو ئاماژەم پێدا عەقڵییەتی ڕەتکردنەوەی کورد و تەماشاکردنیان وەکو هاووڵاتی پلە دوو لەعێراقدا هەر ماوە. منیش لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام ئێ خۆناکرێت ئەم کەیسە نەجووڵێنرێت و لەناو عێراقێکی داخراوی ئاخنراو بە شۆڤێنی قەتیس بکرێت، من زۆر ئومێدم بە سەرۆك بارزانی هەیە کە دامەزراوەیەك بۆ کوردی فەیلی لەناو جەرگەی بەغدا یان لەهەولێر دابمەزرێنێت و پاڵپشتی بکات و کوردانی فەیلی کۆبکرێنەوەو بەرەو ئامانجە گەورەکەی نەتەوایەتی ڕاپێچ بکرێن.

*** پاڵپشتی و پشتگیری کوردانی فەیلی بۆ مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشی ئەیلوول چۆن بوو؟ ئایا دەکرێت باسێکی ئەو هاوکاری و بەشدارییەی کوردانی فەیلیمان بۆ بکەیت لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا؟**

- کوردانی فەیلی وەکو هەموو پێکهاتە ڕەسەنەکانی دیکەی کورد لە عێراقدا کەوتبوونە بەر شاڵاوی ئازاردان و پەراوێزخستن و زوڵملێکردن، مەلا مستەفا بارزانی بۆ ئەوان فریادڕەس بوو، سەرۆکێکی گەورە و سیمبولی ڕەتکردنەوەی زوڵم و داگیرکاری بوو، بۆیە کوردانی فەیلی کە پێشتریش زۆر چەوسابوونەوەو پەراوێز خرابوون و زوڵمیان لێدەکرا، لە دەوری خودی ئەو زاتە و سەرکردە گەورەیەی کورد و شۆڕشەکەی کۆبوونەوە، بە ڕۆح و گیان و ماڵ و کۆمەك و هاوکاریی شۆڕشیان کرد. نەك تەنیا لەناو پارتیدا، بگرە لەناو حزبی شیوعیشدا سەرکردە و ئەندامی چالاك و گەورەی کوردی فەیلی هەبوون. ئەو سەردەمە ئێزگەی دەنگی کوردستان لەساڵانی ١٩٦١ و ١٩٦٢ بە کۆمەك و هاوکاری کوردی فەیلی لەبەغداوە گەیەنرایە ناوپردان، سەرۆکی یەکێتیی قوتابیان و ئافرەتان و تەنانەت سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان کەسایەتییەکانی ناو کوردی فەیلی بوون. مەلا مستەفا بارزانی لە خۆشەویستی و گرنگیدانی بۆ کوردانی فەیلی حەبیب محەمەد کەریمی بۆ جێگری سەرۆك کۆماری عێراق هەڵبژارد، هەرچەندە ڕژێمی عێراق قبووڵیان نەکرد، بەبیانووی ئەوەی تەبەعییەی ئێرانە.

*** بۆچی ئێستا ڕۆڵ و پێگەی کوردانی فەیلی لە شەقامی بەغدا و کوردستانی بەپێی پێویست نابینرێت، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- بەداخەوە سەرکردایەتیی کورد بەرامبەر کوردانی فەیلی لە هەرێمی کوردستان و بەغداش کەمتەرخەمیی زۆری هەیە. ڕاستە ئێمە وەکو نەتەوە کوردین و وەکو مەزهەبی شیعەین، بەڵام لایەنی نەتەوەیی زیاتر زاڵە لەسەر لایەنی مەزهەبی و ئاینی، خۆ ئەو کاتە و ئێستاش شیعەیەکی زۆر لە عێراقدا هەن، بۆچی تەنیا بەرامبەر کورد ئەم تاوانە ئەنجام درا؟ دیارە ئێمە و خێزانەکانمان لەسەر کوردایەتی نەك لەسەر مەزهەب بە زۆر ڕاپێچی ئێران کراین. ئەو سەردەمە لەناو جەرگەی بەغدا ژمارەیەکی زۆری کوردانی فەیلی هەبوون، لە ئێستادا لە بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق حزبە شیعەکان هەندێك کوردی فەیلییان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاون، لە هەرێمی کوردستانیش بەداخەوە بە هاوشێوەی بەغدا بەپێی پێویست بایەخمان پێ نەدراوە، ئەوەتا ساڵێك بەسەر سیمناری ناساندنی جینۆسایدی کوردانی فەیلی و پێشنیارەکەی سەرۆك بارزانی بۆ دامەزراندنی سەنتەرێکی تایبەت بەکوردی

**ئەو کاتە و ئێستاش شیعەیەکی زۆر لە عێراقدا هەن، بۆچی تەنیا بەرامبەر کورد ئەم تاوانە ئەنجام درا؟ دیارە ئێمە و خێزانەکانمان لەسەر کوردایەتی نەک لەسەر مەزهەب بە زۆر ڕاپێچی ئێران کراین**



فەیلی تێپەڕ دەبێت، کەچی تەنانەت دامەزرانی ئەو سەنتەرەش جێبەجێ نەکراوە. بگرە لەناو سنووری جەرگەی خاکی کوردانی فەیلی گرنگی بە ناوچەکانمان نەدراوە، لە جەمیلە و شەقامی فەلەستین و شۆڕجە و شەقامی کفاح و ڕاقیە بە گەڕەکی کوردانی فەیلی ناو دەبرێت، مەندەلی شارێکە زۆرینەی کوردی فەیلین، کەچی گرنگی پێ نادرێت، لە ئەورووپاش ژمارەیەکی زۆری کوردانی فەیلی هەن، بەڵام وەکو لۆبییەك کۆنەکراونەتەوە و سوود لە توانایان بۆ دۆزی ڕەوای کورد وەرنەگیراوە.

**ساڵێک بەسەر سیمناری ناساندنی جینۆسایدی کوردانی فەیلی و پێشنیارەکەی سەرۆک بارزانی بۆ دامەزراندنی سەنتەرێکی تایبەت بەکوردی فەیلی تێپەڕ دەبێت، کەچی تەنانەت دامەزرانی ئەو سەنتەرەش جێبەجێ نەکراوە**

ئەلئەب جبرائیل گورگیس
قەشەی سێمیل بۆ گوڵان:

# ئێمە خاوەنی جەنابی سەرۆک بارزانیین بۆیە هیچ کاتێک لە ماف و بەرژەوەندییەکانمان بێبەش نابین

## ئەو پێکەوەژیانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە نموونەیەکی جوان و سەرکەوتوو و سەرنجڕاکێشە لە ناوچەکەدا

هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا نموونەیەکی سەرنجڕاکێش و سەرکەوتووی پێکەوەژیانە و لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستاندا گرنگیی تایبەتی بە هەموو پێکهاتەکان دراوە، هەر ئەو پێکەوەژیانە بوو، وای کرد قەداسەتی پاپای ڤاتیکان سەردانی هەولێری کرد و نوێژی قەداسی تێدا ئەنجام دا، لە ڕێگەی ئەم پێکەوەژیانەشەوە حکومەتی کوردستان توانیویەتی لە کار و بەرنامەکانی سەرکەوتوو بێت، بەڵام دادگای فیدڕاڵی بە بڕیارێك هەر یانزە کورسیی کۆتاکانی لە پەرلەمانی کوردستان هەڵوەشاندەوە،. سەبارەت بەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئەلئەب جبرائیل گورگیس قەشەی سێمیل ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.



*** یەکێك لە جوانییەکانی هەرێمی کوردستان کە بووەتە جێگەی شانازیی هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، ئەو پێکەوەژیانەیە کە ئێستا لە کوردستان هەیە. ئێوە وەك مەسیحییەکان چۆن سەیری ئەم پێکەوەژیانەی هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

- پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان مێژوویەکی دێرینی هەیە و بووەتە بنەمای لێبووردەیی و ئاشتی و یەکترقبووڵکردنی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکان، ئەو پێکەوەژیانە بە هەوڵ و کۆششی هەموو پێکهاتەکان پارێزگاری لێ کراوە، گەیشتووەتە ئەو قۆناغەی کە بووەتە جێگەی شانازیی هەموو وڵاتانی دنیا، هەر ئەم پێکەوەژیانەیە وای کردووە، هەموو خەڵکی کوردستان لە بۆنە خۆش و ناخۆشەکانی یەکتردا تەواوکاری یەکتر بوون، ئەوەی ئێمە دەبینین و ئاگاداریشین لە ئێستادا و لە مێژووی ١٠٠ ساڵی ڕابردوو لە شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، بەتایبەت لەلایەن ڕەحمەتی شێخ ئەحمەد بارزانی و مەلا مستەفای بارزانی بە یەکسانی دەرگا بۆ هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی هەرێمی کوردستان کراوەتەوە، تاوەکو بەشداری لە ڕزگاریی میللەتی کوردستاندا بکەن، تێڕوانینی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بەو شێوەیە بووە لە خاکێکی وەك وکوردستان کە چەندین نەتەوە و ئایین و ئایینزای تێدا دەژین، یەك نەتەوە و یەك ئایین ناتوانێت بە تەنیا کار بۆ ڕزگاری ئەو وڵاتە بکات، هەر ئەمەش بوو وای کرد لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ گەلی باشووری کوردستان بووە ئەو قەوارە ئازاد و دیموکراتییەی کە هەیە.

*** ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، درێژەپێدان و پشتگیرکردنی تەواوی ئەو پێکەوەژیانەیە، هەر لەماوەی کابینەی نۆیەم قەداسەتی پاپای ڤاتیکان سەردانی هەولێری کرد، ئەمەش ڕووداوێکی گەورە بوو لەسەر ئاستی جیهان، ئایا ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەم بۆ زیاتر قووڵکردنەوەی گیانی برایەتی و پێکەوەژیان لە کوردستان چۆن دەبینیت؟**

- کوردستان فرە نەتەوەیی و فرە ئایینی و ئایینزایە و ئەو پێکەوەژیانەی هەرێمی کوردستان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەنگی

داوەتەوە، هەر بۆیەش پاپای ڤاتیکان هەرێمی کوردستان بەتایبەت هەولێری پایتەختی لە سەردانەکەی هەڵبژارد و نوێژی قەداسەتی تێدا ئەنجام دا. ئەو هاتنەی پاپا و نوێژکردنەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێزگرتن و بەهەندوەرگرتنی ئەو پێکەوەژیانەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە. هاتنی پاپا بۆ ئەوە بوو کە لە نزیکەوە خۆی واقیعەکە ببینێت و ببێتە هاندان و پاڵپشتییەکی گەورە و بەهێزیش بۆ زیاتر گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچوونی پێکەوەژیانەکەی هەرێمی کوردستان، لەپاش هاتنی پاپاشدا ئەو پێکەوەژیان و ئاشتی و لێبوردەیی نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر بەدنیا گەیشت و سەرنجی وڵاتانی زیاتر بۆ ڕاکێشراوە، کە دەبینین چەندین شاندی حکومەتی وڵاتان و ڕێکخراوەکانی مەدەنی و جیهانی سەردانی هەرێم بەگشتی و بەتایبەتی بۆ پایتەختی کوردستان دەکەن. دەبێت ئێمە ئەو پێکەوەژیانە بۆ ئەوەش بگەڕێنینەوە لەو کاتەوە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان دامەزراوە، بەبێ جیاوازی گرنگی بە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان دراوە و بەشداریی کارایان لە هەموو دامودەزگا و پلە و پۆستی بەرز و گرنگەکان هەبووە، بەتایبەت لە کابینەی نۆیەمدا هەر لە کارنامەکەی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، دەرکەوت کە زیاتر گرنگی بە پێکهاتەکان دەدرێت، چ لەلایەنی ئەوەی کە وەزارەتێکی تایبەت بە کاروباری پێکهاتەکان بۆ جاری یەکەم لەو کابینەیە دامەزرا، دەستەی ماڤی مرۆڤ بە پێکهاتەی مەسیحی دراوە و سکرتێری پەرلەمان وەك نۆبەرەی ناوچەکە لە پێکهاتەی تورکمانی بووە و چەندین شوێن و جومگەی حکوومی و کاریگەر بە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایین و ئایینزا جیاکانی هەرێمی کوردستان دراون. ئێمە وەك مەسیحی وەك پێکهاتەیەکی ڕەسەنی ئەو خاك و نیشتمانەی کوردستان زۆر دڵخۆش و ئاسوودەین بە کار و چالاکییەکانی ئەو کابینەیەی حکومەتی هەرێم و شایانی ئاماژە پێکردنیشە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کاری زۆر باش بۆ هەموو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان کراوە و لەو کابینەیەدا چەندین خزمەتگوزاری گەورە و بەرچاو بە شوێن و کەنیسە و مەزارگە و دێرەکان دراوە، هەر لەو کابینەیەدا چەندین کەنیسە لە تەواوی هەرێمی کوردستان دروست کران و نۆژەن کراونەتەوە، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین، کابینەی نۆیەم لەهەموو لایەن و بوارێکدا گرنگی زۆر و تایبەتی بە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان داوە، بۆ ئەوەی پێکەوەژیان زیاتر بەرجەستە و گەشە بکات لە هەرێمی کوردستاندا. لێرەدا پێمخۆشە یەك لە وتە بەرز و جوانەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی کە لە بەهاری ١٩٩١ لە دوای ڕزگاربوونی هەرێمی کوردستان بیری هەموو خەڵکی کوردستانی بێنمەوە کە فەرمووی «هەر کاتێك نەمتوانی پارێزگاری لە پێکهاتەی مەسیحی بکەم لە کوردستان، ئەوە کوردستان بەجێدەهێڵم و دەڕۆم»، ئەم وتە شکۆدارەی جەنابی مسعود بارزانی جگە لەوەی خۆشحاڵییە بۆ ئێمە، هاوکات پشت و پەنایەکی بەهێزە بۆ پاراستنی ئێمە و هەموو پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان.

*** لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری کوردستان، سەرۆك بارزانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە نوێنەری نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان خۆیان مافەکانی خۆیان لە دەستووری کوردستاندا بنووسنەوە و بە ئاستێك بێت کە خۆیان پێی ڕازی بن، ئایا ئێوە وەك مەسیحییەکان دەتانەوێت چۆن مافەکانتان لە دەستووری کوردستاندا دیاری بکرێت؟**

- ئەمە یەکەمین جارە بەرپرسێك لە ئاستی جەنابی سەرۆك بارزانی ئەو گرنگییە و هەستکردنە بە پێهکاتەیەکی ڕەسەنی کوردستان بدات، کە مسیحییەکانە بەوەی کە نوێنەرمان هەبێت لە لیژنەی نووسینەوەی دەستوور و ئەو ماف و بەرژەوەندییانەی بۆ ئێمە پێویست و گرنگن، بە خۆمان بینووسین و لە دەستووری کوردستان جێگیری بکەین. ئەم کارە لە مێژووماندا یەکەم جارە بێتەدی، بۆیە جێگای شانازییە بۆ ئێمەی مەسیحی، لەلایەکی دیکەوە هەڵویست و پشتگیرییەکانی جەنابی سەرۆك بە درێژایی تەمەنی بەرانبەر مەسیحییەکان و هەموو پێکهاتەکانی دیکە، هیچ وشە و ڕستەیەکی جوان و بەپێز نییە بتوانێت بە تەواوی وەسفی بکات. هەر بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاس و ستایشی جەنابی سەرۆك بکەم .

**لەلایەن ڕەحمەتی شێخ ئەحمەد بارزانی و مەلا مستەفای بارزانی بە یەکسانی دەرگا بۆ هەموو پێکهاتەکانی ئایینی و نەتەوەیی هەرێمی کوردستان کراوەتەوە**

**ئەو پێکەوەژیانەی هەرێمی کوردستان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەنگی داوەتەوە، هەر بۆیەش پاپای ڤاتیکان هەرێمی کوردستان بەتایبەت هەولێری پایتەختی لە سەردانەکەی هەڵبژارد و نوێژی قەداسەتی تێدا ئەنجام دا**

**لەو کاتەوە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان دامەزراوە، بەبێ جیاوازی گرنگی بە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان دراوە و بەشداریی کارایان لە هەموو دامودەزگا و پلە و پۆستی بەرز و گرنگەکان هەبووە**

**لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کاری زۆر باش بۆ هەموو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان کراوە**



*** ئایا کورسیی کۆتاکان تا چەند ڕۆڵیان لە نوێنەرایەتیی نەتەوە و ئایینیەکان لە هەرێمی کوردستان هەبووە؟ نەمانی ئەو کورسییانە تا چەند زیان بە پێکەوەژیان دەگەیەنێت، کە دادگای فیدراڵی بە بڕیارێك هەر یانزە کورسی نەهێشت و سڕییەوە؟**

- هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان لە هەر کۆمەڵگە و وڵاتێکدا لە ڕێگای نوێنەرەکانیان لە پەرلەماندا کار بۆ ماف و بەرژەوەندییەکانیان دەکەن، هەرێمی کوردستانیش لە یەکەم هەڵبژاردنی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ پێنج کورسیی بۆ کریستیانەکان تەرخان کرد، لە پاشان ئەو یاساییە هەموار کرایەوە و پێنج کورسی بۆ تورکمان و یەك کورسیش بۆ ئەرمەنی دانرا، بەمەش هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکانی کوردستان بەو هەق و نوێنەرایەتییەیان شاد بوون. بوونی نوێنەرایەتیی پێکهاتەکان لە پەرلەماندا وای کرد، لە هەرێمی کوردستان پێکەوەژیان زیاتر بەرجەستە و گەشە بکات، بەڵام بەداخەوە شکایەتێکی لایەنێکی سیاسیی کوردستانی لە دادگای فیدراڵی تۆمار کرا و لەپاشان دادگای فیدراڵی بڕیاریدا بە هەڵوەشاندنەوە و لابردنی هەر یانزە کورسیی کۆتاکان، ئەم بڕیارەش جگە لەوەی یاسایی و دەستووری نەبوو، هاوکات زوڵم و غەدرێکی زۆر گەورە بوو، پێشەکی لە هەرێمی کوردستان، ئینجا لە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان، لەلایەکی دیکەوە لابردن و نەهێشتنی کورسیی کوتاکان کاریگەریی زۆر خراپ لەسەر پێکەوەژیانەکەی هەرێمی کوردستان دەکات.

*** ئایا هیچ کاتێك کورسیی کوتاکان جێی مەترسی بوون بۆ سەر هەرێمی کوردستان، یان بۆ پرۆسەی سیاسیی هەرێم؟**

- هیچ کاتێك کورسیی کۆتاکان مەترسی لەسەر هەرێمی کوردستان نەبووە و لابردنی کورسیی کۆتاکانیش سوودی بۆ هیچ لایەن و حزبێکی سیاسیی کوردستان نییە، بەڵکو زەرەر بە پرۆسەی سیاسی دەگەیەنێت و زەرەر بە پێکەوەژیانیش لە هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت، بەڵام ئێمە خاوەنی جەنابی سەرۆك بارزانین کە ناهێڵێت ئێمە وەکو پێکهاتەکانی کوردستان لە ماف و بەرژەوەندییەکانمان بێبەش بین.

*** ئێوە و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی هەرێم ئەو هەڵویستەی جەنابی سەرۆك بارزانی و پارتی کە دژی بڕیاری دادگای فیدراڵی بوون، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- من پێپشتریش ئاماژەم بەوە دا کە جەنابی سەرۆك کەسایەتی و مرۆڤدۆستێکە لە هەموو دنیا نموونەی وەکو ئەو نییە بۆ هەموو کەس و نەتەوە و ئایین و ئایینزایەك نەك تەنیا لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە هەموو دنیاشدا بەو شێوەیە، ئەمەش بە ددانپێدانانی قەداسەتی پاپای ڤاتیکان، چ لەو کاتەی کە جەنابی سەرۆك سەردانی ڤاتیکانی کرد، چ لەو کاتەی قەداسەتی پاپا لە نزیکەوە هەولێری دیت و گەڕایەوە و نامەیەکی بۆ جەنابی سەرۆك نووسیبوو، کە زۆر سوپاسی کردبوو و دڵسۆزی جەنابی سەرۆکی زۆر بە ڕاشکاویی خستبووەڕوو.

**هەر لە کارنامەکەی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، دەرکەوت کە زیاتر گرنگی بە پێکهاتەکان دەدرێت، چ لەلایەنی ئەوەی کە وەزارەتێکی تایبەت بە کاروباری پێکهاتەکان بۆ جاری یەکەم لەو کابینەیە دامەزرا، دەستەی ماڤی مرۆڤ بە پێکهاتەی مەسیحی دراوە**

**هەر لەو کابینەیەدا چەندین کەنیسە لە تەواوی هەرێمی کوردستان دروست کران و نۆژەن کراونەتەوە**

**هیچ کاتێک کورسیی کۆتاکان مەترسی لەسەر هەرێمی کوردستان نەبووە و لابردنی کورسیی کۆتاکانیش سوودی بۆ هیچ لایەن و حزبێکی سیاسیی کوردستان نییە**



پرۆفیسۆر دکتۆر شۆڕش حەسەن عومەر

پسپۆڕ و شارەزا لە یاسای دەستووری و سیستمی سیاسی بۆ گوڵان:

# یاسای دادگای فیدراڵیی عێراق بە پێچەوانەی دەستوور هەموار کراوەتەوە، بۆیە بڕیارەکانیشی نادەستوورین

# لە عێراقدا یاسای پێکهێنانی هەرێمەکان هەیە و دەستووریش ڕێگەی پێداوە، بەڵام ئەسڵەن لە عێراقدا باوەڕ بە فیدراڵییەت نییە

**دادگای فیدراڵیی عێراق کە بەپێی دەستوور دانەمەزراوە و لە ڕێگەی دژایەتیکردنی فیدراڵی لە عێراق و بچووککردنەوەی دەسەڵاتە دەستووری و یاساییەکانی کوردستان کار دەکات، خۆی کردووە بە جێگرەوەی پەرلەمان و یاساکان هەموار دەکاتەوە و بە دەستی دەرەکی دەستێوەردان لە کورسیی پێکهاتەکان و پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان دەکات. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەری دیکەی پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر شۆڕش حەسەن عومەر پسپۆڕ و شارەزا لە یاسای دەستوری و سیستمی سیاسی سازدا.**

* دادگای فیدراڵیی عێراق بە فەرمانی ژمارە ٣٠ی ئەنجومەنی وەزیرانی کاتی، کە هاوتای یاسایە لە ساڵی ٢٠٠٥ دامەزراوە، پێش ئەوەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن گەلانی عێراقەوە پەسەند بکرێت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە دوای ئەوەی دەستوور پەسەند کرا، ئایا نەدەبوو بەپێی ماددەکانی ٩٢ و ٩٣ و ٩٤ی دەستوورەکە یاسایەکی تازە دەربچووایە، بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای ئەو دەستوورە دادگایەکی فیدراڵیی تازە دابمەزرێت؟ بۆچی درێژە بەم دادگا نادەستوورییە درا؟

- دادگای فیدراڵی بەپێی یاسای ژمارە(٣٠)ی ساڵی ٢٠٠٥ دامەزرا، لەبەر ڕۆشنایی ماددەی (٤٤)ی یاسای ئیدارەی دەولەی ساڵی ٢٠٠٤ کە ئەو یاسایە بڕیاری دامەزراندنی دادگایەکی باڵای فیدراڵیی دابوو بۆ عێراق، ئەم یاسایە تا دەرچوونی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ یاسایەکی دەستووری بوو، هەر چەندە سەنەدە دەستوورییەکەی کە یاسای ئیدارەی دەوڵەت بوو، هەڵوەشابوویەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە ماددەیەکمان هەیە لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ لە ماددەی ١٣٠ دەڵێت: «هەموو یاساکانی پێش دەرچوونی ئەو دەستوورە کاریان پێ دەکرێت و بەرکارن تا ئەو کاتەی ئیلغا دەکرێنەوە، یان هەموار دەکرێنەوە، بەپێی ئەحکامی ئەو دەستوورە»، واتە یاسای دادگاکە کە لەپێش دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ دانراوە و دوای دەرچوونی ئەو دەستوورەش یاساکە بە دەستووری مایەوە، تا ئەو کاتەی لە (٢٠٢١/٣/١٨) یاساکە هەموار کرا، بە پێچەوانەی ئەحکامەکانی دەستوور لە ڕووی شکلی و هەروەها بابەتییشەوە، چونکە

**ماددەی (٩٢) لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ ی عێراق دەڵێت: «دادگایەکی فیدراڵی پێک دەهێنرێت لە کۆمەڵێ دادوەر و زانایانی قانوون و شەریعەتی ئیسلام، کە ژمارەیان و چۆنیەتی هەڵبژاردنیان بە یاسایەک ڕێک دەخرێت، کە بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دەردەچێت»**

**لە یاسا هەموارکراوەکەشدا جەخت کراوەتەوە لەوەی نوێنەری پێکهاتەکان لە دادگاکەدا هەبێت، بەڵام هیچ حیساب بۆ پێکهاتەکانی عێراق نەکرا، بە کوردیشەوە کە پێکهاتەیەکی سەرەکییە**

**هەر گۆڕانکارییەک لە دەستوورەکەدا بکرێت، ئەوە دەبێت هەرێمەکان لە ناو ئەو دەوڵەتە فیدراڵییانەدا ڕۆڵیان هەبێت لەسەر ڕازیبوون لەسەر ئەو هەموارکردنە**

**دادگای فیدراڵی دەبێت سەر بە هیچ لایەنێک و دەسەڵاتی دادوەریی ناوەند نەبێت و بە بەشێک لە دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندیش دانانرێت**

**دادگا دەبێت بەپێی دەقەکانی دەستوور کێشەکان ئاراستە و چارەسەر بکات، نەک بکەوێتە ژێر کاریگەریی دۆخە سیاسییەکان و سەربەخۆیی و بێلایەنیی خۆی لە دەست بدات**

ماددەی (٩٢) لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق دەڵێت: «دادگایەکی فیدراڵی پێك دەهێنرێت لە کۆمەڵێ دادوەر و زانایانی قانوون و شەریعەتی ئیسلام، کە ژمارەیان و چۆنیەتی هەڵبژاردنیان بە یاسایەك ڕێك دەخرێت، کە بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دەردەچێت»، بەڵام یاساکە بە دەنگی زۆرینەی سادەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران هەموار کرا، نەوەك بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامان، واتە لە ڕووی شکلییەوە ئەو هەموارکردنە بە پێچەوانەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ ئەنجام درا، هەروەها لە ڕووی بابەتییشەوە بەپێی هەموارکردنەکە دادگایەکە تەنیا لە دادوەر پێکهات، بەپێچەوانەی دەقی ماددەی (٩٢)، هەر بۆیە لە ڕووی بابەتییشەوە هەموارکردنەوەی یاساکە نادەستووری بوو .

لەلایەکی دیکەوە ئەو هەموارکردنەوەیە پێچەوانەی خودی بڕیاری دادگای فیدراڵی ژمارە (٣٨)ی ساڵی ٢٠١٩ بوو، ئێمە هەر لەگەڵ هەموارکردنی یاساکە توێژینەوەیەکی زانستیمان ئەنجام دا و لە گۆڤاری کۆلێژی مافی زانکۆی نەهرەینی عێراق لە مانگی ٢٠٢١/٧ بڵاو کرایەوە بە ناوی (مدى دستورية تعديل قانون محكمة الفدرالية العليا)، لەو توێژینەوەیەدا نادەستووریبوونی ئەو هەموارکردنەوەمان سەلماندووە، بە چەندین بەڵگە و سەنەدی دەستووری، بەڵام بەداخەوە ئەو کاتە کەس گوێی لە ئێمە نەگرت، چونکە ئێمە لەگەڵ توێژینەوەکەدا بۆ چارەسەری دادگای فیدراڵی فلتەری ئەوەشمان دانابوو کە هەرێمەکان و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان لە ناو دادگای فیدراڵیدا پێگەیان هەبێت و بتوانن ڕێگە بگرن لە دەرکردنی ئەو بڕیارانەی کە لە بەرژەوەندی هەرێمەکان نەبێت. هەر چەندە لە یاسا هەموارکراوەکەشدا جەخت کراوەتەوە لەوەی نوێنەری پێکهاتەکان لە دادگاکەدا هەبێت، بەڵام هیچ حیساب بۆ پێکهاتەکانی عێراق نەکرا، بە کوردیشەوە کە پێکهاتەیەکی سەرەکییە. وەکو دەزانین لە ئەندامانی دادگاکە تەنیا دوو دادوەری کوردن، ئەوانیش ناتوانن ڕێگری بکەن لە دەرکردنی بڕیارەکانی ئەو دادگایە، بەڵام بەپێی یاسای دادگاکە پێش هەموارکردنی دادگاکە نەیدەتوانی کۆببێتەوە بۆ دیتنی داوا و کەیسەکان بەبێ ئامادەبوونی تێکڕای هەر نۆ ئەندامەکەی، بەڵام دوای هەموارکردنەوەی یاساکە ئەو فلتەرەشیان نەهێشت، چونکە چوار دادوەری یەدەگیان دانا، لە کاتێکدا هەر دادوەرێك لە نۆ دادوەرە ئەسڵییەکە ئامادە نەبێت بە یەکێك لەو چوار دادوەرە یەدەگە جێگاکەی پڕ دەکرێتەوە و بڕیاری خۆیان دەدەن.

*** لە هەموو دەوڵەتێکی فیدراڵیدا، ئەرکی سەرەکیی دادگای فیدراڵی پابەندبوونە بە دەستوور و تەفسیرکردنی ماددەکانی دەستوور، بۆ ئەوەی بنەماکانی فیدراڵی بچەسپێنێت و هاوسەنگی و هاوبەشی و سەقامگیریی پرۆسەی سیاسیی وڵات بپارێزێت، بەڵام بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیی عێراق خۆی چەند ماددەیەکی دەستووریی لەم بڕیارانەی دواییدا دروست کردووە، وەك ماددەی ٤٩ تایبەت بەمافی پێکهاتەکان، ماددەی ١١٧ و ١٤١ی دەستوور تایبەت بە دەسەڵات و بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان، ددانپێدانانی بە هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی شەرعی و دەستووری، ئێوە بۆ ئەم بابەتە بۆچوونتان چییە؟**

- دەوڵەتی فیدراڵی وەکو کۆنفیدراڵی نییە، چونکە دەوڵەتی کۆنفیدراڵی سەربەخۆییانە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە دەمێنێت، بەڵام لە دەوڵەتی فیدراڵیدا ئەو هەرێمانەی کە ئەو دەوڵەتە فیدراڵییە پێك دەهێنن، تەنازول لەسەروەریی خۆیان دەکەن لەسەر ئاستی دەرەوە، لەپێناو سەروەریی دەوڵەتە فیدراڵییەکەدا، ئەگەرچی بەشدارییان دەبێت لە سەروەریی دەوڵەتە فیدراڵییەکەدا، بۆیە گوزارشتکردن لەو سەروەرییەی دەوڵەتە فیدراڵییە لە ڕێگەی ئەنجومەنی یاسادانانی دووەم دەبێت کە پێی دەگوترێت ئەنجومەنی باڵا، یان ئەنجومەنی هەرێمەکان، یانیش ئەنجومەنی ویلایەتەکان، وەکو ئەنجومەنی پیران لە ئەمریکا کە لە دەستووری ئێمە پێی دەگوترێت ئەنجومەنی فیدراڵی، هاوکات لە ڕێگەی بەشداریکردنی هەرێمەکانیش دەبێت لە دانانی دەستوور و هەموارکردنی دەستوورەکەدا، چونکە ئەو ڕێککەوتنی فیدراڵییە لەسەر ئەساسی دەستوور کراوە، هەر بۆیە هەر گۆڕانکارییەك لە دەستوورەکەدا

بکرێت، ئەوە دەبێت هەرێمەکان لە ناو ئەو دەوڵەتە فیدراڵییانەدا ڕۆڵیان هەبێت لەسەر ڕازیبوون لەسەر ئەو هەموارکردنە، بۆ نموونە لە سویسرا دەبێت هەموو خەڵکی ئەو وڵاتە دەنگ لەسەر هەموارکردنەکە بدەن و لە ئەمریکا دەسەڵاتی یاسانانی دوو لەسەر سێی وڵایەتەکان لەسەر هەموارکردنەکان ڕازی ببن، بەڵام ئەمە لە دەستووری عێراقدا بۆ ئێمە زامن نەکراوە، هەر بۆیە گرنگیی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لەوەدایە زەمانەتی هاوسەنگی بپارێزێت لە نێوان ناوەند و هەرێمەکاندا، هەروەها لە نێوان هەرێمەکان خۆشیاندا، دادگای فیدراڵی دەبێت سەر بە هیچ لایەنێك و دەسەڵاتی دادوەریی ناوەند نەبێت و بە بەشێك لە دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندیش دانانرێت، بەڵکو دەزگایەکە بۆ پاراستنی شکۆی دەستوورەکە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا بۆ پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان ناوەند لەگەڵ هەرێمەکان و هەرێمەکانیش لە نێوان خۆیاندا، ئەگەرچی دادگای فیدراڵی وەك دادگایەکی دەستووری سرووشتێکی یاسایی هەیە، بەڵام بابەتەکانی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە هەمووی بابەتی سیاسین، جا لە بواری تەفسیرکردنی دەستوور بێت، یان چاودێریکردنی یاساکان، یانیش یەکلاکردنەوەی کێشەکان بێت لە نێوان ناوەند و هەرێمەکان و لە نێوان هەرێمەکان خۆیاندا، ئەگەرچی وەکو گوتمان، هەموو بابەتەکان سیاسین، بەڵام دادگا دەبێت بەپێی دەقەکانی دەستوور کێشەکان ئاراستە و چارەسەر بکات، نەك بکەوێتە ژێر کاریگەریی دۆخە سیاسییەکان و سەربەخۆیی و بێلایەنیی خۆی لە دەست بدات. بەداخەوە ئەوەی تێبینیمان کرد هەر لە سەرەتاوە دادگای فیدراڵی نەیتوانی بەو ئاراستەیە کەیسەکان یەکلا بکاتەوە، وەك تەفسیری بۆ ماددەی (٧٦) ی دەستوور تایبەت بە کوتلەی ئەکبەر، تەفسیری بۆ چەمکی زۆرینەی ڕەها، تەفسیری بۆ ماددەی (٧٠)ی دەستوور کە باس لە نیسابی پێویست بۆ دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی تایبەت بە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار دەکات، بڕیارەکانی تایبەت بە پرسی ڕیفراندۆمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧، هەروەها بڕیاری دەربارەی نادەستووریبوونی یاسای نەوت و غازی هەریم کە ساڵی ٢٠١٢ دژی هەرێمی کوردستان بەرز کرایەوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٢ واتە دوای (١٠) ساڵ یەکلا کرایەوە، لە هەموو ئەو کەیسانەی ئاماژەمان پێدان، دادگای فیدراڵی بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بێلایەنانە مامەڵەی نەکردووە.

*** دەستکاریکردنی یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لە یاسادا بە هەموارکردنەوەی یاسا لە قەڵەم دەدرێت، بەمەش دادگای فیدراڵی خۆی خستووەتە جێگەی پەرلەمانی کوردستان و یاساکەی هەموار کردووەتەوە. ئایا لە هیچ دەوڵەتێکی فیدراڵیدا دادگا مافی هەموارکردنەوەی یاسای هەیە؟**

- یەکێك لە تایبەتمەندی و پسپۆڕییەکانی دادگای فیدراڵی بریتییە لە چاودێریکردن لەسەر دەستووریيەتی یاساکان و پەیڕەوەکان، ئەوەی لە ئەنجومەنی وەزیران دەردەچێت، ئێمە لە هەرێمی کوردستان دەستوور و دادگای فیدراڵیمان نییە، بۆیە ئەگەر یاسایەك لە ناوەند، یان لە هەرێم دەرچوو بە پێچەوانەی دەستوور، لەو کاتەدا یاساکە هەمووی پێچەوانەی دەستوور بوو، ئەوە دەتوانێت هەموو یاساکە ئیلغا بکاتەوە، یان چەند ماددەیەکی پێچەوانەی دەستوور بوو، ئەوە دەتوانێت ئەو ماددانە ئیلغا بکاتەوە، بەپێی سنووری ئیختساسەکانی دادگا کە بۆی دیاری کراوە و لەوە زیاتر بۆی نییە زیادەڕەوی بکات. ئەگەر ئەو بڕیارە بخوێنیتەوە کە لەسەر نادەستووریبوونی یاسای هەڵبژاردنی هەرێم داویەتی، دەبینین داواکار داوای نەکردووە کە ڕێژەی کورسیی کۆتاکان بنبڕ بکرێت و نەمێنێت، بەڵکو داوای کردووە ئەو ڕێژەیە پێداچوونەوەی تێدا بکرێت، بەڵام دادگاکە هاتووە کورسیی کۆتاکانی لە بنەڕەتەوە هەڵوەشاندووەتەوە و بە پێچەوانەی پرەنسیپەکانی دەستوور و هەر دوو مادەی ٤٩و ١٢٥یش، لە هەمووی سەیرتر هاتووە بڕگەی (٢)ی ماددەی (٥٢)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی هەڵوەشاندووەتەوە، کە دەڵێت: «پەرلەمانی کوردستان بڕیار لە بابەت و مەسەلە چارەنووسسازەکانی هەرێمی کوردستان دەدات»، ئەمەش دەقێکی گونجاوە بۆ هەرێمی کوردستان کە پەرلەمان نوێنەری خەڵکە و بڕیار لەو بەرژەوەندییە چارەنووسسازانەی خەڵکی

**لە بنەڕەتدا یاسای پێکهێنانی هەرێمەکان هەیە و دەستووریش ڕێگەی پێ داوە وەکو لە ماددەی(١١٧)هاتووە، بەڵام ئەسڵەن لە عێراقدا باوەڕ بە فیدراڵییەت نییە**

**لە ساڵی ١٩٩١ەوە بە ئەمری واقیع هەرێمی کوردستان هەرێمێک بوو کە بارودۆخە ناوخۆیی و دەرەکییەکان فەرزی کردبوو و ئەوانەی لە عێراق دوای ڕوخانی ڕژێمی پێشوو هاتنە سەر حوکم و دەسەڵات، نەیاندەتوانی ئینکاری لەو ئەمری واقیعە بکەن**

**ئەو فیدراڵییەتەی عێراق بەو شێوەیە بەردەوام بێت، بەرەو شکست دەڕوات و بەرەو پێشەوە ناچێت، لەبەر ئەوەی هیچ وڵاتێکی فیدراڵی لە دنیادا نییە تەنیا یەک هەرێمی هەبێت**

**زۆر گرنگە بەپێی ماددەی ٦٥ی دەستوور ئەنجومەنی فیدراڵ هاوشانی ئەنجومەنی نوێنەران پێک بهێنرێت، بەڵام ئەو ئەنجومەنەش بە ماددەی (١٣٧)ی دەستوور پەک خراوە**

**هەموو ئەو کۆسپ و کەموکورییانەی هەیە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە فیدراڵییەتەکەی عێراق لەرزۆک و نەزۆک بێت و نەتوانێت بگاتە سەر، یا ئەوەتا لە داهاتوودا وڵاتەکە بەرەو مەرکەزییەت دەڕوا، یانیش لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە**

کوردستان دەدات، لەبری سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام ئەو برگەیە لە ناو داواکە داوای هەڵوەشانەوەی نەکراوە وە هیچ پەیوەندییەکیشی نییە بە بابەتی داواکە و ئەو ماددانەی دیکەوە کە لە داواکەدا دادگا بڕیاری نادەستووریبوونی داون، تا بڵێین بە پێی مادەی (٤٦)ی پەیڕەوی ناوخۆی دادگاکە ئەو مافەی بەخۆی داوە، بۆیە نازانین دادگای فیدراڵی بە کام پرەنسیپ و بنەمای دەستووری و یاسایی هاتووە ئەم برگەیەی هەڵوەشاندووەتەوە.

*** بۆ بەهێزکردنی بنەماکانی دەوڵەت و سیستمی فیدراڵی، دەبوو دادگای فیدراڵی بڕیاری بدایە کە پەرلەمانی عێراق بە یاسای دروستکردنی هەرێمەکان کار بکات، بەڵام ئێستا سەرۆکی ئەم دادگا فیدراڵییەی عێراق، خۆی دژی درووستبوونی هەرێمی دیکەیە لە عێراقدا وەك لە ماددەی ١١٧ی دەستوور ئاماژەی پێ کراوە؟**

- لە عێراقدا یاسای ڕێکارەکانی پێکهێنانی هەرێمەکان ژمارە(١٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ هەیە، لەژێر ڕۆشنایی ئەو یاسایەدا هەوڵ درا لە ناوەڕاستی عێراقدا هەرێمێك پێك بهێنرێت، بەڵام حکومەتی فیدراڵیی عێراق دژی وەستایەوە، هەروەها لە بەسرە و چەندین پارێزگای دیکەی باشووری عێراقی فیدراڵ بۆ پێکهێنانی هەرێم هەوڵ درا، بەڵام حکومەتی فیدراڵ دژی ئەو هەوڵانەش وەستایەوە. بێگومان لە بنەڕەتدا یاسای پێکهێنانی هەرێمەکان هەیە و دەستووریش ڕێگەی پێ داوە وەکو لە ماددەی(١١٧)هاتووە، بەڵام ئەسڵەن لە عێراقدا باوەڕ بە فیدراڵییەت نییە، هەرچی هەرێمی کوردستانە وەکو هەرێمێك هەبووە پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام لە ساڵی ١٩٩١ـەوە بە ئەمری واقیع هەرێمی کوردستان هەرێمێك بوو کە بارودۆخە ناوخۆیی و دەرەکییەکان فەرزی کردبوو و ئەوانەی لە عێراق دوای ڕوخانی ڕژێمی پێشوو هاتنە سەر حوکم و دەسەڵات، نەیاندەتوانی ئینکاری لەو ئەمری واقیعە بکەن، هەر بۆیەش ئەمە لە دەستووردا جێگیر کرا، بەڵام دەسەڵاتدارانی عێراق نەیانتوانیوە ئەو فیدراڵییەتە بەرەوپێشەوە ببەن، بە بەڵگەی ئەوەی هەموو هەوڵێکیان داوە دژی دروستبوونی هەر هەرێمێکی دیکە، بۆ نموونە نوێنەرانی پارێزگای ئەنبار ماوەیەك پێش ئێستا چووبوونە لای فایق زێدان سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری لە عێراق بە مەبەستی گفتوگۆ و خستنەڕووی هەرێمێك لەو ناوچەیەدا، بەڵام ئەو لە وەڵامدا گوتبووی بە هەموو شێوەیەك پێکهێنانی هەرێمی نوێ لە عێراق قبووڵکراو نییە، بێگومان ئەو جۆرە قسە و بڕیارانە لەلایەن سەرۆکی



ئەنجومەنی قەزاوە پێشێلکارییە لەسەر دەستوور و تەواو پێچەوانەیەتی، هاوکات دژایەتی ڕەوتی فیدراڵییەت لە عێراق دەردەخات، بۆ زانیاری زیاتر و خستنەڕووی واقیعی فدراڵیی عێراق، ئێمە توێژینەوەیەکمان لە ساڵی ٢٠٢٢ لەسەر (سیماکانی شکستی فیدراڵییەت لە عێراقدا) لە گۆڤاریکی زانستی عێراقیدا بڵاو کردووەتەوە، چونکە ئەو فیدراڵییەتەی عێراق بەو شێوەیە بەردەوام بێت، بەرەو شکست دەڕوات و بەرەو پێشەوە ناچێت، لەبەر ئەوەی هیچ وڵاتێکی فیدراڵی لە دنیادا نییە تەنیا یەك هەرێمی هەبێت، لەلایەکی دیکەوە زۆر گرنگە بەپێی ماددەی ٦٥ی دەستوور ئەنجومەنی فیدراڵ هاوشانی ئەنجومەنی نوێنەران پێك بهێنرێت، بەڵام ئەو ئەنجومەنەش بە ماددەی (١٣٧)ی دەستوور پەك خراوە، هەرچەندە ئێمەش وەکو کورد خۆمان خەمساردین لەسەر بەرجەستەکردنی بنەماکانی فیدراڵی لە عێراقدا کە لە دوو پرەنسیپی زۆر گرنگدا خۆی دەبینێتەوە، یەکێکیان (پرەنسیپی سەربەخۆیی خودی هەرێم) ە و دووەمیان (بەشداریی هەرێمی کوردستانە لە ناوەند)، بەداخەوە ئێمە وەکو پێویست پێداگریمان لەسەر هەر دوو ئەو پرەنسیپە گرنگانە نییە، هەر بۆ نموونە بۆ سەربەخۆیی خودی (زاتی) ی هەرێم تا ئێستا نەمانتوانیوە سنووری هەرێمی کوردستان دیاری بکەین لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق، دواخستنی ئەم بابەتەش لە زەرەری ئێمەیە، لە هەموو وڵاتانی فیدراڵیدا سنووری هەرێمەکان دیاری دەکرێت، بەڵام ئەمە لەلای ئێمە تا ئێستا بەو شێوەیە نییە، هەروەها لە کاتێکدا ئێمە زیاتر لە ٧٠ئەندامی پەرلەمانمان هەبێت، ناتوانین ڕێگری لە یاسا و بڕیارێك بکەین کە لە دژی ئێمەی کورد بێت، بەڵام ئەگەر ئەنجومەنی دووەم لەتەك ئەنجومەنی نوێنەران هەبێت، ئەوە هەرێمەکان بە یەکسانی دەنگ و سەنگی خۆیان دەبێت. هەموو ئەو کۆسپ و کەموکوڕییانەی هەیە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە فیدراڵییەتەکەی عێراق لەرزۆك و نەزۆك بێت و نەتوانێت بگاتە سەر، یا ئەوەتا لە داهاتوودا وڵاتەکە بەرەو مەرکەزییەت دەڕوا، یانیش لەبەریەك هەڵدەوەشێتەوە.

*** بەپێی ماددەی ٦٧ دەستوور، دەبێت سەرۆك کۆمار شەونخوونی بکات بۆ پاراستنی وڵات و ڕۆحی دەستوورەکە، ئێستا دەستوورەکە پێشێل دەکرێت، بۆچی سەرۆك کۆمار دەسەڵاتەکانی خۆی بەکار ناهێنێت؟**

- سەرۆك کۆمار لە دەستووری عێراقدا پسپۆڕییەکانی کرداری نین و پرۆتۆکۆڵین، واتە کار و ئیختیساسەتەکانی زیاتر پرۆتۆکۆڵییە، بۆیە سەرۆك کۆمار ناتوانێت بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی ڕاگرێت، چونکە ئەو دادگایە بۆ پاراستنی شکۆی دەستوور دانراوە و بڕیارەکانیشی بڕیاری کۆتایین و دەبێ هەموو دەسەڵاتەکان پێوەی پابەند بن، هەریەك لە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن بە سەرۆك کۆماریشەوە، دەسەڵاتی قەزایی خۆشی دەبێ بە بڕیارەکانی ئەو دادگایە پابەند بێ، بۆیە دەتوانین بە شێوەیەکی پوخت و کورت بڵێین سەرۆك کۆمار ناتوانێت بەرەنگاری بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی ببێتەوە، چونکە ماددەی(٩٤) دەڵێت: بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی (بات و مولزەمە) بۆ هەموو لایەك و دەسەڵاتەکانیش.

**سەرۆک کۆمار لە دەستووری عێراقدا پسپۆڕییەکانی کرداری نین و پرۆتۆکۆڵین، واتە کار و ئیختیساسەتەکانی زیاتر پرۆتۆکۆڵییە، بۆیە سەرۆک کۆمار ناتوانێت بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی ڕاگرێت**



# دیمانەی تایبەت



مایکڵ نایتس، توێژەری باڵایە لە پەیمانگەی واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک، تایبەتمەندی بواری کاروبارە سەربازی و ئەمنییەکانی عێراق، ئێران و وڵاتانی کەنداوە و چەندین توێژینەوەی هەیە لە بواری ئەو میلیشیایانەی عێراق و سووریا کە ئێران پشتیوانییان دەکات، هەروەها زۆر لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی ناتەندروستیی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدایە. لەم دیمانە تایبەتەی گوڵاندا، چەندین پرسی گرنگی تایبەت بە سەردانەکەی ئەم دواییەی مەسرور بارزانی بۆ واشنتۆن دی سی خرانەڕوو، هەروەها سەردانی ١٥ی ئەم مانگەی سەرۆك وەزیرانی عێراق و، هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و، پرسی چارەسەرکردنی کێشەی بودجە و مووچەخۆران و دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی (سۆمۆ)وە، بەم جۆرەش لەسەر ئەم پرسە هەستیارانە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

**مایكڵ نایتس**

**تایبەتمەندی كاروبارە سەربازی و ئەمنییەكانی عێراق بۆ گوڵان:**

# بەشدارینەكردنی پارتی دیموكراتی كوردستان لە هەڵبژاردنەكاندا ئەو پەیامەیە كە بەشداری لە دیموكراسیەتێكی ساختە لە چوارچێوەی فیدراڵیزمێكی ساختەدا ناكات

*** سەردانەكەی ئەم دواییەی مەسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە سەردانێكی گرنگ لە قەڵەم درا، و پێشوازییەكی گەرمیشی لێ كرا لە واشنتۆن دی سی، ئەوە بوو چەندین دیدار و كۆبونەوەی لەگەڵ بەرپرسە حكوومییەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ئەنجام دا، لە دوای ساڵی ٢٠١٩وە ئەمە یەكەم سەردانی بوو وەك سەرۆك وەزیران، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- هەر سەركردەیەك كە سەردانی واشنتۆن دی سی دەكات پێشوازییەكی گەرمی لێ دەكرێت، مەبەستم ئەوەیە كە ئەگەر سەركردەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا مامەڵەیەكی گەرموگوڕ لەگەڵ میوان و سەردانیكارەكانیاندا نەكەن، ئەوا هەر لە بنەڕەتدا بانگهێشتیان ناكەن، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییەك هەیە لە نێوان ئەوەی لە میانەی سەردانەكەدا دیدار لەگەڵ سەرۆكی ئەمریكادا ئەنجام بدەیت، یان نا، ئەوەی پەیوەست بێت بە پرسیارەكەی ئێوەوە، مەسرور بارزانی سەرۆك وەزیران، دیداری لەگەڵ سەرۆكی ئەمریكادا نەبوو، ئەمەش ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە كە واشنتۆن زۆر سەرقاڵە و ئەوەی زیاتر مایەی نیگەرانییە ئەوەیە كە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا پتر مەیلی بە ئاقار و ئاراستەی بەغدایە. هەروەها ئەمریكا بەردەوام ئاماژەی ئەوە دەنێرێت كە دەیەوێت پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتیی

**ئەگەر سەركردەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا مامەڵەیەكی گەرموگوڕ لەگەڵ میوان و سەردانیكارەكانیاندا نەكەن، ئەوا هەر لە بنەڕەتدا بانگهێشتیان ناكەن**

**ئەمریکا بەردەوام ئاماژەی ئەوە دەنێرێت کە دەیەوێت پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەکهەڵوێست و یەکگرتوو بن**

**پێدەچێت ئیدارەی ئێستای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خوازیاری ئەوە بێت کە هەرێمی کوردستان هەندێ لە دەسەڵاتە سەرەکییەکانی ڕادەستی بەغدا بکات**

**پێدەچێت ئیدارەی ئەمریکا نزیکەی بێ هیچ مەرجێک بانگهێشتی سوودانی بکات بۆ واشنتۆن دی سی، ئەوە تەنیا ئەنجومەنی پیرانە کە هەوڵی هاوکاریکردنی کورد دەدات**

**هەلومەرجی سیاسیی کوردستان بە چەشنێکە کە نەتوانرێت وەبەرهێنان بکرێت**

نیشتمانیی کوردستان یەکهەڵوێست و یەکگرتوو بن، بەڵام پێدەچێت ئیدارەی ئێستای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خوازیاری ئەوە بێت کە هەرێمی کوردستان هەندێ لە دەسەڵاتە سەرەکییەکانی ڕادەستی بەغدا بکات، ئەم بارودۆخەش مایەی نیگەرانییەکی زۆرە.

*** ماوەیەکی زۆرە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان نانێرێت، لە ماوەی سەردانەکەیدا بۆ واشنتۆن مەسرور بارزانی داوای ئەوەی کرد، هەرێمی کوردستان شایستەی خۆی بە بەردەوامی و لە کاتی خۆیدا پێ بدرێت، چونکە ئەم دواخستنانە کاریگەریی زۆریان لەسەر دۆخی کوردستان هەبووە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمریکا چ ڕۆڵێکی هەبووە و دەتوانێت هەیبێت بۆ ئەوەی لەم ڕووەوە هاوکار بێت؟**

- شتێکی سرووشتییە کە سەرۆك وەزیرانی عێراق پێویستی بە کوردە بۆ ئەوەی تا ڕاددەیەك خۆشحاڵ بێت پێش ئەوەی سەردانی واشنتۆن دی سی بکات و چاوی بە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەوێت، کە بڕیارە ١٥ی مانگی نیسان بێت. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە هەموو جارێك کورد کەمتر و کەمتری پێ دەبڕێت. لە سایەی حکومەتەکەی مستەفا ئەلکازمی، هەموو ئەوەی کورد دەستەبەری کرد، تەنیا مووچەی مانگێك یان دوو مانگ بوو، لە ئێستادا پێدەچێت ئیدارەی ئەمریکا نزیکەی بێ هیچ مەرجێك بانگهێشتی سوودانی بکات بۆ واشنتۆن دی سی، ئەوە تەنیا ئەنجومەنی پیرانە کە هەوڵی هاوکاریکردنی کورد دەدات. بۆچی دۆخەکە بەم شێوەیەیە؟ ئیدارەی بایدن سەرقاڵە بە هەڵبژاردنەکان و بە شەڕی ئۆکرانیا و ڕووسیا و شەڕی غەززەوە، بەرپرسەکانی ئەم ئیدارەیەش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێیان گوتراوە کە پابەندبوونە نوێیەکانی ئەمریکا لە کەمترین ئاستدا بهێڵنەوە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەمریکا هەوڵێکی زۆر کەمی خستووەتەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پەیوەست بە پرسی بودجەوە لە نێوان هەولێر و بەغدا، یان تەرخانکردنی بودجەی زیاتر بۆ مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان یان پرسی تێچوونی بەرهەمهێنانی نەوت.

*** لە ئازاری ساڵی ٢٠٢٣وە هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە نەوت هەناردە بکات لە ڕێی بۆری نەوتی عێراق-تورکیاوە، کە زیانەکەش بە ملیاران دۆلار دەخەمڵێنرێت، ئەمریکا باسی لەوە کردووە کە هاوکاریی زیاتر دەستەبەر دەکات بۆ سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێم (مەسرور بارزانی)، ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەمریکا ئامادەیە کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی خۆی بەکار بهێنێت بۆ دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان؟**

- ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامادەبووایە بۆ بەکارهێنانی دەستڕۆیشتوویی خۆی لەم ڕووەوە، ئەوا ساڵی پار بۆری نەوتی عێراق و تورکیا دەکرایەوە، ئەم کێشەیە هێندە قورس نییە کە نەتوانرێت چارەسەر بکرێت، بەڵام بەرپرسەکانی هەموو لا، لە نێویاندا بەرپرسانی ئیدارەی ئەمریکا، هێندە ئەم پرسەیان بە قورس گرتووە، وەك ئەوەی ئەمە قەیرانی مووشەکەکانی کوبا، یان هەندێ قەیرانی ئاڵۆزی دیکە بێت، بۆیە ئەوەی پێویستە بکرێت ئەمەیە:

١- تەرخانکردنی تێچووی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی نەوت لە هەمواری یاسای بودجەدا.

٢- عێراق دەست بکات بە فرۆشتنی نەوت لە ڕێی بەندەری جەیهانەوە، بۆ بواردان بە هەناردەکردنی نەوتی نوێ.

٣- پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و کرێی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری نەوت لە ڕێی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

٤- دارشتنی ڕێکارێکی درێژخایەنی یاسایی و بیرۆکراتی لە نێو یاسای فیدراڵی نەوت و غازدا، هەروەها هەموارکردنەوەی یاسای کوردستان بۆ نەوت و غاز، و یاسای هاوبەشیکردنی بودجە.

ڕاستە هەموو ئەمانە مایەی مشتومڕن و هەر پرسێکی بەرهەڵستکار و نەیاری خۆی هەیە، بەڵام ئەمانە پرسی گرنگن لە نێو عێراقدا کە پێویستیان بە گوشاری نێودەوڵەتی هەیە. ئەگەر پێش چەند مانگێك واشنتۆن پەیامێکی بۆ سەرۆك وەزیران سوودانی بناردایە، بەوەی کە بانگهێشت ناکرێیت بۆ کۆشکی سپی تاوەکو چارەسەرێك بۆ ئەم پرسە نەکرێت، ئەوا سەرۆك



وەزیــران کار و کۆششــێکی ســەختی دەکــرد، بــۆ ئــەوەی چارەســەری بکردایــە، لــە ئێســتادا هەنــدێ لــە دەستوورێشــتوویی نــوێ پێویســتە، کــە دەکرێــت تەنیــا دوای هەڵبژاردنــە ســەرۆکایەتییەکەی ئەمریــکا بێــت، و ڕەنگــە لــە ســایەی دەســەڵاتی سەرۆك کۆماریــدا، دەستوورێشــتوویی ڕاستەقینەی ئەمریــکا بــەکار بهێنرێــت.

*** ژووری بازرگانیــی ئەمریــکا پێشــوازییەکی تایبەتــی بــۆ گەیشــتنی ســەرۆك وەزیــران مســرور بارزانــی، ڕێکخســت و چەندیــن بــازرگان و وەبەرهێنــەری ئەمریــکا و کوردیــش ئامــادە بــوون. ئایــا پێشــبینی ئــەوە دەکەیــت کــە پەیوەندییــە ئابوورییەکانــی نێــوان ئەمریــکا و هەرێمــی کوردســتان بــەرەو هەڵکشــان بچێــت؟**

- بــە داخــەوەم لــەم ڕووەوە کوردســتان بودجــەی وەبەرهێنانــی نییــە، ڕاســتە دەرگای کوردســتان واڵایــە بــە ڕووی وەبەرهێنــەری تایبــەت و کەرتــی تایبەتــدا، بــەڵام هەلومەرجی سیاسیی کوردستان بــە چەشــنێکە کــە نەتوانرێــت وەبەرهێنــان بکرێــت، بۆچــی؟

یەکــەم، لەبــەر ئــەوەی بەغــدا بەرەنگاری نزیکەی ســەرجەم لایەنەکانــی هەرێمــی کوردســتانی نیمچــە ســەربەخۆ دەبێتــەوە.

- دووەم، لەبــەر ئــەوەی پارتــە سیاســییەکانی کوردســتان یەکگرتــوو نیــن، ژووری بازرگانیــی ئەمریــکا بۆنــە بــۆ هەمــوو ســەرکردە ســەردانیکارەکانی ڕێــك دەخات، بــەڵام وەبەرهێنــان لــەو کاتــەدا دەکرێــت، کــە بارودۆخــی وڵاتەکــە بــاش و لەبــار بێــت.

مــن ئومێدێکــی زۆرم هەیــە بــە ئاینــدەی گەشتیاری و بازرگانی و خزمەتگوزارییەکان لە کوردســتاندا، بــەڵام پێویســتە ســەرەتا ئــەم دۆخــە قەیراناوییــە تێپەڕێنرێــت- ئەمــەش پێویســتی بــە پەیوەندییەکــی باشــترە لەگــەڵ بەغــدا، هەروەهــا پێویستی بە یەکگرتوویی کورد و پشتیوانییەکی بەهێزتــر هەیــە لەلایــەن ئەمریــکا و تورکیــاوە.

**ئومێدێکی زۆرم هەیە بە ئایندەی گەشتیاری و بازرگانی و خزمەتگوزارییەکان لە کوردستاندا، بەڵام پێویستە سەرەتا ئەم دۆخە قەیراناوییە تێپەڕێنرێت**

*** مەکتەبــی سیاســیی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان بەیاننامەیەکــی بــڵاو کــردەوە و تێیــدا بڕیــاری بەشــدارینەکردنی لــە هەڵبژاردنەکانــی هەرێمــی کوردســتاندا ڕاگەیانــد، و ئامــاژەی بــە نیگەرانییەکانــی کــرد لەبــارەی پێشــێلکارییە دەســتوورییەکان و نەزاهەتــی پرۆســەی هەڵبژاردنــەوە، بــە هــۆی بڕیارەکانــی دادگای فیدڕاڵیــی عێــراق، کەواتــە چــۆن لــە ئاینــدەی پەیوەندییەکانــی عێــراق و هەرێمــی کوردســتان دەڕوانیــت؟**

- هیــچ کەســێك، تەنانــەت یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردستانیش (کە داوای بەرزکردبووەوە لە دادگای فیدڕاڵیــی عێــراق لــە دژی یاســای هەڵبژاردنــی کوردســتان) پێشــبینی ئەوەیــان نەدەکــرد، کــە دادگاکــە ســەرجەم کورســیی کەمینــەکان هەڵبوەشــێنێتەوە، دادگای فیدڕاڵــی لــە زۆر بــواردا

**دادگای فیدڕاڵی لە زۆر بواردا سنووری خۆی تێپەڕاندووە، لە نێویاندا گۆڕینی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٢١ و لە ناوبردنی کەرتی وزەی کوردستان کە بە چەندین ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت**

سنووری خۆی تێپەڕاندووە، لە نێویاندا گۆڕینی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٢١ و لە ناوبردنی کەرتی وزەی کوردستان کە بە چەندین ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت. بایکۆتکردن دەبێتە هۆی ڕێگریکردن لە هەڵبژاردن. واتە ئەمە هاوشێوەی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥ نییە، کە سوننە بایکۆتی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەیان کرد و هەڵبژاردنەکەش بەڕێوە چوو، چونکە ئەم جارەیان لەو ناوچانەی پارتی دیموکراتی کوردستان باڵادەستە تێیاندا هەڵبژاردن ئەنجام نادرێت، کەواتە ڕەنگە ئەمە ڕێگەچارەیەکی کارا بێت، بۆ ئەوەی بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لایەنەکانی دیکە پیشان بدرێت کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری لە دیموکراسییەتێکی ساختەدا ناکات لە چوارچێوەی فیدراڵیزمێکی ساختەدا. لە ساڵی ٢٠٠٣دا کوردستان سەربەخۆیی هەبوو، خاوەنی دراوی خۆی بوو لە فرۆشتنی نەوتی عێراق لە ڕێی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پشکی خۆی هەبوو، کە ئەویش پرۆسەی (نەوت بەرامبەر خۆراك) بوو، بەپێی بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، هەروەها حکومەت و هێزی پێشمەرگەی خۆی هەبوو و بە تەواوەتی دابڕابوو لە عێراقی سەردەمی سەدام حوسێن.

هەرێمی کوردستان تەنیا لەسەر بنەمای بەڵێنەکانی پەیوەست بە نامەرکەزیی ئیداریی نێو دەستووری ساڵی ٢٠٠٥، کە لە نێویاندا ماددەی ١١٧ کە دەڵێت (ئەم دەستوورە لە بەرواری پیادەکردنیەوە ددان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەنێت وەك هەرێمێکی فیدراڵی) هەروەها ماددەی ١٤١ کە دەڵێت: «کارکردن بەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە دەرکراوە بەردەوام دەبێت، بە هەمان شێوە ئەو بڕیارانەش کارپێکراون کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دراون (لەوانەش بڕیارەکانی دادگا و گرێبەستەکان) ئەگەر هەموار نەکرابن، یان هەڵنەوەشابێتنەوە بە پێی بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەنی پەیوەندیدارەوە، بە مەرجێك پێچەوانەی دەستوور نەبێت، ئاوێتەی عێراق بووەوە. هەر بۆیە ئەگەر عێراق لەسەر ئەم ڕەوتە نەرێنییەی ئێستای بەردەوام بێت کە بریتیە لە حوکمڕانیی میلیشیا و برسیکردنی هەرێمی کوردستان، ئەوا ئومێد دەکەم کە جارێکی دیکە هەر دوو حکومەتی ئەمریکا و تورکیا کار لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەن، بۆ ئەوەی ڕێگاچارەیەکی بەدیلیان بۆ دەستەبەر بکەن، تاوەکو لە ڕێی تورکیاوە دەروازەیان بەسەر جیهانی دەرەوەدا هەبێت. هەروەها پێم باشە پارتی دیموکراتی کوردستان هەندێك ئیمتیاز بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بدات، بۆ ئەوەی یەکێتی لە ئەنجامی نائومێدی و ئیحراجبوونەوە زیاتر ڕوونەکاتە بەغدا و ئێران، هەروەك ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا ڕووی دا، بە بێ هەولێر، یان سلێمانی کورستان تووشی شکست دەبێتەوە.

*** بە تێڕوانینی ئێوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبوو و دەیتوانی چ مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکات و لە ئێستادا مامەڵەی بنیادنەر و دروست چییە بۆ ئەوەی ئەمریکا بیگرێتەبەر؟**

- من پێم وایە دەبوو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوکاریی کوردستانی عێراقی بکردایە بۆ ئەوەی لە نێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٣ بە شێوەیەکی فەرمی ببوایەتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. ئەگەر دیکتاتۆرییەکی نوێی میلیشیایی لە بەغدا بێتە ئاراوە، ئەوا پێویستە ئەمریکا بەم بیرۆکەیەدا بچێتەوە، تورکیا ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لەم ڕووەوە، یا دەبێت ئەو نامەرکەزییەتە ئیدارییەی لە دەستووری عێراقدا چەسپێندراوە، جێبەجێ بکرێت، یان پێویستە پشتیوانیی کوردستان بکرێت بۆ ئەوەی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت، ئەمە گۆڕانێکی گەورە دەبێت لە سیاسەتی حەوت ساڵی ڕابردووی ئەمریکادا، کە بریتی بوو لە تەماشاکار لە کاتێکدا کە کوردستان لاواز دەکرا، هەروەها پێویستە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زاڵ بن بەسەر جیاوازییەکانیاندا و بڕیاری کامڵ و پێگەیشتووانە بدەن، بە چەشنی بڕیاری سەرکردە ڕاستەقینەکان. لە هەمان کاتدا پێویستە تورکیا بگەڕێتەوە بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە هەرێمی کوردستان هاوبەشە و مەحاڵە بتوانرێت پەیوەندیی بنیادنەرانە لەگەڵ بەغدا دروست بکرێت.

**ئەگەر عێراق لەسەر ئەم ڕەوتە نەرێنییەی ئێستای بەردەوام بێت کە بریتییە لە حوکمڕانیی میلیشیا و برسیکردنی هەرێمی کوردستان، ئەوا ئومێد دەکەم کە جارێکی دیکە هەر دوو حکومەتی ئەمریکا و تورکیا کار لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەن**

**پێم باشە پارتی دیموکراتی کوردستان هەندێک ئیمتیاز بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بدات، بۆ ئەوەی یەکێتی لە ئەنجامی نائومێدی و ئیحراجبوونەوە زیاتر ڕوونەکاتە بەغدا و ئێران**

**دەبوو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوکاریی کوردستانی عێراقی بکردایە بۆ ئەوەی لە نێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٣ بە شێوەیەکی فەرمی ببوایەتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ**

**یا دەبێت ئەو نامەرکەزییەتە ئیدارییەی لە دەستووری عێراقدا چەسپێندراوە، جێبەجێ بکرێت، یان پێویستە پشتیوانیی کوردستان بکرێت بۆ ئەوەی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت**

دیمانەی تایبەت



پرۆفیسۆر لینۆری مارتین بۆ گوڵان:

# هۆکاری درێژەکێشانی شەڕی غەززە ئەوەیە بڕیاربەدەستانی ئیسرائیل و حەماس توندڕەون

**پرۆفیسۆر لینۆری مارتین، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانستی سیاسیدا کە لە زانکۆی شیکاگۆ بەدەستی هێناوە، ئێستا پرۆفیسۆری هەمان بوارە لە کۆلێژی ئیمانوێڵ لە بۆستن، یەکێکە لە سەرپەرشتیارانی سیمیناری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەلایەن سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی هارڤارد و سەنتەری ویژەهێد بۆ کاروبارە نێودەوڵەتییەکانەوە سپۆنسەری دەکرێت. پرۆفیسۆر مارتین چەندین کتێب و توێژینەوەی نووسیوە لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و ئاسایشی نەتەوەیی ناوچەی کەنداو و سیاسەتی نێودەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆ تاوتوێکردنی هەلومەرجی ئێستای شەڕی ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماس لە کەرتی غەززە و درێژەکێشان و بەردەوامبوونی و ئەگەری هەڵکشان و بەرفراوانبوونی، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.**

*** لە پەیوەندی بە شەڕی نێوان ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماس لە کەرتی غەززە، باس لەوە دەکرێت کە ناکرێت نکۆڵی لەوە بکرێت، ئۆباڵی تەقینەوەی بارودۆخەکە و درێژەکێشانی ئەم شەڕەش لە ئەستۆی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتداییە، بەتایبەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئێستاش هەوڵێکی جددی نابینرێت بۆ ڕاگرتنی شەڕەکە و کۆتاییهێنان بەم دۆخە ناهەموارە. ڕاتان لەو بارەیەوە چییە؟**

- ئەم شەڕەی لە ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣ دەستی پێکرد، هەموو شتێکی گۆڕی، پێش ئەم شەڕە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە چەشنێك مامەڵەی لەگەڵ کێشەی فەڵەستین و ئیسرائیل دەکرد، کە پێی وابوو، دەکرێت بارودۆخەکە بەو شێوەیەی کە هەبوو بەردەوام بێت، لە پەیوەندی بە ناکۆکیی ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماسەوە کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد کە زۆر لە ناکاو حەماس هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل، ئەمەش تەواوی هاوکێشەکانی پێچەوانە کردەوە و، تەنانەت لەو کاتەدا سعودیە بە چەشنێکی جددی بیری لە ڕێککەوتنێکی سێ لایەنە دەکردەوە، واتە لە نێوان عەرەبستانی سعودیە و دەوڵەتی ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە ڕاستیدا بڕیار بوو کە ئەم ڕێککەوتنە دادانپێدانانی عەرەبستانی سعودیە بە دەوڵەتی ئیسرائیل لەخۆ بگرێت، لەگەڵ ئەنجامدانی ڕێککەوتنێکی ئەمنی لە نێوان سعودیە و ئەمریکادا، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد، بێ ئەوەی گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە بارودۆخی فەڵەستینییەکاندا بێتەئاراوە (ئەمەش بەو واتایە دەهات کە هیچ هەوڵ و کۆششێکی جددی لە ئارادا نەبوو بە ئاراستەی بەدیهێنانی دەوڵەتێك بۆ فەڵەستینییەکان) تەنانەت لەم ڕووەوە ئەو باوەڕە لە ئارادا بوو، کە ئەگەری ئەنجامدانی ئەم ڕێککەوتنە هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی بزووتنەوەی حەماس لە ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣دا هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل. ئێستاش کە شەڕەکە بەردەوامە ئەوا پێم وایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا و دەوڵەتە عەرەبییەکان دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ و گەورەیان هەبێت لە سنووردارکردنی دەسەڵاتی توندڕەوەکانی نێو بزووتنەوەی حەماس و دەوڵەتی ئیسرائیل، و کارکردن لەسەر ئەوەی فەڵەستینی و ئیسرائیلییەکان هەوڵ بدەن و هەنگاو هەڵبگرن بە ئاراستەی چارەسەری (دوو دەوڵەت)، واتە دروستکردنی دەوڵەتێکی فەڵەستین لە پاڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا.

**کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد کە زۆر لە ناکاو حەماس هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل، ئەمەش تەواوی هاوکێشەکانی پێچەوانە کردەوە**

**ئەمریکا و ڕۆژئاوا و دەوڵەتە عەرەبییەکان دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ و گەورەیان هەبێت لە سنووردارکردنی دەسەڵاتی توندڕەوەکانی نێو بزووتنەوەی حەماس و دەوڵەتی ئیسرائیل**

*** زۆرێك لە سیاسەتمەدار و شرۆڤەکاران هۆشدارییان دەدا لە ئەگەری هەڵکشان و بەرفراوانبوونی شەڕەکە، واتە ئەو کاتە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، باس لە ئەگەری ئەوە دەکرێت کە شەڕەکە تەشەنە بکات و گەورەتر بێت و ببێتە شەڕێکی ئیقلیمی و وڵاتانی دیکەش بگرێتەوە، بەڵام سەرباری بەردەوامبوون و درێژەکێشانی شەڕ هێشتا ئەم سیناریۆ خراپە ڕووی نەداوە، ئەمە سەرەڕای چەندین پێشهات و پەرەسەندنی نیگەرانکار، ئایا دەکرێت ئەم شەڕە کۆنترۆڵ بکرێت و لەوە زیاتر بەرفراوان نەبێت؟**

- وەك پێشتر ئاماژەم پێ کرد، فاکتەری سەرەکیی درێژەپێدانی ئەم شەڕە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە ناو هەردوو دەسەڵاتی ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماسدا، ئەو خەڵکانە باڵادەستن کە توندڕۆیانە بڕیار دەدەن، بۆیە هەموو ئەوەی دەتوانم لەم بارەیەوە بیڵێم، ئەوەیە کە پێویستە ئومێدەوار بین لەم ڕووەوە و ڕێگری لە تەشەنەکردنی شەڕەکە بکرێت.

*** بەڵام ئەگەر شەڕەکەش بەرفراوان نەبووبێت، ئەوا دەبینین کە ئەم شەڕە دەرهاویشتە و لێکەوتەی**

**لە شوێنەکانی دیکەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە. ئەوەتا لە ناوچەی دەریای سووردا هێزی دەریایی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرپەرچی هێرشەکانی بزووتنەوەی حوسییەکان دەداتەوە کە لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێن و هێرش دەکەنە سەر کەشتییە بازرگانییەکان کە ڕەنگە هیچ پەیوەندییەکیشیان بە ئیسرائیلەوە نەبێت، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟**

- ئەوە ئاشکرایە کە حوسییەکان بە چەشنی بزووتنەوەی حەماسی فەڵەستینی و حزبوڵڵای لوبنانی وەکیلی ئێرانن، واتە ئەوەی پێی دەگوترێت بەرەی موقاوەمە، ئەم هێرشانەی حوسییەکان بوونەتە هۆی دروستکردنی بارگرانی لەسەر دانیشتووانی جیهان، چونکە بوونەتە هۆی زیادبوونی تێچوونی گواستنەوەی کەلوپەلەکان، هەروەها ئەم هێرشانە دۆخێك دروست دەکەن، کە زەحمەتتر بێت بۆ عەرەبستانی سعودیە بۆ ئەوەی پابەند بێت بە ڕێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ حوسییەکان، کە دەبووە هۆی هێنانەئارای سەقامگیرییەکی زیاتر بۆ ناوچەی کەنداو و هاوکاریکردنی گەلی یەمەن، کە دەناڵێنن بەدەست شەڕی ناوخۆوە. هەرچۆنێك بێت، ئێستا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هەوڵ دەدەن بە شێوەیەکی گونجاو بەرەنگاری حوسییەکان ببنەوە و تەنانەت هەندێ پێیان وایە پێویستە کاری زیاتر بکرێت بۆ بەرپەرچدانەوەیان.

*** ئەوەی پەیوەندی بە ناوخۆی ئیسرائیلەوە هەبێت، ئەوا ئاستی جەماوەریبوونی سەرۆك وەزیران بنیامین نەتنیاهۆ تەواو دابەزیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕای گشتیی ئیسرائیل پشتیوانیی شەڕ بوون بۆ لاوازکردن و لە ناوبردنی حەماس، ئایا ئێستاش سەرەڕای ئەوەی زۆر لایەن داوا دەکەن و گوشار دەکەن بۆ ئەوەی ئاگربەستێك ڕابگەیەندرێت و کۆتایی بەم شەڕە بهێنرێت، ئایا پێت وایە شەڕەکە درێژە دەکێشێت و بەردەوام دەبێت؟**

- ئەوەی دەکرێت بگوترێت ئەوەیە کە ڕای گشتیی ئیسرائیل متمانەی بە حکومەتەکەی بنیامین نەتنیاهۆ نییە، بەڵکو باوەڕی بەوە هەیە کە لەلایەن سوپا، یان هەواڵگریی وڵاتەکەیەوە پارێزگاری لێ کراوە. دواتر پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەری ئەوە هەیە حەماس وەك هێزێکی سیاسی لە ناو ببردرێت و کۆتایی پێ بهێنرێت؟ تا ئێستا وەڵامی ئەم پرسیارە ڕوون نییە و پێناچێت مومکینیش بێت، بۆیە ناکرێت خەڵکی سڤیلی فەڵەستین ئەم باجە قورسە بدەن کە دەیبینین، هەربۆیە بە دڵنیاییەوە پێویستە ئیسرائیل چارەسەرێك بۆ دۆخی تەندروستیی خەڵکی فەڵەستین لە کەرتی غەززە لە ڕوی شوێنی نیشتەجێبوون و خۆراك و ئاو و کارەبا و چاودێریی تەندروستییەوە بدۆزێتەوە، هەروەها دەبێت ئیسرائیل ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێت و پێویستە پرۆسەی دووبارە بنیادنانەوەی کەرتی غەززە دەست پێبکات.

*** ئەوە ڕوونە کە پرسی جیۆپۆلەتیك ڕەهەندێکی گرنگی قەیران و تەنگژەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، کە گرێ دراوەتەوە بە بەرژەوەندی و جیۆپۆلەتیکی ڕۆژئاواوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم فاکتەرە چ ڕۆڵێکی لە شەڕەکەی غەززەدا هەیە؟**

- من وەڵامەکەی پێشوو دووبارە دەکەمەوە، کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێش هێرشەکەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل دەیویست بارودۆخەکە بەو شێوەیەی کە هەیە لە نێوان ئیسرائیل و فەڵەستین بەردەوام بێت و کارێکی جددی نەکرد، بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای چارەسەری ئاشتییانەی (دوو دەوڵەت) چارەسەری کێشەی فەڵەستین و ئیسرائیل بکات، تا دەوڵەتی فەڵەستین شان بە شانی دەوڵەتی ئیسرائیل دابمەزرێت و کێشەکە بە تەواوەتی چارەسەر بکرێت.

*** بابەتێکی دیکەی گرنگ هەیە، ئەویش کاریگەریی ئەم شەڕەیە لەسەر پرسی پەیوەست بە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و چەند وڵاتێکی عەرەبییەوە، ئایا ئەم شەڕە نابێتە هۆی ئەوەی ئەگەری بەردەوامبوونی ئەم ئاساییبونەوەی پەیوەندییانە لاواز ببێت و کۆتاییان پێ بێت؟**

- ئێمە دەبێت لەم ڕووەوە لە هەلومەرجە گشتییەکە بڕوانین، چونکە ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە هێشتا ئێران بە چەشنێك ڕەفتار دەکات کە وڵاتانی کەنداو و وڵاتانی دیکەش وا لێی دەڕوانن کە مایەی هەڕەشە بێت بۆ سەر سەقامگیریی ئەوان، کەواتە لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین، کە وڵاتانی میسر و ئەردەن و زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەی کەنداو بەهێزتر دەبن و لە پێگەیەکی باشتردا دەبن، ئەگەر پشتیوانیی ئیسرائیلیان بۆ دەستەبەر ببێت، بەڵام ئەو پشتیوانییەش تەنیا ئەو کاتە بەدەست دەهێنرێت کە کاری جددی بکرێت و هەنگاوی ڕاستەقینە هەڵبگیرێت بەرەو بەدیهێنانی ئاشتی و هێنانەئارای دەوڵەتی فەڵەستین لەپاڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا.

**ئەم هێرشانەی حوسییەکان بوونەتە هۆی دروستکردنی بارگرانی لەسەر دانیشتووانی جیهان، چونکە بوونەتە هۆی زیادبوونی تێچوونی گواستنەوەی کەلوپەلەکان**

**ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هەوڵ دەدەن بە شێوەیەکی گونجاو بەرەنگاری حوسییەکان ببنەوە و تەنانەت هەندێ پێیان وایە پێویستە کاری زیاتر بکرێت بۆ بەرپەرچدانەوەیان**

**ڕای گشتیی ئیسرائیل متمانەی بە حکومەتەکەی بنیامین نەتنیاهۆ نییە، بەڵکو باوەڕی بەوە هەیە کە لەلایەن سوپا، یان هەواڵگریی وڵاتەکەیەوە پارێزگاری لێ کراوە**

**هێشتا ئێران بە چەشنێك ڕەفتار دەکات کە وڵاتانی کەنداو و وڵاتانی دیکەش وا لێی دەڕوانن کە مایەی هەڕەشە بێت بۆ سەر سەقامگیریی ئەوان**



خەلیل محەمەد

ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# پەکەکە نەک تەنیا باوەڕی بە بیری نەتەوەیی نییە، بەڵکو دژی سەربەخۆیی کوردستانە

# چەکدارانی پەکەکە بە هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی حەشدی شەعبی دەیانەوێت دەست بەسەر کەمپی مەخموور‌دا بگرن کە ئاوارەکانی باکووری کوردستانی لێ نیشتەجێن

**چەکدارانی پەکەکە چەندین شوێنی سنووری خاکی هەرێمی کوردستانیان داگیر کردووە، هەر بەم هۆیەوە ژمارەیەکی زۆری گوندە سنوورییەکان ئاوەدان نەکراونەتەوە و دەستی سوپای و درۆنی تورکیان ڕاکێشاوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و بۆ بەرژەوەندیی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان کار دەکەن. بۆ تاوتوێکردنی ئەو پرسیارانە و چەندین پرسیاری دیکە، گۆڤاری گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ خەلیل محەمەد ئەندامی پێشووی پەکەکە ئەنجام دا.**

*** هەرێمی کوردستان بووەتە پێگەیەك بۆ هەموو گەلی کوردستان لە هەر چوار پارچەدا، ئایا لایەنگران و ئەندامانی پەکەکە و گرووپە چەکدارەکانیان ئەم ڕاستییە نازانن کە بۆ بەرژەوەندیی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان کار دەکەن؟**

- هاتن و پەلاماردانی باشووری کوردستان لەلایەن چەکدارانی پەکەکەوە خۆی لەوەوە دەبینێتەوە کە لە باشووری کوردستان قەوارە و کیانێکی ئازاد و دیموکرات و فیدراڵ و سەربەخۆ هەیە، کە بووەتە چەتر و پەناگەیەکی بەهێز و سەقامگیر بۆ هەموو تاکێکی کوردستانی لەهەر شوێنێکی دنیا بن. هەر بۆیە پێویستە هەموو تاکێکی کورد لەو دنیایەدا، وەکو دڵ و گیان و چاوی خۆی ئەو بەشە ئازادەی کوردستان کە هەرێمی کوردستانە بپارێزێت. بێگومان چەکدارانی پەکەکە لێرە بوونەتە سەرئێشە و زەحمەتێکی گەورە بۆ حکومەت و لایەنی ئەمنیی هەرێمی کوردستان، لێرە باسی نموونەیەك دەکەین، چەکدارانی پەکەکە لەگەڵ هاتنی داعش بۆ شنگال هاتوونەتە ناوچەکە و ئەگەرچی شەڕ کۆتایی هاتووە و مەترسیی داعش لەسەر ناوچەکە نەماوە و هێزی پێشمەرگە هەرچی پێویستە وەك ئەرك لەسەریان بۆ خزمەتی کوردستان پێشکەشی دەکەن، بەڵام چەکدارانی پەکەکە لە شنگال ناکشێنەوە و چۆڵی ناکەن، تاوەکو ناوچەکە ئارام و ئاوەدان ببێتەوە و خوشك و برایانی ئاوارەی ئێزدی بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.

**پێویستە هەموو تاکێکی کورد لەو دنیایەدا، وەکو دڵ و گیان و چاوی خۆی ئەو بەشە ئازادەی کوردستان کە هەرێمی کوردستانە بپارێزێت**

*** ئایا ئەو کارە تێکدەرییانەی چەکدارانی پەکەکە ئەنجامی دەدەن، بووەتە هۆکاری ئەوەی جەماوەریان لە دەست بدەن؟**

- پێویستە بڵێین، لەو کاتەی کە باکووری کوردستان خاوەنی ئەو هەموو چیا و شاخە سەخت و دژوارانەیە، بەڵام چەکدارانی پەکەکە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان کە باکووری

**چەکدارانی پەکەکە لە شنگال ناکشێنەوە و چۆڵی ناکەن، تاوەکو ناوچەکە ئارام و ئاوەدان ببێتەوە و خوشک و برایانی ئاوارەی ئێزدی بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.**

**خەڵکی باکووری کوردستان بەتایبەت ئەوانەی بیری نەتەوایەتی و کوردایەتیان هەیە، بە تەواوی خۆیان لە پەکەکە کێشاوەتەوە و باوەڕیان پێیان نەماوە**

**لەدوای ئەوەی پەکەکە لەسەر ڕێگای نەتەوەیی لایدا، بووەتە هێزێکی چەکدار لە ناوچەکەدا کە بەپێی داواکاریی وڵاتانی هەرێمایەتی دەجووڵێتەوە**

**لە ڕێگای پەکەکەوە دەستی سەربازانی تورکیا گەیشتە ناوچە سنوورییەکان کە بەم هۆیەوە زیاتر لە (٦٠٠) گوندی ئەو ناوچە و دەڤەرانە چۆڵیان کردووە و تا ئێستاکەش ئاوەدان نین**

کوردستانە بەجێهێشت و هاتن پەلاماری سنوور و خاکی هەرێمی کوردستانیان دا و چەند شوێنێکی کە بە خوێنی ڕۆڵە و نیشتمانپەروەرانی باشووری کوردستان ڕزگارکراون، داگیریان کردووە. بە شێوەیەك کە ئەو ناوچەو شوێنانەیان وێران کردووە و ژیانی تێدا نەماوە. بەم کارانە خەڵکی باکووری کوردستان بەتایبەت ئەوانەی بیری نەتەوایەتی و کوردایەتیان هەیە، بە تەواوی خۆیان لە پەکەکە کێشاوەتەوە و باوەڕیان پێیان نەماوە. لەلایەکی دیکەوە بەهۆی شەڕی خەندەق کە ماڵوێرانی و کاولکاری بۆ گەلی کورد و کوردستانی باکوور هێنا و تێدا باکووری کوردستان لە ڕووی گیانی و دارایی زەرەر و زیانی زۆریان بەرکەوت، ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە کە وای کردووە پەکەکە لە ڕووی چەکداراری و ڕێکخستنەوە زۆر لاواز بێت، بەتایبەت لە بەشی باکووری کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان، هاوکات سەرکردەکانی چەکدارانی پەکەکە هەموویان باوەڕیان بە کوردایەتی نییە، بەڵکو باوەڕی ڕاستەقینەیان نەك مارکسییە، بەڵکو بۆ بەرژەوەندیی شەخسی و دارایی خۆیان کار دەکەن و کوڕ و کچ وگەنجانی کورد بەتایبەتی بە کوشتن دەدەن، بەبێ ئەوەی بزانن ئامانج و ستراتیژیەتیان چییە. ئەو هۆکارانە و چەندانی دیکە بۆ لایەنگیرانیان ئاشکرا بووە، بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ جەماوەریان کەم دەبنەوە.

*** ئایا چەکدارانی پەکەکە چۆن بوونەتە داردەستی ئەو گرووپە لە یاسا دەرچووانەی کە دژی هەرێمی کوردستانن؟**

- زۆربەی کردەوە چەکداراییەکانی پەکەکە پێشتر و ئێستاکەش لە هەرشوێنێکی کوردستانی گەورەش بێت و، بەتایبەتی ئەوەی لە باشووری کوردستان ئەنجامی دەدەن، بە داردەستیی وڵاتانی داگیرکەر و حەشدی شەعبییە، هەموو پیلان و کارەکانی پەکەکە لە باشووری کوردستان بۆ نانەوەی ناسەقامگیری و ئاشووبە و دژایەتییێکی زۆری بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن، چونکە پەکەکە نەك تەنیا باوەڕی بە بیری نەتەوەیی نییە، بەڵکو دژی سەربەخۆیی کوردستانە کە سەربەخۆیی کوردستانیش پلان و ستراتیژیەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەنابی سەرۆك بارزانییە، ئەمەش زیاتر دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەسەر دەستی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی هاتەدی، بۆیە وڵاتانی دوژمن و داگیرکەری کوردستان زیاتر دەستیان خستە پشتی پەکەکە بۆ نانەوەی کێشە و گرفتی جۆراوجۆر لە ناو هەرێمی کوردستاندا.

*** ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە چەکدارانی پەکەکە لە باشووری کوردستان بەتایبەتی لە دەڤەری سلێمانی بە شێوەی گرووپ جموجووڵیان زیادی کردووە، بەمەش پشێویی زیاتریان ناوەتەوە. ئایا هیچ وڵات و لایەنێك هەیە پشتگیرییان لێ بکات؟**

- پەکەکە هەر لەگەڵ پەلاماردانی سنووری باشووری کوردستان مەبەستەکانی بۆ هەموو خەڵك و میللەتی کورد دەرکەوت، کە بیری نەتەوەیی و سەربەخۆیان بۆ گەلی کوردستان ناوێت، هەر ئەمەش وای کردووە بەردەوام شۆڕشگێڕان و ڕێکخستنەکانیان لێیان دوور دەکەونەوە. هەروەها لەدوای ئەوەی پەکەکە لەسەر ڕێگای نەتەوەیی لایدا، بووەتە هێزێکی چەکدار لە ناوچەکەدا کە بەپێی داواکاریی وڵاتانی هەرێمایەتی دەجووڵێتەوە هەر ئەمەش وای کرد، پەلاماری باشووری کوردستان بدەن و چەند ناوچەیەکی سنووری وەك چیای قەندیل داگیر بکەن و مەبەستی سەرەکی و مانەوەیان لەخاکی باشووری کوردستان دژ بە حکومەت و پەرلەمان و ئەو سەقامگیری و سەروەریی یاساییە کە لە هەرێمی کوردستان هەیە، لەلایەکی دیکەوە لەدوای شەڕی خەندەق چەکدارانی پەکەکە زیاتر وره و توانایان لە هەموو ڕوویێکەوە بەتایبەتی لە ڕووی سەربازی دارماوە، بۆیە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ دەبێت وەك چەند گرووپێکی چەکدار لەچەند ناوچەیەکی باشووری کوردستان بەتایبەت لە دەڤەری سلێمانی دەردەکەون، کە پێشتر لە ڕێگای پەکەکەوە دەستی سەربازانی تورکیا گەیشتە ناوچە سنوورییەکان کە بەم هۆیەوە زیاتر لە (٦٠٠) گوندی ئەو ناوچە و دەڤەرانە چۆڵیان کردووە و تا ئێستاکەش ئاوەدان نین. لە ئێستادا بە هۆی جووڵەی گرووپ گرووپی چەکدارەکانی پەکەکە لە چەندین ناوچەی جیاجیای هەرێمی کوردستان، درۆنی تورکیا بۆردومانیان دەکات هاوکات، بەم هۆیەوە خەڵکی

مەدەنی لەو ناوچانەی باشووری کوردستانیش ڕووبەڕووی زیانی گیانی و دارایی بوونەتەوە. بێگومان ئەو کارانەی چەکدارانی پەکەکە بەبێ پشتگیریی لایەن و وڵاتان نایێت، بەتایبەتی حەشدی شەعبی و میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە ڕووی مووچە و پێداویستییان یارمەتی پەکەکە دەدەن.

*** ئایا چەکدارانی پەکەکە هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ وڵاتانی هەرێمایەتی بەتایبەتی لەگەڵ تورکیا هەیە، کە زۆر لە چاودێرانی سیاسی باسی ئەوە دەکەن؟**

- ئەمە مەترسییە گەورەکەیە کە چەکدارانی پەکەکە بە نهێنی و لە ژێرەوە پەیوەندییان لەگەڵ حکومەتی تورکیا و عەسکەرتاریەت هەبێت. بەڵام لە ئێستادا کۆمەڵگەی کوردستان هۆشیارە و زیاتر ئەو کردەوانە دەزانرێت. چونکە چەکدارانی پەکەکە هەرچی جووڵە و کردەوەیان هەیە، پێش ئەنجامدانی لەلایەن حکومەت و سوپای تورکیا دەزانرێت، کە ئەمەش جێگای گومانە کە کەسانێ لەناو پەکەکە جگە لەوەی خۆویست و مشەخۆرن، ئەوە دژی گەلی کوردستان و باکووری کوردستانیش بۆ بەرژەوەندیی سوپای تورکیا کار بکەن. چونکە ڕۆژانە زانیاری و داتای هەستیار لەسەر پەکەکە بە تورکیا دەدرێت، کە ئەمەش وای کردووە، دەبینین لە جووڵەی هەر گرووپ و ئۆتۆمبێلێکی چەکدارانی پەکەکە لەهەر شوێنێك بێت، درۆنی بۆ هەڵدەستێت و ئەو شوێنە بوردومان دەکەن. من دڵنیایی دەدەم بۆ کەسانی نەتەوەیی و نیشتمانی و دڵسۆزانی کورد و کوردستان، پەکەکە نەك تاکە کەس، بەڵکو تاقم و گرووپی زۆر خراپ و دوژمنکارانەی گەلی کورد و کوردستانی تێدایە، کە کار بۆ دوژمن و داگیرکەران دەکەن.

*** هۆکار چی بوو، چەکدارانی پەکەکە هەوڵ و پرۆسەی ئاشتییان لەبار برد، کە جەنابی سەرۆك بارزانی هەموو هەوڵ و توانایی خۆی بۆ تەرخان کردبوو؟**

- پەکەکە هیچ کاتێك باوەڕی بە گفتوگۆ و دیالۆگ نییە لەگەڵ هیچ لایەن و حزب و کەسێك، بەتایبەتی کە دیتیان جەنابی سەرۆك بارزانی وەك کاریزما و مەرجەعیەتی گەلی کوردستان بە هەوڵ و تێکۆشانێکی لەخۆبردەیی خۆی تەرخان کرد، کە کێشەی باکووری کوردستان لەگەڵ حکومەتی تورکیا بە ئاشتی و گفتوگۆ چارەسەر بکات، بەڵام چەکدارانی پەکەکە زانییان بە هۆی ئەو چارەسەرە ئاشتییەوە، ئەو پیلان و کردەوانەی بۆیان داڕێژراوە، جێبەجێ نابێت، هەستان شەڕی خەندەقی ماڵکاولیان بۆ کوردی باکوور نایەوە و پرۆسەی ئاشتییان لەبار برد، سەرەڕای ئەمەش لێرەو لەوێ کەمین و بازگە و کێشەیان بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناو سنووری باشووری کوردستان دادەنا، لەلایەکی دیکەوە پێویستە خەڵك بەگشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی بزانن کە بەرژەوەندیی چەکدارانی پەکەکە، بەتایبەتی سەرکردەکانیان لە پرۆسەی گفتوگۆ و ئاشتیدا نییە، چونکە پەکەکە هەموو کاتێك یەکێك لەو لایەن و هێزانەیە لە ناوچەکەدا کە کاری قاچاخ بە ماددە هۆشبەرەکان دەکات، بەتایبەتی لە ڕێگای ئێران بۆ هەرێمی کوردستان و چەندین شوێن و وڵاتی هاوردەی دەکات. ئەو کردەوە قێزەونە نامرۆڤایەتییە بەهۆی ئاشتی و سەقامگیری ئەگەر نەمێنێتیش ئەوە زۆر کەم دەبێتەوە، هەر بۆیە لێرە بە پێویستی دەزانم لایەنی پەیوەندیدار و ئاسایشی هەرێمی کوردستان زۆر هەستیار و بەئاگا بن لەوەی کە چەکدارانی پەکەکە یەکێکن لەو لایەنە خراپانەی کە بازرگانیی ماددەی هۆشبەر لە ناوچەکەدا ئەنجام دەدەن.

*** بۆچی لە ئێستادا پەکەکە زیاتر ڕوویان لە قەزای مەخموور کردووە؟**

- مەبەست لەو کردەوانەی چەکدارانی پەکەکە بەرانبەر کەمپی ئاوارەکانی مەخموور، زیاتر بۆ نانەوەی پشێوی و ناڕەحەتی و ناسەقامگیریی هەرێمی کوردستانە و ئەو کارانەشیان وای کردووە، ئەو ناوچانەش بکەونە بەر وێزە و بوردمانەکانی سوپای تورکیا و درۆنەکانیان، هەروەها چەکدارانی پەکەکە بە هاوکاری و پاڵپشتیی حەشدی شەعبی دەیانەوێت ئەو کەمپەی کە کوردانی باکوور تێدا نیشتەجێن لە مەخموور، بکەوێتە ژێر دەستی خۆیان و بەو هۆیەوە ناسەقامگیری و پشێوی تێدا دروست بکەن.

**به هۆی جووڵەی گرووپ گرووپی چەکدارەکانی پەکەکە لە چەندین ناوچەی جیاجیای هەرێمی کوردستان، درۆنی تورکیا بۆردومانیان دەکات هاوکات، بەم هۆیەوە خەڵکی مەدەنی لەو ناوچانەی باشووری کوردستانیش ڕووبەڕووی زیانی گیانی و دارایی بوونەتەوە**

**حەشدی شەعبی و میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە ڕووی مووچە و پێداویستییان یارمەتی پەکەکە دەدەن**

**چەکدارانی پەکەکە هەرچی جووڵە و کردەوەیان هەیە، پێش ئەنجامدانی لەلایەن حکومەت و سوپای تورکیا دەزانرێت**

**دڵنیایی دەدەم بۆ کەسانی نەتەوەیی و نیشتمانی و دڵسۆزانی کورد و کوردستان، پەکەکە نەك تاکە کەس، بەڵکو تاقم و گرووپی زۆر خراپ و دوژمنکارانەی گەلی کورد و کوردستانی تێدایە، کە کار بۆ دوژمن و داگیرکەران دەکەن**

# بە بۆنەی ڕۆژی ژینگەی هەرێمی کوردستان

## بەشێک لە کار و چالاکییەکانی دەستەی ژینگە لە ماوەی یەک ساڵدا

لەو کاتەی پیرۆزبایی ڕۆژی ژینگەی هەرێمی کوردستان لە تەواوی ژینگەدۆستان دەکەین، خوازیارین کە ئەم ڕۆژە و ئەم ڕێکەوتە وەك وەڵامدانەوەیەکی ژیاندۆستانە بووبێت، بۆ ئەو ڕۆژەی دوژمنانی کورد (بالیسان و شێخ وەسان)یان بە چەکی کیمیایی بۆردومان کرد لە ١٩٨٧/٤/١٦، هەر ئاواش ئەم ڕۆژە وەڵامدانەوەیەکی ژینگەدۆستانە بێت، بەرانبەر هەر کارو چالاکییەك کە دەبێتە مایەی پیسبوونی ژینگەکەمان.

هەر لەم بۆنەیەشدا باشتر وایە لەڕووی کردارییەوە ئاماژە بە بەشێك لەو کار و چالاکییانە بکەین، کە دەستەی ژینگە لە (٢٠٢٣/٤/١٦)وە هەتا (٢٠٢٤/٤/١٦) ئەنجامی داون لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەت کە ئامانجەکەی لە ناونیشانێکی گرنگدا کۆکردووەتەوە و دەڵێت: ژینگە گەورەترین سەرمایەی هەرێمە و میکانیزمەکانیشی لە دوو خاڵی سەرەکییدا چڕ کردووتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە هەوڵدان بۆ بەکەلتوورکردنی چەمکی ژینگەپارێزیی لە ڕێگەی هۆشیارکردنەوە و کەمکردنەوەی مەترسییە ژینگەییەکانیش لە ڕێگەی یاساو پەیڕەوو ڕێنماییەکانەوە:

یەکەم: لە بواری کارگێڕیدا:

کردنەوەی فەرمانگەیەکی نوێ بەناوی فەرمانگەی گۆڕانی کەشوهەوا.

تەواوکردنی ڕێکارە ئیداری و داراییەکانی کردنەوەی فەرمانگەی ژینگەی ئیدارەی سۆران.

تەواوکردنی ڕێکارە ئیداری و داراییەکانی کردنەوەی فەرمانگەی ژینگەی ئیدارەی زاخۆ.

ئامادەکردنی پەیڕەوی ڕێکخستنی پەیکەری دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە.

دووەم: لە بواری یاساییدا:

دەرچوواندنی ڕێنمایی نوێی ڕێکخستنی ڕاو ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٣).

دەرچوواندنی ڕێنمایی بەرزەفتکردنی سەرپێچییە ژینگەییەکان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٣).

دەرچوواندنی ڕێنمایی پۆلێنی پڕۆژەکان و ڕەزامەندیی ژینگەیی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٤).

دەرچوواندنی ڕێنمایی سنووردارکردنی ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆکان و دووبارە بەکارهێنانەوەی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٤).

وەرگرتنی دواسەرنجی وەزارەت و دەستە و فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم لە بارەی دواڕەشنووسی پەیڕەوی نوێی تایبەت بە پارێزراوە سرووشتییەکان لە هەرێمی کوردستان.

پێکهێنانی ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

هەماهەنگیی لەگەڵ سەرۆکایەتیی داواکاریی گشتی بۆ کاراترکردنی یاسا و ڕێنماییەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی و سەلامەتیی ژینگەی کوردستان.

دەرچوواندنی ڕێنمایی تایبەت بە دیارکردنی کرێی پشکنینی ژینگەیی ژمارە (٥)ی ساڵی(٢٠٢٣).

سێیەم: لە بواری کاروباری هونەری:

بەردەوامبوون لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ژینگەیی.

هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و وەزارەتی ژینگەی عێراقی فیدراڵ بۆ دانانی خاڵی پشکنینی ئاو لەسەر ڕووبارە سنووربڕەکان.

تاوتوێکردنی کێشە ژینگەییەکان لەگەڵ ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان.

هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و نوێنەری (وەزارەتی ژینگەی قەتەر) بە مەبەستی دامەزراندنی سەنتەری زیادکردنی باڵندەی چێرك (حباری) لە هەرێمی کوردستان.

هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی عێراق بۆ دانانی (سیستمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵانی نووسیوە

تیشکاوەرەکان) لە فەرمانگەکانی ژینگەی هەڵەبجە و زاخۆ و ڕاپەڕین و گەرمیان و سۆران.

بەشداربوون لە (ئەنجومەنی باڵای ئاو) بۆ کاراکردنی یاسای ژمارە ٤ ی ساڵی (٢٠٢٢).

ئەنجامدانی وۆرکشۆپ بۆ فەرمانبەرانی دەستە و وەزارەتەکان لە بارەی (ئایزۆ ٥٠٠٠١. ٢٠١٨).

چوارەم: لە بواری هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی و ڕاگەیاندن:

پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ کەناڵەکانی میدیای بینراو و بیستراو و خوێندراو.

هەماهەنگیی لەگەڵ فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخراوە ژینگەییەکان.

بڵاوکردنەوەی کتێب و نامیلکە و پەخشنامەی تایبەت بە ژینگەپارێزی.

بەردەوامبوون لە ئەنجامدانی سیمینار و کۆڕ و وۆرکشۆپ و پانێڵ و کردنەوەی پێشانگای ژینگەیی.

بەردەوام یادکردنەوە و بەرزڕاگرتنی ڕۆژی ژینگەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

بەخشینی سوپاسنامە بە بەڕێوەبەرو مامۆستای ئەو قوتابخانانەی هاوکار بوون لەگەڵ فەرمانگەی هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی و ڕاگەیاندن بۆ ڕێکخستنی کۆڕ و کۆبوونەوەی ژینگەیی لە قوتابخانەکاندا.

بڵاوکردنەوەی پەیامی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە یاد و بۆنە ژینگەییەکاندا.

ئەنجامدانی دیداری میدیایی و نووسینی بابەتی ژینگەیی بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.

هەماهەنگیی لەگەڵ ژمارەیەك لە هونەرمەندان لە بواری ئامادەکردنی کلیپی ژینگەیی.

هەماهەنگی لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق/ دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لە کردنەوەی خولی هۆشیاریی ژینگەیی بۆ کارمەندانی کۆمیسیۆن.

بەشداریی هەفتانە لە پەیمانگای پێشنوێژان و وتارخوێنانی وەزارەتی ئەوقاف بە وانەی ژینگەیی.

تۆمارکردنی چەند کورتە ڤیدیۆیەکی ژینگەیی بۆ منداڵان و لاوان لەبارەی ژینگە بەگشتی.

پێنجەم: لەبواری گۆڕانی کەشوهەوا

ئاراستەکردنی کەرتی تایبەت بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنانی ژینگەیی بۆ ڕێگریی لەگۆڕانی کەشوهەوا.

بەشداربوون لە کۆنگرە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە گۆڕانی کەشوهەوا.

بەردەوامبوونی کۆبوونەوەکانی لیژنەی تەکنیکی تایبەت بە گۆڕانی کەشوهەوا.

نووسینی پلانی هەرێم بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا بە هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان.

بەشداربوون لە کۆبوونەوەکانی تیمی باڵای گۆڕانی کەشوهەوا لە دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.

بەشداربوون لە چالاکی و دانوستانی کۆنفرانسی گۆڕانی کەشوهەوا لە وڵاتی ئیمارات (کۆپ ٢٨).

بەشداربوون لە خولی تایبەت بە ژینگە و گۆڕانی کەشوهەوا بۆ ئەفسەرانی پێشمەرگەی زێرەڤانی.

شەشەم: لەبواری هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەت و دەستە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان:

بەردەوامیی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی باڵای ژینگە لەگەڵ نوێنەرانی دەستە و وەزارەتەکانی حکومەت.

ئامادەکردنی یاداشتنامەی لەیەکگەیشتن لەگەڵ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان.

بەردەوامیی پەیوەندیی لەگەڵ ئاژانسەکانی وەك: جایکا، کۆیکا، جی. ئای. زێد، یو. ئێس. ئەید، یو. کەی. ئەید.

هەماهەنگیی لەگەڵ ڕاوێژکارانی سەرۆکایەتیی هەرێم و سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران.

ئاشناکردنی کونسوڵخانەی زۆربەی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان بە بارودۆخی ژینگە و کێشەکانی.



سارا نەقشبەندی:

# هەوڵ دەدەم بە تیم کار بکەم و دەستی کار بۆ خانمان بکەمەوە

**سارا نەقشبەندی، تەمەنی ٢٦ ساڵە و کچە گەنجێکی خاوەنکارە و دانیشتووی شاری سلێمانییە. دەرچووی بەشی کارگێڕیی کارە و خاوەنی براندی «سۆز کەیکەری ئاند مۆر»ـە و هەروەها ڕاهێنەرە لە بواری کارسازی و دانان و گەشەپێدانی کار. وەك خۆی باسی دەکات، کار لەسەر دروستکردنی یادەوەرییەکی شیرینی کێك دەکات، بە شێوازێکی هونەری و سێ ڕەهەندی بۆ بۆنەکان و دروستکردنی چەندین جۆری شیرینیی ناوخۆیی و جیهانی، کە خواستی زۆری لەسەر هەیە.**

**گولان: کۆمەڵایەتی**

سارا نەقشبەندی لە خێزانێکی بەناوبانگە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «من لە خێزانێك پەروەردە بووم، کە دایکم مامۆستای هونەر و باوکیشم بزنێسکار بووە، ئەوان ڕەنگدانەوەیان لەسەر من زۆر بوو. کە منداڵ بووم، لەگەڵ دایکم بۆ پێشانگاکان دەچووم، پێش ئەوەی بچمە قوتابخانەش هەمیشە وێنەم دەکێشا، تەنانەت لە قوتابخانە زیاتر هۆگری هونەر بووم و بەشداریی پیشانگاکانم دەکرد و چەندین خەڵاتم بەدەست هێناوە. لەدوای تەواوکردنی خوێندن و وەك دەرچووی یەکەمی بەشی کارگێڕیی کار لە پەیمانگە، بڕیارمدا کە ئیتر ئەو خولیایەی کە بۆ هونەر هەمبووە و چەندین ساڵە لە ڕێگەی وێنەکێشانەوە دەرم بڕیوە و ئەو توانایانەی وەك کارسازێك بەدەستم هێناوە لە درێژای ژیانی کارکردن و خوێندنم، کردم بە کاری سەرەکیم و لەگەڵ کێکە بەتامەکانی دایکم تێکەڵ کرد و پێشکەشی خوازیارانمی بکەم. ئەو بووە خولیام و وای کرد، ئەو جۆرە دیزاینانە دروست بکەمەوە کە وەك خەونێك بووە بۆ کڕیار و ئەو تامانە بە کورد ئاشنا بکەم، کە تا ئێستا و تەنیا لە دەرەوە بەردەست بووە».

دەستپێکی دامەزراندنی (سۆز کەیکەری) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٢٠ و مانگەکانی کەرەنتین کە هەموو کارێك بەرەو ڕێگەی بە دیجیتاڵبوون دەڕۆیشتن، ئەمە هەلێکی زۆر باش بوو بۆ ئەو و دەستپێکردن بە کارەکەی لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «توانیم ئەو هۆکارە جیهانییەی کە بووە بەربەست بۆ هاوپیشەکانم، بیکەمە ڕێگەیەك بۆ سەرکەوتن و کۆرۆنا بووە چیرۆکی سەرکەوتنی من».

ئەو خاتوونە پەنجەڕەنگینە باسی سەرکەوتنەکانی لە بواری کارەکەی دەکات و دەڵێت: «بە خۆشحاڵییەوە لە دوای سێ ساڵ بەردەوامبوون بە شێوازی دیجیتاڵی، یەکەمین دووکانی سۆز کەیکەریم لە سلێمانی کردەوە».

پەیامنێری گۆڤاری گولان، ئەو پرسیارەی ئاراستە دەکات: ئەو کەسانە کێ بوون کە پشتیگیرییان کردووی و بۆ بەردەوامبوون هانیان داویت؟ لە وەڵامدا دەڵێت: «دایکم و خوشکەکەم، ئەوان بناغەی دامەزراندن و گەشەپێدانم بوون، ئەوان هاندەرم بوون. بەبێ بوونی تیمێکی دڵسۆز هیچ کارێك سەرکەوتوو نابێت و بەرهەمێکی باش ناتوانرێت لێوەی پێشکەش بکرێت، بۆیە منیش کار بۆ ئەوە دەکەم، بە تیم کار بکەم و دەستی کار بۆ خانمان بکەمەوە و متمانەی کڕیاران بەدەست بهێنم و ئەو هێزەشی ئیرادەی بە سۆز کەیکەری بەخشی، بۆ ئەوەی بەردەوام بێت».



# لە کەرکووک وێڕای بەربەستەکان پرۆسەی خوێندنی کوردی بەردەوامە

**دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و ڕزگارکردنی کەرکووك لە ساڵی ٢٠٠٣، لەو شارە و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان خوێندنی کوردی دەستی پێ کرد. پێش ئەوە وادەیە خوێندنی کوردی قەدەغە بوو. لەو کاتەوە هەشت هەزار مامۆستا لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ بەڕێوەبردنی خوێندنی کوردی لە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم مووچەیان پێ دەدرێت. هەر بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی لە ئێستادا لە سنووری پەروەردەی کەرکووك ٩٦ هەزار قوتابی لەژێر سەرپەشتی و پەروەردەی زیاتر لە ١٠ هەزار مامۆستا لە ٥٥٠ قوتابخانە و باخچەی ساوایاندا وانە بە زمانی کوردی دەخوێنن. لە کەرکووك هەر چوار پێکهاتەی کورد، عەرەب، تورکمان و کریستیان بە زمانی خۆیان دەخوێنن و لە پەروەردە، یەکەی تایبەت بە خۆیان هەیە. بەڵام چەندین گرفتی لابەلا بۆ خوێندنی کوردی دروست دەکرێت، لەسەرووی هەموویانەوە دواکەوتنی بەردەوامی مووچە و شایستە داراییەکانی مامۆستایان و وانەبێژان، کە هەموویان لەسەر میلاکی حکومەتی هەرێمن. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان زیاتر تاوتوێی ئەو پرسە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

**سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ماوەی چەندین ساڵە هاوکاریی دارایی و لۆجیستی بۆ خوێندنی کوردی لە پارێزگای کەرکووک دابین کردووە**

مەریوان جەلال ڕەشید، کارگێڕی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووك، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «یەکێك لە دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خوێندنە بە زمانی کوردی لە کەرکووك و هەموو هەوڵێکی داوە لەپێناوە مانەوە و بە زیندوو هێشتنەوەی خوێندنی کوردی لە شارەکە. لەپاش پرۆسە ئازادیی عێراقەوە تاوەکو ئەمڕۆ، پرۆسەی خوێندنی کوردی لە کەرکووك بەردەوامە و سەرکەوتوو بووە». هاوکات دەڵێت: «هەندێ جار قوتابیان و دەرچووەکانی پۆلی ١٢ی ئامادەیی لە ڕیزبەندی پێشی قوتابیانی خوێندنی عەرەبییەوەن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ بەشی خوێندنی کوردی، بۆیە دەتوانین بڵێین بە ڕێژەی ٩٠٪ خوێندنی کوردی سەرکەوتوو بووە و توانیویەتی سەرەڕای زۆر ئاستەنگ بەردەوام بێت و نەوەستێت».

گوتیشی: «خوێندنی کوردی لە کەرکووك ڕووبەڕووی زۆر تەحەددا و ئەجندای نەیاران و دژایەتیی بووەتەوە، بەڵام کۆڵی نەداوە و بەردەوامە، ئەمەش بۆ خۆی جێگای دڵخۆشییە و پێویستە سوپاسی مامۆستایان و فەرمانبەران و کارمەندانی خوێندنی کوردی بکەین، کە بێ گوێدانە ئەو هەموو گیر و گرفتانە بەردەوامن و هەندێ جار مەترسی لەسەر ژیانیان هەبووە، بەڵام بوێرانە ڕووبەڕووی بوونەتەوە و پێشمەرگەئاسا سڵیان نەکردووەتەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی پرۆسەی خوێندن پەکی نەکەوێت».

ئەحمەد سیروان، سەرپەرشتیاری ناوچەی پەیمانگاکان و خوێندنی



پیشەیی لە لقی کەرکووکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «سیاسەتی بەشێك لە فیرعەونەکانی نێو دەسەڵاتدارانی عێراق، هەر لەمێژەوە تاکو ئەمڕۆ هەمیشە لە هەوڵدان بووە بۆ ئەوەی گەلی کورد بچەوسێننەوە، نوێترین هەوڵیان پێنەدانی مووچە و بودجەیە کە سەرەکیترین مافی گەلی کوردە، ئەم هەوڵە کاریگەری لەسەر پڕۆسەی خوێندن دەبێت و مامۆستایان نارەحەت دەبن و دۆخ و گوزەرانیان خراپ دەبێت، ئەمەش هەوڵێکی دیکەی ئەو زوحاکانەیە کە ئامانجیان دژایەتی و پەکخستنی پڕۆسەی خوێندنی کوردییە».

ئەو هەڵسووڕە سیاسییە کوردە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «پڕۆسەی پەروەردەی خوێندنی کوردی، ئەو چەکە زانستییە بوو، کە کوردانی دڵسۆز و خۆڕاگری نێو پارێزگای کەرکووك لە سەرجەم بارودۆخە سەختەکان پشتگوێیان نەخست و خۆیان لە بەرانبەر هەوڵە نەزۆکە لەبارچووەکانی دوژمن نەچەماندەوە و، تا ئێستاش بەردەوامی بە خوێندنی کوردی دەدەن، لە پێناو ئایندەی تاکی کورد لە کەرکووکی دڵی کورد و کوردستان». هاوکات دەڵێت: «بەردەوامیدان بە پڕۆسەی خوێندنی کوردی لە پارێزگای کەرکووك چ لە ئێستا و چ لە ئایندەش، لەلایەن کوردپەروەرانی نێو پارێزگای کەرکووك بەردەوام دەبێت. سەرەڕای ئەوەی پارێزگای کەرکووك بە (ناوچەی جێناکۆك) هەژمار کراوە، بەڵام مێژووی پارێزگای کەرکووك کە سەلمێنەری ئەوەیە بەشێکە لە کوردستان، ئەمە وای کردووە، خۆشبەختانە لەلایەن ڕێزدار (مەسرور بارزانی) سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ماوەی چەندین ساڵە هاوکاریی دارایی و لۆجیستی بۆ خوێندنی کوردی لە پارێزگای کەرکووك دابین بکات، ئەمە لە پێناو برەودان و بەردەوامیدانە بە پڕۆسەی خوێندنی کوردی لە پارێزگای کەرکووك». گوتیشی: «خێزانە کوردەکانی ئەم پارێزگایە و قوتابیانی نێو خوێندنی کوردی لە پارێزگای کەرکووك لە ڕابردوودا دۆخ و ڕۆژانێکی سەخت و پڕ لە ئالنگارییان تێپەڕاند، بە پشتیوانی خودا و بە هیمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە خۆڕاگریی مامۆستایانی کوردپەروەر، سەرەڕای ئەوەی لەلایەن عێراقەوە دەچەوسێندرێنەوە و مافی سەرەتایی خۆیان کە مووچەیە بە شایستەیان نازانن، بەڵام مامۆستایان سوورن لەسەر ئەوەی لەم پارێزگایە بەردەوامی بە پڕۆسەی خوێندنی کوردی بدەن، ئەمە هێمای دڵسۆزی و خەمخۆری و وەفاداریانە بەرانبەر بە بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردمان. هەر بۆیە سوپاسگوزاری خۆڕاگری و دڵسۆزیی مامۆستایانین و داواکارم لێیان خۆڕاگرانە بەردەوامی بە پڕۆسەی خوێندنی کوردی لە پارێزگای کەرکووك بدەن، ئەم قۆناغە پێکەوە تێپەڕێنین و خۆری ڕۆژێکی نوێ بە ئاسمانی پارێزگا و گەل و نیشتمانەکەمان هەڵدێ و لە کۆتاییدا سەردەکەوین».

**خوێندنی کوردی لە کەرکووک ڕووبەڕووی زۆر تەحەددا و ئەجندا نەیارانە و دژایەتیی بووەتەوە، بەڵام کۆڵی نەداوە و بەردەوامە**

**پێویستە سوپاسی مامۆستایان و فەرمانبەران و کارمەندانی خوێندنی کوردی بکەین، کە بێ گوێدانە ئەو هەموو گیر و گرفتانە بەردەوامن کە هەندێ جار مەترسی لەسەر ژیانیان هەبووە**





هۆزەنگ زێبار حەمەد:

# بەشێکی فێرخوازەکانم بوونەتە خاوەن کاری خۆیان، ئەوەش دڵخۆشم دەکات

**هۆزەنگ زێبار حەمەد، کچە گەنجێکی بەتوانا و دەسترەنگینە و لە شاری هەولێر لەدایك بووە، هەر لەو شارەش نیشتەجێیە و خاوەن کاری سەربەخۆی خۆیەتی و پێشتر کاری دروومانی کردووە. وەك خۆی باسی دەکات، ماوەی دوو ساڵە بە شێوەی ئۆنلاین کۆرسی فێربوونی دروومان بەڕێوە دەبات و لە ئێستادا هەشت کۆرسی جیاجیا پێشکەش دەکات. لەم دیمانەیەشیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە ئەزموونی کارکردنی خۆی بۆ خوێنەران دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

هۆزەنگ زێبار حەمەد، دەرچووی قۆناغی ئامادەییە و وەك خۆی باسی دەکات، ئارەزووی خوێندنی کەم بووە و زیاتر خولیای کاری دەستی بووە. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: « ئارەزووی خوێندنم کەم بوو. بەڵام هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی ئەوەم هەبوو، سندوقێکی تایبەت بە کەلوپەلی دروومان و مەکینەیەکی دروومانم هەبێت. هەرچەندە مەکینەمان لە ماڵێ هەبوو، بەڵام دایکم نەیدەهێشت دەستکاری بکەم، بەڵام من وازم لە خولیای فێربوونی دروومان نەهێنا. ئەو هاوڕێیانەم کە درومانییان دەزانی، دەچوومە لای ئەوان بۆ ئەوەی فێرم بکەن. یەکەم جلوبەرگیش کە فێری بووم و دروستم کرد، لەچکی ئێرانی بوو، کە براژنی هاوڕێیەکم فێری کردم. بەم شێوەیە وردە وردە خۆم فێرکرد. دواجار لە تەمەنی ٢٢ساڵی دووکانێکی درومانیی تایبەت بە خۆمم دانا. هاوکات لەگەڵ کارەکەم لە چەندین شوێن کۆرسی فێربوونی دروومانم گوتووەتەوە».

هەر سەبارەت بە چۆنیەتی کردنەوەی خولەکانی دروومان بۆ فێرخوازان بە شێوەی ئۆنلاین گوتی: «ماوەی دوو ساڵە بە شێوەی ئۆنلاین بە بەردەوامی لە هەر دوو بواری دروومان و چنین و کاری دەستی، کۆرسی فێربوونم بۆ فێرخوازان هەیە، پارەکەش لە ڕێگەی فاستپەی وەردەگرم. پێشتر کە کۆرسم بە ڕاستەوخۆ دەگوتەوە، تەنیا لە گەڕەکێك بەشدارییان دەکرد، بەڵام ئێستا سوپاس بۆ خوا، لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان فێرخوازم هەیە، تەنانەت لە دەرەوەی کوردستان و عێراقیش فێرخوازم هەیە. لە ئێستادا هەشت کۆرس بەڕێوە دەبەم، دوای تەواوبوونی ماوەی کۆرسەکان من تا یەك ساڵ لەگەڵیان دەمێنمەوە و یارمەتییان دەدەم و پەیوەندیم لەگەڵ فێرخوازەکانم دەبێت، جگە لەوەش لە ڕێگەی پەیجەکەمەوە فێرکاریی بڕین و دروومان بڵاو دەکەمەوە.

سەبارەت بە داهاتی کارەکەشی دەڵێت: «داهاتەکەم بەشێکی بۆ کڕینی پێداویستیی فێرکارییەکانە، چونکە فێرکارییەکانمان هەمووی کردارییە و قوماشێکی زۆر بۆ فێربوون بەکاردەهێنم و، دواتریش ناتوانم دووبارە لە فێرکارییەکانم بەکاریان بهێنمەوە، بەشەکەی دیکەی داهاتەکەشم بۆ خۆم و بۆ پێداویستیی ماڵەوەیە».

ئەو خاتوونە خاوەن کارە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئامانجی ئەوەیە خانمان هەوڵ بدەن و ببن بە خاوەن کار و داهاتی سەربەخۆیان هەبێت. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «ئامانجم لە کارەکەم ئەوەیە، بتوانم ئەو زانیاری و وردەکارییانەی کە هەمە ببەخشمە خانمان، بۆ ئەوەی ئەوانیش لە داهاتوودا ببنە خاوەن کار و داهاتی خۆیان و لەسەر پێی خۆیان بوەستن».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە خێزانەکەی تا چەند ئاسانکارییان بۆ کردووە، بۆ ئەوەی پەرە بە کارەکەی بدات، گوتی: «هەر لە سەرەتاوە خێزانەکەم زۆر هاوکارم بوون، بە تایبەتی باوکم کە مۆڵەتی دام دووکانی تایبەت بەخۆم دابنێم. ئەگەر خێزان ئاسانکاری نەکات و ڕێگری لە کاری ئافرەت بکات، کۆسپی گەورەی بۆ دروست دەبێت و ناتوانێت کەسێکی سەرکەوتوو بێت».

وەك دواوتەشی دەڵێت: «سوپاس بۆ خوای گەورە، کارەکەم ئەنجامێکی زۆرباشی بە دەست هێناوە و بەشێکی فێرخوازەکانم لە ئێستادا بوونەتە خاوەن کاری خۆیان، ئەوەش زۆر دڵخۆشم دەکات».

**هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی ئەوەم هەبوو، سندوقێکی تایبەت بە کەلوپەلی دروومان و مەکینەیەکی دروومانم هەبێت**

**ئامانجم لە کارەکەم ئەوەیە، بتوانم ئەو زانیاری و وردەکارییانەی کە هەمە ببەخشمە خانمان، بۆ ئەوەی ئەوانیش لە داهاتوودا ببنە خاوەن داهاتی خۆیان و لەسەر پێی خۆیان بوەستن**

**خێزانەکەم زۆر هاوکارم بوون، بە تایبەتی باوکم کە مۆڵەتی دام دووکانی تایبەت بەخۆم دابنێم**

# کوردستان لە سەر پەردەی سینەمادا دەژی

# مەهدی ئومێد یەکەمین فیلمی سینەمایی کوردیی درووست کرد

سەیری ئێرە بکە، لە کەتەلۆگی فێستڤاڵەکەدا نووسراوە کوردستان، ئەمە زۆر دڵخۆشم دەکات ئەمە قسەی مەهدی ئومێدە، ئەو لە فیستڤاڵ بە فیلمی سینەمای (تونێل) بەشدارە، ئەو فیلمەی کە ناوبانگی هەیەو ناسراوە بە یەکەمین فیلمی سینەمایی کوردی .

مەهدی دەڵێت: پێش سیاسەت ئێمە توانیمان دەوڵەتی کوردستان لە نێو هونەری سینەمادا دامەزرێنین، مەهدی ساڵی ١٩٥٧ لەو بەشەی کوردستانی عێراق لەدایك بووە سیازدە ساڵە کەسوکاری خۆی نەدیوە، ڕوونیشی کردەوە پێویست بوو سینەما بخوێنم و مەبەستەکانم بە فیلم بێکم، ئەوەتا دەبیینن کاتێك لە ئێستا گەنجتر بووم خەریکی شانۆ بووم، زۆریشم نووسی، بەڵام سینەما باشترین فۆرمی هونەرە کە بتوانێت دونیای دەرەوەت پێ ئاشنا بکات، من واهەست دەکەم کە سینەما باشترین هۆی دەربڕینی هونەرییە، ئەو ستایلی دەرهێنەران تارکۆڤسکی و پەرژانەڤ ڕەچاو دەکات.

فیلمی (تونێلی) مەهدی ئومێد لە فێستڤاڵ نمایش دەکرێت، دیمەنەکان هێرشی ئێراق بۆ سەر شاری هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨ بە گازی کیمیاوی دەگێڕێتەوە کە زیاتر لە پێنج هەزار کەسی کوشت، بەڵام دەنگۆیەك هەیە دەڵێت زیاتر لە بیست و پێنج هەزار کەس ژیانی خۆیان لە دەستداوە .

ئەم دیمەنانە تێکەڵ بە دیمەنە شیعر و سیمبولی هێماکان کراون، بۆ بەرهەمهێنان و پەیداکردنی بووجە مەهدی ئازارێکی زۆری بینی، کاتی کارەساتەکان ئەو لەوێ نەبوو، چەندەها سیناریۆی دیکەی هەبوون ناچار هەموویانی وەلانا و دەستی بەم فیلمە کرد، دەڵێت خەونەکانم زۆرن هەر خەونێکم فیلمێکە.

فیلم زمانی تایبەتی خۆی هەیە و هونەر نابێ سرف تەنیا واقیع بێت، دوو شتی جودان، هونەری ڕاست کەوتووەتە نێو خەونەکانەوە، بەڵام لەسەر بنچینەی ژیانی ڕەوا و ڕاست و (واقع)، مەبەستیش ئەوەیە کە ڕەوایی ڕووداوەکان بە دیوەکەی دیکەیدا نمایش بکەین، کە ڕاستییەکانی لەخۆ گرتووە.

مەهدی ئومێد ئەم شتانەی بەبێ خۆهەڵکێشان و بێ پێچ وپەنا درکاند،

مەهدی دەڵێت: «پاش مونتاژی یەکەم فیلم کە سێ سەعات دەرچوو، بەڵام من خۆم لەگەڵ فیلمی زۆر درێژدا نیم، بەڕای من فیلم لە سەعات ونیو بۆ دوو سەعات بەسە، ئێستا تونێل ٩٠ خولەکە.

مەهدی ئومێد دەیەوێت مەودایەك بۆ بیرکردنەوەی بینەران بەجێ بهێڵێت کە بەشداری لە ڕووداوەکانی فیلمەکەدا بکە، زۆربەی دیمەنەکانی ئەم فیلمە لە تاجیکستان، ئوکراینا، ڕووسیا و سوید ئەنجام دراون، ئەکتەرەکان جگە لە کورد، تێکەڵەیەکن لە هونەرمەندانی نێونەتەوەیی و ئاوارەکان و ئەکتەری ڕووسی، پەیداکردنی پارە ئاسان نەبووە، دەزگای (گەرمیان فیلم) لایەنی کوردییە، کوردستان لە نێوان عیراق و ئێران و تورکیا و سوریا دابەش کراوە. دانیشتوانێکی زۆر لە باکووری عێراق دەژین و پاش جەنگی ساڵی ١٩٩١ ئەو ناوچەیە پارێزراوە.

مەهدی ئومێد بە دوارۆژی گەلەکەی گەشبینە و دەڵێت لەکۆتایی ئەم سەدەیەدا هەموو جیهان پێویستە دان بە سەربەخۆبوونی تەوا و و دیموکراتیدا دابنێن، کە تەنیا ڕێگەی چارەسەرە،

باشە کامەیان ئاسانترە میللەتێکی گەورە و مەزن لەناوبەرن و بیانکوژن، یان وازیان لێ بێنن با دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دامەزرێنن ؟



## نووسینی ماریا ڕوودبیرگ

**ڕۆژنامەی ئاریتیت تیدنینگن**
**ڕۆژی شەممە ١٢/٢/١٩٩٤ سوید**



مەهدی ئومێد دەیەوێت بەم فیلمەی کێشەی کوردان بەهێزتر و تۆکمەتر بکات، بەڵام سنووری خۆی تێدەگات و دەڵێت: «فیلمەکەم هاوارێکە زریکەی منداڵێکە دژ بە شەڕ و کوشتار لەسەراپای جیهاندا، هیوادارم کە کەسانێك هەبن گوێم لێ بگرن، ئەوەتا هەزاران دایك و باوك بەدوای منداڵەکانیاندا وێڵ و سەرگەردانن، هەزاران کەس دەربەدەر و بێلانەن، من دەمەوێ بۆ ئەم کێشانە ڕێکخراوی هاوکاری دامەزرێنم».

مەهدی ئومێد سیناریۆی سینەمایی زۆری نووسیون، دانەیەکیان دەربارەی کەرکووکەو دەڵێت: «یەکێتی سینەماکارانی کوردمان دامەزراند و دەمەوێ لە سوید سەنتەرێکی سینەمایی کوردستانی بەرپابکەم و لێرەوە کارە هونەرییەکانم جێبەجێ بکەم «.

ئەم هونەرمەندە لەگەڵ هەموو خەونەکانیدا ئاواتەخوازە کە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی سینەما لە کوردستان سازبکات.



# دیانا حەداد هەرای نایەوە



هونەرمەندی لوبنانی دیانا حەداد ئەو ڕاستییەی ئاشکرا کرد کە بیر لە وازهێنان لە هونەر دەکاتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەم هەواڵە لەم ماوەیەی دواییدا بڵاوبووەوە بەهۆی دوورکەوتنەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سڕینەوەی سەرجەم وێنەکانی لە ئەکاونتە تایبەتییەکانیدا.

لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا دیانا حەداد ئەو دەنگۆیانەی ڕەت کردەوە کە باس لەسەر خانەنشینبوونی دەکەن و لە کۆمێنتێکدا گوتی: «ئەوانەی باس لەسەر خانەنشینبوونی من دەکەن ئەوەی دەیانەوێت با بیڵێن، هونەرمەندێك کە بینەری نەبێت بۆی باشترە لە ماڵەوە بمێنێتەوە، من خاوەن جەماوەری خۆمم و زورم خۆشدەوێن بۆیە بەردەوام دەبم.»

ڕوونیشی کردەوە کە ئەو بەهۆی هەندێك کەسەوە بە چەندین کێشە و سەختیی لە ژیانیدا تێپەڕیوە، بەڵام توانیویەنی بە هێز و کۆڵنەدان ئەو قەیرانانە تێپەڕێنێت.

دیانا حەداد لە کۆمێنتێکدا دەڵێت: «بە کاتی زۆر سەختی ژیاندا تێپەڕیوم.. هیچ مرۆڤێك نییە بە هەلومەرج و کێشە و فشاردا تێنەپەڕیبێت، خوا لێیان رازی بێت ئەوانەی باسی وازهێنانی من دەکەن وەك ئەوەی ئەوان هۆکار بوون، ئەمە لاپەڕەیەکە و منیش هەڵمگێڕاوەتەوە،بەخۆم دەڵێم تۆ هەمیشە دەتەوێت باشتر بیت لە هەموو ئەو قسە بێمانایانەی کە دەیبیستین و دەیبینین".

سەبارەت بە هۆکاری دوور کەوتنەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سڕینەوەی وێنەکانی بۆ ماوەیەك، دیانا ئەمەی بە ماوەیەك پشوودان بۆ خۆی وەسفی کرد.

لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «پشوویەکم وەرگرت و هەموو وێنەکانم سڕیەوە، هەروەها هەموو سۆشیال میدیاکانم بۆ ماوەی سێ هەفتە وەستاند، ماوەی پشوودان و پێداچوونەوە گەڕانەوە بوو بە زۆر شت و بۆ شتی نوێ».

ئاماژەی بەوەش کرد، دەنگۆ لەسەر حیجابەکەی و خانەنشینبوونی لە هونەر بڵاوبووەتەوە، دوای ئەوەی وێنەیەکی لە عەمرە بڵاوکردەوە کە مێژووەکەی بۆ ٧ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، ئەمە جگە لەوەی دەنگۆی هاوسەرگیری و نەخۆشییەکەی بەهۆی دوورکەوتنەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەو ماوەیەدا بڵاو بووەتەوە.

دیانا حەداد پێشتر لێدوانێکی لەسەر ئەو بابەتە داوە و دەڵێت: «پشوویەکم بە خۆم دا و بۆ ماوەیەك لە سۆشیال میدیا دوور کەوتمەوە و لەو ماوەیەشدا هەستم بە خۆشەویستی و گەورەیی خەڵك و میدیا و جەماوەرە ئازیزەکەم کرد.»



# ئەو ئەکتەرانەی زۆرترین داهاتیان لە ساڵی ٢٠٢٣ دا هەبووە

ساڵانە دەزگا پەیوەندیدارەکان لیستی ئەکتەرانی خاوەن زۆرترین داهات بڵاو دەکەنەوە، لەم رووەوە چەند پێوەرێکیان هەیە
لە لووتکەی زۆرترین مووچەی ئەکتەرەکاندا (تۆم کروز) هەیە کە ١٠٠ ملیۆن دۆلاری بەدەست هێناوە بەهۆی رۆڵی ئیتان هانت لە فیلمی "Mission: Impossible - Dead Reckoning Part One"، جگە لەوەی قازانجێکی زۆری بەدەست هێناوە بەهۆی رۆڵگێرانی لە فیلمی "Top گەن: ماڤێریك" داهاتەکەی یەك ملیار دۆلاری ئەمریکی تێپەڕاند، هەرچەندە کروز تەنها ١٣ ملیۆن دۆلاری ئەمریکیی وەرگرت بۆ بەشداریکردنی لە کارەکەدا، بەڵام بەهۆی رێککەوتنەکەی لەگەڵ کۆمپانیای بەرهەمهێنەر، لە ئەگەری سەرکەوتنی کارەکەدا لە بۆکس ئۆفیس بەشێکی زۆری قازانجەکانی بەدەست هێنا.
لە پلەی دووەمدا ئەستێرەی گەنج (مارگۆت رۆبی) هات، کە وەك بەناوبانگترین بووکە شووشەی جیهان لە فیلمی (باربی) بەشداریی کرد، رۆبی ٥٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکیی وەرگرت بەشداریکردنی لە کارەکەدا، و هاوبەشییەکی سەرکەوتوو بوو بۆ هەموو پیشەسازییەکان، بەهۆی ئەوەی داهاتی ئەم کارە گەیشتە یەك ملیار و ٦٠٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی، لە پێشەنگی لیستەکەدا دێت.
لە پلەی سێیەمدا ئەکتەری بەناوبانگی ئەمریکی و براوەی خەڵاتی ئۆسکار (ویل سمیس) دێت کە داهاتەکەی لە ماوەی ساڵی ٢٠٢٣ گەیشتە ٣٥ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی. سەرەڕای ئەو بەربەستانەی کە سمیس لەگەڵ جادا هاوسەرەکەیدا تێپەڕی، جگە لە قەیرانە گەورەکەی ساڵی رابردوو دوای ئەوەی لە کاتی ئاهەنگی ئۆسکاردا هێرشی کردە سەر ئەکتەری ناوداری ئەمریکی (کریس رۆك) بەهۆی ئەوەی گاڵتە بە دەرکەوتنی جادا و ویل هاوسەرەکەی کرد، بەڵام تا ئێستاش یەکێکە لە بەرزترین کەسانی ئەستێرەی خاوەن زۆرترین داهات لە هۆڵیوود.
لیستەکەدا چەندین ئەستێرەی دیکەی تێدا بوو، وەك لیۆناردۆ دیکاپریۆ کە ٣٠ ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە بەهۆی رۆڵی سەرەکیی لە فیلمی "Killers Of The Flower Moon"، لەگەڵ براد پیت کە ٣٠ ملیۆن دۆلاری بەدەست هێناوە بەهۆی رۆڵگێرانی لە فیلمی (فۆرمۆلا ١)دا. دواین کەس جۆنسۆنیش لە فیلمەکەدا ئامادە بوو، مووچەی ساڵانەی ٢٢ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دۆلاری ئەمریکییە.
لە کۆتایی لیستەکەدا ئەستێرەکانی کریس هێمسوۆرس، ڤین دیزل، تۆم هاردی و خواکین فۆنیکسن، کە مووچەی یەکسانیان ٢٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکییە لە ساڵێکدا.

## خوسرەوی ماملێ بۆ هونەرمەندە گەنجەکان:

# هێزی هونەریی خۆتان بۆ قایمتر کردنی بناغەکانی کوردستان تەرخان بکەن

لە سەرەتای کۆڕەکە خوسرەوی ماملێ وتی: جێگای شانازییە بۆ من ئەمڕۆ لێرە لە جەرگەی ئازادی و ئارامیدا ببینم کە ئەو هەموو شۆڕش و خەباتە بۆ هونەر و ئازادی بەرهەمی هەبووە و دەبینم کە خوێنی شەهیدان خاک و وڵاتی ئاودێر کردووە و بۆ ژیان بوژانەتەوە، من وەکو خوسرەوی ماملێ ئەوەی کە بڕیارە ئەنجاممدابێت سوپاس بۆ خوا دیارە بەرچاوە، منیش هاوشێوەی هەموو هونەرمەندە بەڕێزەکانی کوردستان ئەرکی خۆم ئەنجامداوە و لەگەڵ ئەو تەمەنەی کە تێیدام هەوڵ بۆ بەرهەمی تازەی هونەری دەدەم.

دواتر خوسرەوی ماملێ باسی لە سەختییەکانی ژیانی تاراوگە و ئاوارەیی کرد و وتی: هەرچەندە تاراوگە بۆ من بەهۆی نەبوونی ژیان و ستۆدیۆ و کەرەستەی هونەری زۆر دژوارە، بەڵام کۆڵم نەداوە و لە هەوڵەکانم بەردەوام بووم و بە یارمەتی شاعیرانی خۆشەویستی دەوروبەرم وەکو مامۆستا کارۆی خزری ناسراو بە ئاسنگەر زۆر بەرهەمی تازەم ئامادە کردووە.

هەر لە درێژەی وتەکانیدا وتی: بەرد لە جێگای خۆی سەنگینە لەگەڵ جولان و هەڵکاندن لە زێد و نیشتمانت ئەو قەدر و توانایەت زۆر نامێنێت و دەچێتە پەراوێزەوە، بۆیە پەیامم بۆ گەنجانی هونەرمەند ئەوەیە قەدری وڵات و ئازادی خۆیان بگرن و هێزی هونەریی خۆیان بۆ قایمتر کردنی بناغەکانی کوردستان تەرخان بکەن.

دواتر باسی لە مێژووی سەرهەڵدانی



**بەبۆنەی یادەکانی ئادارو نەورۆز دەزگای ڕۆشنبیری زانکۆکانی جیهان بەپێی بەرنامە و پلانێکی دیاریکراو کار و چالاکییە هونەرییەکانی لە بوارە جیاجیاکاندا ئەنجام دەدات بەئامادەبوونی ژمارەیەک لەئەدیب وهونەردۆستان کۆڕێک بۆ هونەرمەندی ناسراو «خوسرەوی ماملێ» وەک دەنگێکی زوڵاڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆڕێکی میوزیک و هونەری لە سالۆنی ڕۆشنبیری زانکۆی جیهان بەڕێوەچو.**

گۆرانی و میوزیکی رەسەنی کوردی کرد و بە وردی باسی لە جۆرەکانی میوزیکی سێگا و ئەرەبێست و کلاسیکی کرد، کە لە رابردوودا چەندین بەرهەمی رەسەن لە سەردەمەکانی هونەرمەندانی وەک «حەسەن زیرەک، ماملێ، سەید عەلی ئەسغەری، تاهیر تۆفیق، عەلی مەردان، سێوە» تۆمار کراون و ئێستاش بە زیندوویی ماونەتەوە و بوونەتە گەنجینەکی دەوڵەمەند لە فەرهەنگ و کولتووری کوردی دا و هونەرمەندانی ئێستاش دەیانەوێت لەسەر ئەم رێچکەیەدا بڕۆن و دووبارە گۆرانیەکانی ئەوان وەک چەند شاکارێکی زیندوو بڵێنەوە.

لە لایەکی دیکەوە ئاماژەی بۆ رۆڵی هونەرمەندانی رەسەن و شاکارە جوانەکانی نێو هونەری کوردی کرد، کە زۆربەی بەرهەمە کوردییەکان وەرگێڕدراونە سەر زمانەکانی تورکی و فارسی و ئینگلیزی و یۆنانی و عەرەبی، بەڵام بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەک بۆ رەسەنایەتی ئەو بەرهەمانە بکرێت، کە لە نێو قەدی چیاکانی کوردستاندا هاتوونەتە بەرهەم، بۆیە دەکرێت ئێمەی کورد پارێزگاری لە ئاواز و گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانمان بکەین، کە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی کوردین و لە دەشت و کێوەکانی کوردستانەوە پەڕیوونەتەوە وڵاتانی دراوسێ.

خەسرەوی ماملێ دەربارەی دوورکەوتنەوەی لە وڵات و سەختیی غوربەت بۆ هونەرمەند دەڵێ: یەکێك لە هۆکارەکانی پەشیمانیم لە دوورکەوتنەوە لە کوردستان ئەوەیە کە لەکاری هونەری بەشێوەی رێکوپێکی پرۆفێشناڵ دوورکەوتمەوە، لە دەرەوە ناکرێ و ناگونجێ کاری هونەری بەرەو پێشەوە ببەی، لەبەرئەوەی کۆمەڵێك کۆسپ و ئاستەنگ هەیە لەبەردەم هونەرمەند، بۆیە لە دوورکەوتنەوەم خۆشحاڵ نیم.

سەبارەت بە هونەرمەند محەمەدی وتی : من خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم، بەڵام دەتوانم بڵێم کە خەڵکی کورد لە باشووری کوردستان ئەوەندە هونەردۆست و هونەرمەند خۆشەویستن کە هونەرمەندێکی وەك مامڵێ لەو بەشە لە کوردستان خۆشەویستترە. راستە لە رۆژهەڵاتی کوردستان جێگە و پێگەی تایبەت هەیە بۆ مامڵێ و گۆرانییەکانی، بەڵام من لە باشووری کوردستانیش هەستم بە هیچ جیاوازییەك نەکردووە.

هونەرمەند خەسرەو مامڵێ لە شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایك بووە. لە نەوەتەکاندا رووی کردە شاری هەولێر و دواتر لە ساڵی ٢٠٠١ چووە نەرویج و تاوەکو ئێستاش لەوێ دەژی.





ڕۆژین محەمەد
یاریزانی تۆپی پێی هەڵبژاردەی نیشتمانی عێراق:

# تا پاڵەوانێتی زیاتر ڕێک بخرێت دەرفەتی دەرکەوتن بۆ یاریزان زیاتر دەبێت

پارێزگای سلێمانی یەکێك لەو شارانەی کە گرنگیی زۆر بە یاریی تۆپی پێی کچان دەدات، هەموو کات کچە یاریزانانی ئەو پارێزگایە لە یاریی فوتساڵ و تۆپی پێی گەورەدا لە ڕکابەریی سەرسەختی یانەکانی دیکەی کوردستان و عێراقدان، لە زۆربەی چالاکییە وەرزشییەکاندا ساڵانە تیپە جیاوازییەکان بەشدارن لە خولەکانی عێراق و کوردستان، هاوکات یانەی سیروانی هەڵەبجەش یەکێکە لەو یانانەی گرنگیی زۆر بە بواری وەرزشی دەدەن لە سەر ئاستی ئافرەتان، تیپی فوتساڵی یانەکە خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە کە ساڵانە لە هەریەك لە خولەکانی کوردستان و عێراق بەشدارن، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەسەر ئاستی کوردستان (ڕۆژین محەمەد)ـە، کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٦ی پارێزگای سلێمانییە و قوتابی قۆناغی ١٢ ئامادەییە، لە خولی عێراقی بۆ یاریگەی گەورە بۆ هەریەك لە یانەکانی بیلادی و ئەمانەی بەغداد یاریی کردووە، لە یاریی فوتساڵیشدا ئەم ساڵ بۆ یانەی سیروانی هەڵەبجە یاریی کردووە، جگە لەوەش یاریزانی هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراقیە لە یاریگەی گەورە بۆ یاریی تۆپی پێ، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجام دا.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** ئاستی یاریی فوتساڵ چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- یاریی فوتساڵ لە ئاستێکی زۆر باشدایە، بەڵام زۆر شت ماوە کە فێری ببم، لە تۆپی پێی یاریگەی گەورەدا زیاتر گرنگیی پێ دەدرێت لە کوردستاندا.

*** کەمیی ئەنجامدانی پاڵەوانێتی تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

-کەمیی پاڵەوانێتییەکان بێگومان گرفتێکی گەورەیە لە بەردەم یاریزانەکاندا، چونکە دەرفەتی خۆ دەرخستنی کەمتر دەبێت، و تا پاڵەوانێتی زیاتر ڕێك بخرێت بۆ یاریزانەکان باشترە، چونکە دەرفەتی خۆ دەرخستنیان زیاتر دەبێت.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**

-بەراستی پێم باشە بەرپرسەکانی وەرزشی وەك چۆن گرنگی بە کوڕان دەدەن با گرنگی بە وەرزشی ئافرەتانیش بدەن، و حکومەت و ڕێکخراوەکان پاڵپشتی وەرزشی ئافرەتان بکەن.

*** گرفتی وەرزشیی یاریی فوتساڵ لە چیدا دەبینیت؟**

- بەرپرسانی وەرزشی وەکو پێویست هاوکاریی یانەکان ناکەن لە ڕووی ماددی و لە ڕووی کەلوپەل و پێویستییەکان و یاریگەوە، یاریزانان ناتوانن بە پێی پێویست کار لەسەر خۆیان بکەن، چونکە ناتوانن خەرجی و پێویستییەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن.

***لەلایەن یانەکانەوە گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

- بەڵێ لە تۆپی پێی فوتساڵدا لەگەڵ یانەی (سیروانی هەڵەبجە) و لە یاریگەی گەورەش یانەی (ئەمانەی بەغداد) گرێبەستم کردووە، لە هەمان کاتیشدا یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقم.

***بەنیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك؟**

- بەردەوامم لەوەی کە کار لەسەر پەرەپێدانی خۆم بکەم و وەکو ئەوەی ئاواتی یەکەممە، بە بەجێگەیاندنی کارەکانم ببم بە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقی و، ببم بە یەکێك لە باشترین یاریزانەکان لەسەر ئاستی تۆپی پێی ئافرەتان لە جیهاندا.

*** لەگەڵ ئەوەیت یانەکان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- وەکو پشت بەستنی تەواو نەخێر، بەڵام لە زۆر لایەنەوە سوود بە یانەکان و یاریزانەکان دەبەخشن.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی؟**

- داواکارم کە گرنگییەکی جدی و زیاتر بە وەرزشی ئافرەتان بدەن.

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە یاریزانێکی کورد؟**

- ئامانجێکم بەدی هاتووە کە بووم بە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق، ئامانجی دیکەشم ئەوەیە کەوەکو کچە یاریزانێکی کورد ببم بە یەکێك لە باشترین یاریزانانی دەرەوە و ئاڵای کوردستان بەرز بکەمەوە.

*** بەهیوای ئەوە نیت کە هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێت و تۆش یەکێك لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە بیت؟**

- بێگومان زۆر دڵخۆش دەبم کە هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێت و منیش یەکێك بم لەم پێکهاتەیە، شانازییش دەکەم کە ئاڵای کوردستان لەسەر درێسەکەم هەڵبگرم.

*** بۆ هەڵبژاردەی فوتساڵی کچانی عێراقی داوا نەکراوی؟**

- نەخێر تا ئێستا هیچ شتێکم پێ نەگوتراوە.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- کریستانۆ ڕۆناڵدۆ یاریزانە دڵخوازەکەمە.

*** یاریکردن لە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراقی چ هەستێکت پێ دەبەخشێ؟**

- بەڕاستی هەستێکی زۆر خۆشە، وە یەکێکم لەو یاریزانانەی متمانەی تەواوم هەیە لەلایەن ڕاهێنەرەکانەوە.

*** سەرکەوتن چ هەستێك دەگەیەنێ لای تۆ؟**

-بێگومان هەموو ئەو هەوڵ و ماندووبوونەی کە لە نێو یاریگەدا ئەنجامی دەدەم، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکە ئەویش سەرکەوتنە.



*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤارەکەتان کە هەمیشە پشتگیریی یاریزانەکانی کوردستان دەکات بە بێ جیاوازی لە شارەکانی کوردستان، زۆر سوپاس بۆ مامۆستا عەباس فەرەج کە زۆر ماندووە و تا ئێستاش لەگەڵماندا بەردەوامە، سوپاسی خانەوادەکەم دەکەم بەردەوام پاڵپشت بوون.



# نهێنی پشت ئازادبوونی دانی ئەلڤێس ئاشکرابوو

هەفتەی ڕابردوو دانی ئەلڤێس دوای نزیکەی ١٤ مانگ لە زیندان ئازاد کرا و دەنگۆیەک بڵاوبووەوە، کە نێیمار پارەی ئازاد کردنی بە دادگا داوە، بەڵام هەر زوو ئەو دەنگۆیانە ڕەتکرانەوە.

ئەلڤێس بەرگریکاری پێشووی هەڵبژاردەی بەڕازیل بەهۆی دەستدرێژی کردنە سەر ئافرەتێک لە یانەیەکی شەوانەی بەرشلۆنە لەلایەن دادگای ئەو شارە بۆ ماوەی چوار ساڵ و پێنج مانگ زیندانیکرا، بەڵام دوای تەنها ١٤ مانگ بەرامبەر ١ ملیۆن یۆرۆ ئازاد کرا.


سەرەتا بڵاوکرایەوە نێیمار ئەستێرەی بەرازیل ئەو پارەیەی پێشکەشی دادگا کردووە، بەڵام دەنگۆکە ڕاست نەبوو و بڵاوکرایەوە گوایە مێمفیس دیپای ئەستێرەی هۆڵەندی پارەی ئازاد کردنی هاوڕێکەی پێشووی لە یانەی بەرشلۆنە داوە.

ڕۆژنامەی فیستای بەڕازیلی ئەو لایەنەی، کە پارەی ئازادکردنی ئەلڤێسی پێشکەش دادگا کردووە ئاشکرا دەکات و لایەنەکەش کۆمپانیایەکی بەڕازیلیە، کە خاوەنداریەتی ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگی ئەو وڵاتە دەکات.

ڕۆژنامەکە بڵاوییکردووە ئەو کۆمپانیایە بە مەرجی ئەوەی لە داهاتوو دیکۆمێنتاریەک لەسەر ژیانی ئەلڤێس بەرگریکاری پێشووی هەڵبژاردەی بەڕازیل دروست بکات بڕی یەک ملیۆن یۆرۆی وەکو مەرجی ئازاد کردنی پێشکەشی دادگای شاری بەرشلۆنە کردووە.

ڕۆژنامە بەڕازیلیەکە باس لەوەش دەکات ئەو کۆمپانیایە کاری هاوشێوەی کردووە و بە ئازاد کردنی کەسایەتیە دیارەکان و بەڵگە فلیمی لەسەر ژیانیان دروستکردووە.

ئەلڤێس داواکارییەکی سەیری لە کۆمپانیاکە کردووە و داوای لێکردوون چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوسەری پێشووی جوانا سانزیش بکەن لە کاتی دروستکردنی دیکۆمێنتارییەکەدا. هەرچەندە دوای زیندانی کردنی هاوڕێ کچەکەی هەموو پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو یاریزانە پچڕاندووە.



# گۆڵپارێزەکەی ڕیال مەدرید لە خەڵاتی باشترین بێبەش دەبێت

یاساکانی خولی ئیسپانیا ڕێگری لە ئاندرێ لونین، گۆڵپارێزی یانەی ڕیال مەدرید دەکات لەوەی خەڵاتی زامۆرا بۆ باشترین گۆڵپارێزی وەرز بباتەوە.

دوای پێکانی تیبۆ کۆرتوای گۆڵپارێزی سەرەکی ڕیال مەدرید، ڕیال مەدرید کێپا بەشیوەی خواستن لە یانەی چێڵسی گواستەوە ڕیزەکانی، بەڵام ئەویش تووشی پێکان دەبێت و چەند یارییەک دادەبڕێت ئاندرێ لونین و ئاندرێ لونین بووە گۆڵپارێزی سەرەکی یانەکە.

لونین بە ئاستێکی نایاب دەرکەوت دوای گەڕانەوەی کێپا لە پێکانەکەی وەکو گۆڵپارێزی سەرەکی تیپەکە مایەوە.

لونین لەم وەرزەی خولی ئیسپانیادا بەشداری لە ١٨ یاری کردووە، لە نۆ یاری گۆڵەکەی بەخاوێنی پاراستووە و تەنیا ١١ گۆڵی لێکراوە و لە پێش هەموو گۆڵپارێزەکانی دیکەی خولەکەیە.

هەرچەندە ئامارەکانی زۆر باشە، بەڵام گۆڵپارێزە ئۆکرانییەکە ناتوانێت خەڵاتی زامۆرا (باشترین گۆڵپارێز) بباتەوە بەهۆی ئەوەی یەکێک لە مەرجەکانی بردنەوەی خەڵاتەکە دەبێت بەشداری لە ٢٨ یاریدا بکات و لەو یارییانەدا بەشداری ٦٠ خولەک یان زیاتر بکات، بەڵام لونین تاوەکو ئێستا بەشداری لە ١٨ یاریدا کردووە و ئەگەر بەشداری هەموو یارییەکانی داهاتووی ئەم وەرزەی خولەکەش بکات، ژمارەی یارییەکانی دەبێتە ٢٦ یاری و بەمشێوەیە ناتوانێت خەڵاتەکە بباتەوە.

جێگەی باسە ئیکەر کاسیاس لە وەرزی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ خەڵاتی زامۆرای بردەوە، بۆ ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵ هیچ گۆڵپارێزێکی دیکەی یانەی ڕیال نەیتوانی خەڵاتەکە بەدەستبهێنێت هەتاوەکو لە وەرزی ٢٠١٩-٢٠٢٠، تیبۆ کۆرتوا خەڵاتەکەی بردەوە.







# مێسی جێگرەوەی خۆی بۆ بردنەوەی باڵۆن دۆر ئاشکرا کرد









مێسی ئەستێرەی ئەنتەر مەیامی و هەڵبژاردەی ئەرژەنتین چوار یاریزان بەربژێر دەکات، کە خەڵاتی باڵۆن دۆر ببەنەوە، کە مێسی خاوەنی ڕیکۆردە لە بردنەوەی ئەم خەڵاتە، بەڵام مێسی لە لیستەکەیدا جود بێڵینگهامی ئینگلیزی و ئەستێرەی ڕیاڵ مەدرید بەربژێر ناکات.

مێسی دوایین نازناوی باڵۆن دۆری بردەوە و پێش ئێرلینگ هالاندی ئەستێرەی مانچستەر سیتی و ئێمباپێی گۆڵکاری پاریس سانت جێرمان کەوتەوە و بۆ جاری هەشتەم باڵۆن دۆری بەدەستهێنا.

جود بێڵینگهام یاریزانی ڕیاڵ مەدرید لە نێوان بەربژێرانە بۆ بردنەوەی باڵۆن دۆری ئەمساڵ، بەڵام لیۆنێل مێسی لە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ ڕۆژنامەی (لیکیپ)ی فەرەنسی ناوی ئەم ئەستێرە لاوە ناهێنێت.

ئەم چوار یاریزانە لەلایەن مێسییەوە بەربژێر کراون بۆ بردنەوەی خەڵاتی باڵۆن دۆر:

- ئێرلینگ هالاندی نەوریجی و ئەستێرەی مانچستەر سیتی
- کیلیان ئێمباپێی فەرەنسی ئەستێرەی پاریس سانت جێرمان
- ڤینیسیۆس جۆنیۆری بەڕازیلی ئەستێرەی ڕیاڵ مەدرید
- لامین یامالی ئیسپانی ئەستێرەی بەرشلۆنە.

# یاریزانێکی کورد گەیشتە هەڵبژاردەی عێراق



لە دوایین پاڵەوانێتیی تایکواندۆی یانەکانی عێراقیدا کە لە شاری بەغدا بە بەشداریی ژمارەیەکی یەکجار زۆری یاریزانان و یانەکانی عێراق بەڕێوە چوو، تیپی قوتابخانەی تایکواندۆی پاڵەوانانی هەولێر بە کۆمەڵێك یاریزانانی کوردی شاری هەولێر بەشداریی ئەم پاڵەوانێتییەی کرد، یاریزانە تازەپێگەیشتوەکانی شاری هەولێر بە ئاست و بە ئەنجامی بەرزەوە توانییان ناوی خۆیان لە گەیشن بە پلەکانی پێشەوە و بەدەستهێنانی پلێتی گەیشتن لە ڕیزی هەڵبژاردەی نیشتمانیی تایکواندۆی عێراقیدا بە گەورەیی بهێڵنەوە، یاریزان مەنسور هەمزەی تەمەن ١٣ ساڵ لە کێشی ٥٢کگم توانیی پلەی یەکەم لەسەر ئاستی عێراقی بەدەست بهێنێت و بگاتە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراقی، لە ئاستی لاوانیش یاریزان زانیار فەرهەنگ لە هەمان قوتابخانە پلەی سێیەمی لەسەر ئاستی یانەکان بەدەست هێنا لە کێشی ٧٣کگم و، خاوەنی پشتێنەی ڕەشی یەك دانی تایکواندۆی کۆری و نێودەوڵەتییە، لەم بارەشەو عەلی سەرکەوت ڕاهێنەری قوتابخانەی پاڵەوانان بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «ئاستی پاڵەوانێتییەکە زۆر بەرز بوو، یاریزانانی ئێمە ئامادەکاریی چڕیان ئەنجام دابوو، یاریزانان توانییان لە کێشە جیاوازەکاندا ئەنجامی بەرچاو بەدەست بهێنن و خۆیان بگەیەننە ڕیزی هەڵبژاردەی تایکواندۆی عێراقی، سوپاسی خانەوادەی یاریزانانیش دەکەین بۆ پاڵپشتی منداڵەکانیان، کە بەم ئەنجامە دڵخۆشکەرە لە شاری بەغداد بگەڕێینەوە هەولێری پایتەختی کوردستان، هەرچەندە ئاستی پاڵەوانێتییەکە زۆر بەرز بوو، بەڵام ئێمە سوور بووین لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە».

# ئافرەتانی دهۆک
# دەستەیەکی ڕاهێنەری تازەیان دیاری کرد



دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی ئافرەتانی دهۆك دوای بەدەستهێنانی نازناوی فوتساڵی نایابی یانەکانی کوردستان، لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا بەفەرمی دەستەی ڕاهێنەرانی تیپی فوتساڵی بۆ تەمەنی ژێر١٨ساڵی دروست کردووە، هەریەك لە (ئاراز ساڵح وەکو ڕاهێنەر، سیپەل شوکر وەکو یاریدەدەری ڕاهێنەر، دەریا یونس وەکو ڕاهێنەری گۆڵپارێز) دەستنیشان کران، لە ئێستادا یانەکە سەرقاڵی ئامادەکارین بۆ خول و پاڵەوانێتییەکانی داهاتوو، یانەکە لە شاری دهۆك دەستی بە مەشق و ڕاهێنانەکان کردووە، بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامی شایستە لە پاڵەوانێتییەکانی داهاتوودا بەدەست بهێنن، لە ئێستادا دەستەی ڕاهێنەران خەریکی دەستنیشانکردنی ژمارەیەك یاریزانی تازەپێگەیشتوون، دەیانەوێت بەم یاریزانە لاوانە شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکەن، دەستەی کارگێڕیی یانەکەش جگە لە تیپی فوتساڵ، تیپی باسکەی کچانیشیان دامەزراندووە و هەوڵی بەردەوامی هەیە بۆ ئەوەی سەرجەم تیپەکانی کچانی بۆ شاری دهۆك دروست بکەن، یانەکەش لە ئێستادا هەردوو تیپی فوتساڵ و باسکەی دروست کردووە، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا پشت بە تواناکانی ئەم یاریزانە کچانەی شارەکەیان ببەستن، ئەمساڵ فوتساڵی یانەکەش بە پشتبەستن بە چەندین کچە یاریزانی دەرەوەی شارەکە، توانی نازناوی فوتساڵی یانەکانی کوردستان بگەڕێننەوە شاری دهۆك، بۆیە لە ئێستادا یانەکە کار بۆ یاریزانانی شارەکەیان دەکەن، بۆ ئەوەی لە داهاتووشدا ئەم کچە یاریزانانەی ببنە داهاتووی یانەکە لە خول و پاڵەوانێتییەکاندا.



# کوردێک دەبێتە ڕاهێنەری یانەیەکی نەرویجی

یانەکانی ئەورووپا لە ئێستادا زیاتر بە دوای ئەو ڕاهێنەرانەدا دەگەڕێن کە خاوەن بڕوانامەکانی ڕاهێنەریی پێشکەوتوون لەسەر ئاستی جیهان، قەیس بلباس یەکێك لە ڕاهێنەرە کوردەکانی وڵاتی نەرویجە، ماوەی زیاتر لە ٢٥ ساڵە لەم وڵاتە نیشتەجێیە و خاوەنی چەندین تیپی جۆراوجۆری کوردی بووە لە تاراوگە، ئەمە جگە لە یانەیەکی کوردی کە خۆی ڕاهێنەر بووە ئەویش یانەی چوارچرایە، بەڵام یانەیەکی پلە سێ نەرویجی بە فەرمی داوای وەرگرتنی ئەرکی ڕاهێنەرایەتی لێ کردووە بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی مەشقی تیپەکە بکات لە خولی پلە سێ ئەو وڵاتە، لە بارەی پەیوەندیکردنیشی بەم یانەیەوە، قەیس بلباس بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:

«بە فەرمی لەگەڵ یانەی (GLELLERASE)ی نەرویجی گرێبەستم واژوو کردووە، کە یانەیەکی پلە سێ خولی نەرویجە، جگە لەوەش گرێبەستەکەم بۆ ماوەی یەك وەرزە لەگەڵ ئەو یانەیە، بۆ ئەوەی بتوانم تیپەکە ببەمە قۆناغێکی باشتر و ئاستی تیپەکە زیاتر بەرەو پێش ببەین، ئەم یانەیە ئارەزووی سەرکەوتنیان هەیە بۆ گەیشتن بە خولی پلە دووی نەرویجی، بۆ منیش دەبێتە ساڵێکی پڕ تاقیکردنەوە، هەم لە خولی پلە سێ هەمیش لە جامی نەرویج، بەهیوای ئەوەم بتوانم بە شێوەیەکی زانستی توانای تیپەکە بەرز بکەمەوە، وەکو ڕاهێنەریش هیچ گرفتێکمان نییە و چاومان لەوەیە تیپەکە بە باشترین شێوە ئامادە بکەین و هەرچی پێویست بێت ئەنجامی بدەین.

# هۆکارەکانی هێڵنجی پاش خواردن

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هێڵنجی پاش خواردن کاتییە و لەخۆیەوە نامێنێت، بەڵام لە چەند حاڵەتێکی وەکو هەستیاریی خۆراك یان گرفتی کۆئەندامی هەرسدا، هێڵنج بەردەوام و توندتر دەبێت کە پێویست بە چارەسەرکردنی پزیشکی دەکات. هۆکارەکانی هێڵنج پاش خواردن: ژاراویبوون بە خۆراك، هەستیاریی خۆراك، بەرگەنەگرتنی هەندێك جۆری خۆراك Food intolerance، هەوکردنی گەدە بە ڤایرۆس کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش و هێڵنج یان رشانەوە هاوکات لەگەڵ سك ئێشە، گرژبوونی کۆڵۆن، دواکەوتنی بەتاڵبوونەوەی گەدە Gastro-paresis کە زیاتر لەبەر نەخۆشیی شەکرە روودەدات و هۆکارە بۆ زووهەستکردن بە تێربوون و هێڵنج یان رشانەوە، گرفتی گەڕانەوەی ترشەلۆکی گەدە بۆ سووربێنچك GERD، نەخۆشیی درێژخایەنی کیسی زراو کە هاوکاتە لەگەڵ دروستبوونی بەردی زراو کە هۆکارە بۆ هێڵنج و رشانەوە و ئازاری سك پاش ژەمێکی قورسی خواردن، هەوکردنی گلاندی پەنکریاس کە نیشانەکانی بریتین لە هێڵنج و رشانەوە لەگەڵ ئازاری سك، دووگیانی لەبەر گۆڕانی هۆرمۆنی لە ٧٠٪ی ئافرەتان دەبێتە ئەگەری هێڵنجی پاش خواردن لە ٣ مانگی سەرەتای دووگیانیدا، نەخۆشیی شەکرە، پەستی، نەخۆشیی جگەر بەتایبەتی مۆمبوونی جگەر، گیرانی ریخۆڵە کە زیاتر لە ئەنجامی قۆڕی یان پاش نەشتەرگەریی کۆئەندامی هەرسدا روودەدات، هەروەها زیانی لابەلای هەندێك دەرمان وەکو دەرمانی دژەژی، دژەخەمۆکی، دەرمانی ئازارشکێن لەگەڵ دەرمانەکانی شێرپەنجە کە بە چارەسەری کیمیایی ناسراوە.



# نیشانە جەستەییەکانی خەمۆکی

خەمۆکی Depression جگە لە مێشك، کاریگەری دەکاتە سەر زۆربەی بەشەکانی لەش کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گەلێك نیشانە. نیشانە جەستەییەکان یان فیزیکییەکان باون لە حاڵەتەکانی خەمۆکیدا کە گەلێك جار بریتین لە ئازاری نارِوون هاوکات لەگەڵ نیشانەی تردا، بۆنموونە گرفتەکانی خەو کە زیاتر بە شێوەی گرفت لە چوونەخەو یان بەردەوامبوون لە خەو، ئازاری سینگ، ئازاری ماسولکە و جومگە، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکی یان کەم وزەیی، گرفتەکانی کۆئەندامی هەرس لەبەر پەیوەندیی بەهێزی نێوان مێشك و کۆئەندامی هەرسدا بە شێوەی هێڵنج و بەدهەرسی یان سکچوون یان قەبزی، سەرئێشە یان شەقەسەر Migraine، ئازاری مل و پشت ئێشە، گۆڕان لە ئارەزووی خواردندا بە شێوەی زیاد خواردن یان کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن، زیادبوون یان کەمبوونی کێشی لەش، هەروەها نارِحەتیی جەستەیی. بەگشتی ئەگەر خەمۆکی قووڵ و درێژخایەن بێت، یان بە تەواوی کۆنترۆڵ نەکرێت ئەوا ئەگەری تووشبوون بە گەلێك نەخۆشی زیاد دەکات، چونکە پەیوەندییەکی ئاڵۆز لە نێوان خەمۆکی و حاڵەت و نەخۆشییە درێژخایەنەکاندا هەیە وەکو: ئازاری درێژخایەن، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، نەخۆشیی دڵ، جەلتەی مێشك، نەخۆشیی شەکرە، گرفتەکانی گلاندی دەرەقی، کەمی ڤیتامین B12، هەروەها چەند جۆرێکی شێرپەنجە.



# پەستانی بەرزی خوێن لە گەنجەکاندا

هەتا ئەگەر تۆ گەنجێك بیت لە تەمەنی نێوان بیستەکان یان سییەکاندا، لەوانەیە کە دوچاری بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن بیت. راپۆرتەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی پزیشکیی سیدار سایناى Cedar-Sinai لە شاری لۆس ئەنجیلیس/ کالیفۆرنیا ئاماژەیان بەمە کردووە کە نزیکەی نیوەی گەنجانی تەمەن ٢٠ساڵی تووشی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن بوونەتەوە هەتا ئەگەر بە تەندروستییانەوە دیار نەبێت، واتە کەسانی تەندروست و چالاك بن، چونکە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن بە شێوەیەکی گشتی نیشانەیەکی دیاریکراوی نییە تا ئەو کاتەی ئاڵۆزی لە بەشێکی لەشدا پەیدادەکات. باشە بۆچی گەجێکی ٢٥ ساڵی دوچاری بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن دەبێت؟ هۆکارەکان دەگەڕێنەوە بۆ ستایلی ناتەندروستی ژیان وەکو: خۆراکی ناهاوسەنگ و نارێك، کەمی جوولە و مەشقی وەرزشی، زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی، هەروەها جگەرەکێشان. پەستانی بەرزی خوێن بە تێپەڕبوونی کات و هێمنانە لەش تێکدەدات و دەبێتە ئەگەری گرفتی گەورەی تەندروستی، بۆیە بە بکوژی بێدەنگ Silent killer ناسراوە. پەستانی ئاسایی خوێن بریتییە لە ٨٠/١٢٠ ملم جیوە، پێوانەی ١٢٠-٨٠/١٢٩ بە پەستانی بەرز هەژمار دەکرێت، هەروەها پێوانەی ١٣٠-٨٠/١٣٩-٩٠ مام جیوە بە پەستانی بەرزی قۆناغی یەك دادەنرێت، پێوانەی ٩٠/١٤٠ یان بەرزتر بە پەستانی بەرزی قۆناغی دوو دادەنرێت.

پەستانی بەرزی خوێن کە بێ کۆنترۆلکردن بەردەوام بێت، هۆکارە بۆ ئەستووربوونی ماسولکەی دڵ و گرفت لە پاڵنانی خوێندا، هەروەها دەبێتە هۆی رەقبوون و تەسکبوونەوەی خوێنبەرەکان، دەرەنجام ئەگەری تووشبوون بەم حاڵەتانە زیاد دەبێت: نەخۆشیی دڵ، جەلتەی مێشك Stroke، نەخۆشیی گورچیلە، هەروەها نەخۆشیی چاو.



# هەوکردنی بۆڕیی هەناسە

هەوکردنی بۆڕیی هەناسە Bronchitis واتە هەوکردنی ڕێڕەوەکانی کۆئەندامی هەناسە کە لەوانەیە تیژ یان درێژخایەن بێت. نیشانەکانی هەوکردنی بۆڕیی هەناسە جا تیژ یان درێژخایەن بێت بریتین لە: کۆکە، زیادبوونی دەردراوی هەناسە (بەڵغ) کە لەوانەیە بێڕەنگ یان سپی یان زەرد بێت، هەستکردن بە ماندووبوون، هەناسەتەنگی، بەرزبوونەوەیەکی سووکی پلەی گەرمیی لەش یان هەستکردن بە سەرما Chills، هەستکردن بە نارِحەتیی سینگ. هۆکارەکان: هەوکردن بە ڤایرۆسەکانی هەڵامەت یان ئەنفلوەنزا، جگەرەکێشان، پیسبوونی هەوا، کزبوونی بەرگریی لەش لەبەر هەر هۆکارێك، هەڵمژینی ماددەی کیمیایی وروژێنەر بۆ کۆئەندامی هەناسە بۆنموونە لە شوێنی هەندێك کاری تایبەتدا وەکو هەڵمی کیمیایی یان تۆزی دانەوێڵە یان قوماش، هەروەها گەڕانەوەی ترشەلۆکی گەدە کە هۆکارە بۆ دڵەکزێ کە ترشەلۆکی گەدە دەکاتە قوڕگ پاشان هەوکردن لە بۆڕیی هەناسەدا پەیدادەکان. هەوکردنی بۆڕیی هەناسە لەوانەیە ببێتە ئەگەری هەوکردنی شانەی سییەکان، هەروەها زیاد دووبارەبوونەوەی هەوکردنی بۆڕیی هەناسە مانای تووشبوونە بە نەخۆشیی درێژخایەنی کۆئەندامی هەناسە بە شێوەی تەسکبوونەوە ڕێڕەوەکانی هەناسە COPD. خۆپاراستن: دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان، ساڵانە وەرگرتنی ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا، زیاد شووشتنی دەستەکان یان پاککردنەوەیان بە گیراوەی ئەلکهولی تایبەت بە دەستەکان، بەستنی ماسك لە کاتی پێویستدا،





# بەهای خۆراکیی گەڵای نەعناع

گەڵای نەعناع Peppermint دەوڵەمەندە بە ریشاڵ، ڤیتامینەکانی A، C، B6، B9 (فۆلەیت)، ماددەی مێنتۆل Menthol، ماددە دژەئۆکسانەکانی فلاڤۆنۆیدەکان Flavonoids، لەگەڵ کانزاکانی کالسیۆم، فۆسفۆر، مەگنسیۆم، پۆتاسیۆم، ئاسن، مەنگەنیز. سوودە تەندروستییەکانی گەڵای نەعناع: باشترکردنی ئارەزووی خواردن، یارمەتیدانی کرداری هەرسکردنی خۆراك لە رێگای هاندانی دەردانی لیك و ئەنزیمەکانی هەرس لە ریخۆڵەدا، زەیتی نەعناع کە بە زەیتی مێنتۆل Menthol oil ناوزەد دەکرێت سیفەتی دژەبەکتریای هەیە و رۆڵی هەیە لە چارەسەرکردنی هێڵنج و سکچووندا لەگەڵ سووککردنی نیشانەکانی گرژبوونی کۆڵۆن، چارەسەرکردنی دڵەکزێ بە هاوسەنگکردنەوەی ترشەڵۆکی گەدە کە دەگەڕێتەوە بەشی خوارەوەی سوورێنچك، سووککردنی نیشانەکانی هەوکردنی قوڕگ، باشترکردنی تەندروستیی کۆئەندامی هەناسە چونکە گەڵای نەعناع ئاستی هەوکردن کەم دەکاتەوە، سووککردنی سەرئێشە، پاراستنی ددان لە کلۆربوون بەهۆی سیفەتی دژەبەکتریای گەڵاکانی نەعناع، خۆشکردنی بۆنی دەم لەوکاتەی کە نەعناع ئاوێتەی مێنتۆل لەخۆدەگرێت کە بۆنێکی خۆش و تایبەتی هەیە، هاندانی دابەزاندنی کێشی لەش، باشترکردنی فرمانەکانی مێشك بەتایبەتی توانای بیرهاتنەوە، هەروەها سووککردنی سترێس و خەمۆکی.




# بەهای خۆراکیی چەوەندەر

چەوەندەر Beetroot دەوڵەمەندە بە پرۆتین، کاربۆهیدرات بە شێوەی ریشاڵ و شەکری گلوکۆز و فرکتۆز، ڤیتامینەکانی C، B9، B6، B2، B1، A، ماددەی دژەئۆکسانی فینۆلیکەکان بەتایبەتی روتین Rutin و بیتالەین Be-talain، لەگەڵ ئاوێتەی نایترەیت Nitrate و کانزاکانی مەگنسیۆم، پۆتاسیۆم، فۆسفۆر، مەنگەنیز، کالسیۆم، ئاسن، کۆپەر، سیلینیۆم. سوودە تەندروستییەکانی چەوەندەر: دابەزاندنی پەستانی بەرزی خوێن بەهۆی رێژە بەرزەکەی نایترەیت لە چەوەندەردا کە هاندەرە بۆ زیادبوونی ئۆکسیدی نایتریك Nitric oxide کە بۆڕییەکانی خوێن فراوان دەکاتەوە، پاراستنی تەندروستیی دڵ، کەمکردنەوەی ئەگەری جەڵتەی مێشك، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا واتە کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان، باشترکردنی فرمان و تواناکانی مێشك لە رێگای باشترکردنی هاتووچۆی خوێن بۆ شانەکانی مێشك، رێکخستنی ئاستی شەکری خوێن و زیادکردنی هەستیاریی خانەکانی لەش بۆ هۆرمۆنی ئینسولین، رێکخستنی هەرسکردنی خۆراك و پاراستنی تەندروستیی ریخۆڵە بە هۆی رێژە بەرزەکەی ریشاڵ، باشترکردنی توانای وەرزشوانان چونکە چەوەندەر هاندەرە بۆ زیاتر گەیشتنی ئۆکسجین بە ماسولکەکانی لەش، خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجە بەهۆی ئاوێتەی بیتالەین کە سیفەتی دژەئۆکسانی بەهێزی هەیە و رەنگە سوورەکەی چەوەندەر پێکدەهێنێت.



# ئامێرێکی زۆر پێویست بۆ مۆبایل






هەر مۆبایلێك، لە مۆبایلێکی ئاست بەرز و پێشکەوتووە بگرە هەتا مۆبایلێکی ئاسایی بۆ داکردنی داتاکان بەتایبەتی وێنە و ڤیدیۆ، سنووردارن. بۆیە زۆرکەس هەژمارێکی لە گوگڵ فۆتۆ یا شوێنێکی دیکەدا هەیە بۆ هەڵگرتنی وێنە و ڤیدیۆکان.

ئامێرۆکەی photofast photocube pd باشترین ڕێگا چارەیە بۆ هەڵگرتنی داتاکانتان، ئەو ئامێرە هەرکە لە مۆبایل پەیوەند درا خۆکار هەموو داتاکانی ناو مۆبایل لەخۆیدا هەڵدەگرێت و بەشێوەی ڕیزبەندی و ئەرشیف هەڵیان دەگرێت، بۆ هەر بەشێك فۆڵدەری تایبەت دەکاتەوە. کاتێك بەکارهێنەر دەیخاتەوە سەر مۆبایل ڕاستەوخۆ وێنە و ڤیدیۆکان لە شوێنی خۆی نیشان دەدرێن و پێویست بەوە ناکات بە دوایاندا بگەڕێت. هەروەها پشتیوانی لە ٢ تیرابایت دەکات، دەکرێت میمۆری ٢ تیرابایتی بۆ دابندرێت، بۆ هەمیشە داتاکانت پارێزراو دەبن. بۆ هەر دوو سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس دەگونجێت و تەنانەت بۆ سیستەمی ویندۆزیش دەبێت. کێشیەکی زۆر کەمی هەیە لە نێوان ٧ هەتا ٨ گرام و خزمەتێکی زۆر بە بەکارهێنەرەکەی دەگەیەنێت.




# پایسکل لێخوڕین لە خەیاڵدا!

پایسکل تەنیا ئامرازی هاتووچۆیە کە نە تەنیا بچووکترین کێشە بۆ بەکارهێنەر و ژینگە دروست ناکات، بەڵکو وا دەکات بەکارهێنەرەکەی تەندروستتر بێت و لە بواریی جەستەییەوە چالاکتر بێت.


ئەوانەی بە هەر هۆکارێکەوە بێ ناتوانن پایسکلێکی ئاسایی لە دەرەوە لێبخوڕین،

# کامێرایەک لە مەترسییەکان دەتپارێزێت

کامێراکانی ناو ئۆتۆمبیل کە بە جۆری dash-cam ناسراون لەسەر داشبۆردی ئۆتۆمبیل جێگیر دەکرێن بۆ گرتنی وێنە و دیمەنەکانی سەر ڕێگا. کامێرای vezo 360 کامێرایەکی سەر ئۆتۆمبیلە، بەڵام ئەرکەکانی جیاوازن، سەرەڕای ئەوەی کە بە کوالیتی 4K دیمەنەکان لە هەموو لاوە دەگرێت، لەو کاتانەی کە شۆفێر بە هەر هۆکارێك بێت تووشی کێشە دەبێت، یا خەوی لێدەکەوێت یا هەڵەیەك دەکات، کامێراکە زەنگی ئاگادارکردنەوەی بۆ لێدەدات و هۆشیاری دەکاتەوە. لەکاتی پێکداداندا لە هەموو لاوە چۆنییەتی پێکدادانەکان یا ڕووداوێکی دیکە تۆمار دەکات. لەکاتی پارك کردنی ئۆتۆمبیلدا هاوکاری شۆفێر دەکات و ڕێنوێنی دەکات.

کامێرای ناوبراو هەموو بۆ ماوەیەکی زۆر هەموو فیلمەکان لەخۆیدا هەڵدەگرێت، بۆیە پێویستە باشترین میمۆری کارتی جۆری ٢٥٦ گیگابایتی بۆ دابندرێت، هەرچەندە خۆکار لەکاتی پڕبوونی میمۆریدا دیمەنەکانی پێشووتر دەسڕێتەوە. کامێراکە لە دوو بەش و دوو ئاوێنە پێکهاتووە، بەکارهێنەر بە ویستی خۆیەتی لە کوێیان دادەنێت، ئەوانە پێکەوە لە پەیوەندیدان و وێنەکان بە هۆی پرۆگرامێکی ناوخۆییەوە تێکەڵ بەیەك دەبنەوە.





# ژیریی دەستکرد لە هۆلۆگرامەوە لەگەڵت دەبێت

ژیریی دەستکرد بەتایبەتی ئەو بەشەی پەیوەندی بە چات و گفتوگۆکردنەوە هەیە بۆ نموونە ChatGPT پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە دیوە. لە بەخشینی زانیاری ئەوەی مرۆ دەیەوێ دەتوانی بەدەستی بێنی. ئەوانەی حەز ناکەن بە نووسین چات بکەن، دەتوان ئەزموونێکی نوێ تاقی بکەنەوە، ئەویش گفتوگۆکردن بەدەنگ و بەشێوەی هۆلۆگرام واتە وێنەیەکی خەیاڵی سێ ڕەهەندی.

ئامێری holobox Ai لەگەڵ ChatGPT پەیوەند دراوە، بەکارهێنەر دەتوانێ لەگەڵی بدوێ، کاراکتەری ناو هۆلۆگرامەکە بەویستی بەکارهێنەر دەگۆڕدرێت، دەتوانی وێنەی خۆتی بۆ دابنێی. مۆسیقی بڵاودەکاتەوە لەگەڵیشدا سەما دەکا، بەدەنگێکی زۆر خۆش چیرۆك دەخوێنێتەوە. تەنانەت دەکرێ داوای لێبکەی ئەو کتێبەی مەبەستە وەریبگرێ و بیخوێنێتەوە. وەك دیکۆرێکی سەرمێزیش شتێکی سەرنجراکێشە.

دەتوانن لە ماڵەوە بە بەکارهێنانی پایسکلی جێگیری وەکو TiltBike کە هەمان کەشو هەوای پایسکلێکی ئاسایی دەڕەخسێنێ، بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ شاشەیەکی تایبەت کە لەپێش بەکارهێنەرەکەی دادەنرێ و بەکارهێنەر بە ویستی خۆی ژینگەی لێخوڕینی لە جیهانی مەجازیدا هەڵدەبژێرێ، وەك دارستان، چیا، دەشتایی..تاد. دەتوانێت لە جیهانی مەجازیدا بەشێوەی واقیعی پایسکل لێبخوڕێت، حاڵەتەکانی سەرکەوتن بەسەر بەرزایی و هاتنە خوارەوە، ڕۆیشتن بە ڕێگایی سەخت و دژوار و هەروەها ڕێگایەکی ئاسایی تێدایە. بەکارهێنەر هیچ کاتێك هەست بەوە ناکات کە لە ژوورەوە پایسکل جێگیر لێدەخورێت. پایسکیلەکە لە ڕێگای بلوتوسەوە بە مۆبایل یا کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت.

# شاشەی دوانە بۆ ئاسانکاری لە ئەرکدا

ئەوانەی کاری گرافیك و نەخشەسازی دەکەن، زۆر جاران ناتوانن بە باشی لە شاشەیەك سوود وەربگرن و شاشەیەکی کۆمپیوتەر وەڵامدەری ئەرکەکانیان نییە. بۆ ئەم مەبەستە شاشەی لاوەکی هەیە. شاشەی لاوەکی جۆری JSAUX flipgo لە ڕیزی باشەکان دێت. شاشەیەکی جمکە و دوانەیە بە ئاسانتری شێوە لەگەڵ کۆمپیوتەر چ سیستەمی ویندۆز بێت یا سیستەمی ماك پەیوەند دەدرێت. تەنیا لە ڕێگای کێبڵی USBیەوە. دەتوانی شاشە جمکەکە بۆ یەك ئەرك بەکار بێنی و دەشکرێت هەر شاشەیەك بۆ مەبەستێکی تایبەتی بەکاری بێنی. کوالیتی نیشاندانی شاشەکە 2.5Kیە. لە دوو قەوارەدا بەرهەم هاتووە. شاشەی ١٣,٥ ئینجی و هەروەها شاشەی ١٦ ئینجی. بۆ هەڵگرتن ئاسانن و کێشیان لە نێوان کیلۆیەك و سەدگرام هەتا کیلۆیەك و شەش سەد گرامدایە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک


**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن بتوانین خۆمان لە هاککەرەکان بپارێزین؟**

خوێنەری بەڕێز چەندین ڕێگا هەن بۆ ئەوەی پێش بە دزە کردنی هاککەرەکان بگری. هەمیشە کۆدی نهێنی واتە پاسۆردێکی بەهێز لەسەر مۆبایلەکەت و بەتایبەتی لەسەر جیمیل دابنێ، پاسۆردەکان لە هەشت کاراکتەر کەمتر نەبن و پیتی گەورە و بچووك و هێما و ژمارەی تێدابێت. هەمیشە سیستەمی مۆبایلەکەت نوێ بکەوە، چونکە هاککەرەکان بە سیستەمی کۆن شارەزان. ئەنتی ڤایرۆسێکی بەهێز و دژە هاککردن لەسەر مۆبایلەکەت هەبێت. لە وای-فای گشتی زۆر خۆ بپارێزە و ڕەنگە لەو ڕێگایەوە دزە بکەنە ناو مۆبایلەکەت. لەسەر هیچ ئیمێلێك یا وێنە و لینكێك کلیك مەکە هەتا لێی دڵنیا نەبی.

# یادداشت هەڵگرتنەوەی دیجیتالی

سەردەمی خۆی دەفتەر یا دەفتەرۆچکەی تایبەت بە هەڵگرتنەوەی یادداشت هەبوو کە بە ئینگلیزی پێیدەگوترێت (notebook). لەسەردەمی دیجیتالیدا یادداشتهەڵگرتنەکانیش بوونەتە دیجیتالی. دەیان ئاپ و پرۆگرامی تایبەت بە هەڵگرتنەوەی یادداشت هەن. یەکێك لەو پرۆگرامانە simple Sticky Notes کە تایبەتە بە سیستەمی ویندۆز.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئاسان بەکارهێنانی پرۆگرامەکەیە. بەکارهێنەر دەتوانێت بە چەند کلیکێکی سادە یادداشتەکان هەڵبگرێتەوە. بەکارهێنەر دەتوانێت بە ویستی خۆی ڕەنگ و سایزی فۆنتی دەقەکان بگۆڕێ و ڕێکی بخات. هەروەها زیادکردنی بیرەوەرییەکان و گواستنەوەی یادداشتەکان بەسەرێ و خوارێ تایبەتمەندییەکی دیکەی پرۆگرامەکەیە. بەکارهێنەران دەتوانن فایلەکانی خۆیان هاوبەش بکەن لەگەڵ کەسانی دیکە.






# یەکەم کاتژمێری زیرەکیی دەستکرد

کاتژمێرە زیرەکەکان لەمێژە ئەگەر جێگرەوەی مۆبایلیش نەبن، لە زۆر بواردا تواناکانیان زیاتر لە مۆبایلە، بەتایبەت بواری چالاکی وەرزشی و چاوەدێری تەندروستی.

کاتژمێری IceTine Watch A1 یەکەم کاتژمێرە پاڵپشتی لە ژیریی دەستکرد بەتایبەتی ChatGPT دەکات. تواکانی کاتژمێرەکە گەلێکن. شاشەکەی ١,٦ ئینجە. لە ئەلەمینیۆم دروستکراوە. جیاوازی لەگەڵ کاتژمێرەکانی دیکە ئەوەیە کە پرۆگرامی Aliceی تێدایە و بەهۆیەوە بەکارهێنەرەکەی دەتوانێ بە دەنگی خۆی لە کاتژمێرەکەی هەموو پرسیارێك بکات. چاوەدێری تەندرستی وەك، ڕێژەی ئۆکسیجین، لێدانی دڵ، نموونەکانی خەوی ڕێك و چالاکی ڕۆژانەی تێدایە.

ئەوەی کاتژمێرەکە جیا دەکاتەوە لە کاتژمێرەکانی هاوشێوەی خۆی، ئەوەیە ڕۆژانە پێشنیاری بەبەکارهێنەرەکەی دەکات چ خواردنێك بخوات بۆ ئەوەی کێشی نەچێتە سەر و هەروەها ڕاهێنانی ئەو وەرزشانەی پێدەکات کێش دادەبەزێنن.





## ماڵپەڕی گۆڕینی روخسار به ژیریی دەستکرد

ژیری دەستکرد سەرەڕای دەرفەت مەترسی زۆریشی هەیە و وەك شمشێری دووسەر وایە ئەگەر نەزانی بەکاری بهێنرێت زیانەکانی زیاتر دەبن لە سوودەکەی. یەکێك لەو ماڵپەڕانەی دەکرێت بە هەردوو بواردا سوودی لێوەربگیرێت، ماڵپەڕی https://faceswap-per.ai/swapper ە. ماڵپەڕێك بۆ گۆڕینی روخسارەکانە. کاتێك دەیکەیەوە و هەژماری خۆت دادەنێی، دەتوانی لە شوێنێك کە تایبەتە بۆ ئەوە وێنەی مەبەستی خۆت دابنێی و ئەو وێنانەی کە لە خودی ماڵپەڕەکە دان وەك وێنەی کەسایەتییەکان، روخسارەکان بەو وێنەیە بگۆڕی. یان دەتوانی هەردوو وێنەکە خۆت دیاری بکەی. ماڵپەڕەکە لە چەند چرکەیەکدا وێنەکان دەگۆڕێت. زیاتر بۆ سەرگەرمی و خۆ خافڵاندنە و هیچ سوودێکی ئەوتۆی نییە.

# ماوسێکی بێدەنگ بۆ هەموو شوێنێک

ماوس گرنگترین و پڕکارترین ئامێری لاوەکی کۆمپیوتەرە. ماوسەکان لە هەر قەوارە و ستایلێك دابن یەك ئەرك ئەنجام دەدەن، ئەویش ئاسانکاری لە ئەنجامدانی فەرمانەکانی کۆمپیوتەرە. بەبێ ماوس جێبەجێکردنی ئەرکەکانی کۆمپیوتەر بەراستی دژوارە.

ماوسی جۆری logitech mx master 3s ماوسێکی تا بڵێی ناوازەیە، خێراییەکی زۆری هەیە و واتە 8K. بەو واتایە ٨هەزار DIP یە. دوگمەی گۆی ناوەڕاست ئەوەندە لە پۆڵا دروستکراوە، کاتێك بەکارهێنەر دەیسوڕێنێ ئەوەندە خێراییە چاو نایبینێت. جگە لە دوگمەی سکرۆلی ناوەند، دوگمەیەکی سکرۆلی بۆ تەنیشتەکانیش هەیە، ئەمەیان بەراستی ئەرەکەکان ئاسان دەکاتەوە. بەکارهێنەر دەتوانێت بەبێ ئەوەی جوڵە بە ماوس بەکات هێمای ماوسەکە بۆ ئاراستەکانی چەپ و ڕاست بسوڕێنێ. ماوسەکە لە کاتی داگرتنی کلیکی ڕاست و چەپدا هیچ دەنگێکی نییە. خۆی بلوتوسە و لەگەڵ هەموو سیستەمەکانی کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت. کاتێك شەحن دەبێتەوە هەتا زیاتر لە حەفتا کاتژمێری بەردەووام شەحنەکەی دانابەزێت.

پرۆگرامیزە دەکرێت و دوگمەیەکی شاراوەیە هەیە دەکرێت بۆ هەر پرۆگرامێك دابندرێت لەگەڵ دوو دوگمەی تایبەتی دیکە کە لە تەنیشتەکانیدا هەیە.

خاڵی جێگای سەرنج و تێڕامانی ماوسەکە ئەوەیە لەسەر هەموو شتێك کار دەکات، واتە پێویست ناکات پادی تایبەتی لە ژێر دابندرێت، بەڵکو لەسەر پارچە، شووشە، دار هەموو شتێك کار دەکات. ماوسێکی ئۆرگۆنۆمیکیە و لەکاتی بەکارهێنانادا مەچەکی بەکارهێنەر ئازار نادات.



# مۆدێلی کاتژمێری سیرامیکی ڕەش

کاتژمێری COCO CODE له کۆمپانیای CHANEL: ئەم کاتژمێرە دەسستبەندێکی سیرامیك و پۆڵایینی ڕەشی هەیە، چوارچێوەکەی لە پۆڵا دروست کراوە و بە ٥٢ ئەڵماسی درەوشاوە ڕازاوەتەوە، بە ڕەنگی ڕەش ڕووپۆش کراوە و یەك ئەڵماسی شاهانەیی تێدایە و بۆکسەکەی لە پۆڵا دروست کراوە.

کاتژمێری Serpenti Spiga لە Bulgari: کاتژمێری سێرپێنتی سپیگای بولگاری بە دەستبەندێکی سیرامیکی ڕەشی چەماوە جیا دەکرێتەوە، هەروەها تاجێکی هەیە کە بە توخمێکی سیرامیکی کابۆچۆن بڕاو و دەستبەندەکەی لە هەمان مادە دروست کراوە. کاتژمێرەکە بە ڕەنگی ڕەش ڕووپۆش کراوە، ڕووکاری کاتژمێرەکە لە زێڕی عەیار ١٨ دروست کراوە، کە ئەڵماسی بڕینی درەوشاوەی لەسەرە.

کاتژمێری Iconic Link Ceramic لە Daniel Wellington: یەکەم کاتژمێری دانیال ویلنگتۆنە کە بە تەواوی لە سیرامیك دروست کراوە، کاتژمێری ئایکۆنیك لینکی سیرامیك دەستبەندێکی سیرامیکی ڕەشی هەیە و تایبەتمەندیی زیوینی بە میلە کانی دراوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بێ کێشە لەگەڵ ڕووی بریقەداری لینکی سیرامیکدا تێکەڵ بێت.





# کرێشی سەر چۆنیەتی ڕزگاربوون لێی بە کەرەستەی سرووشتی



**ڕۆنی گوێزی هیندی:** زەیتی گوێزی هیندی چارەسەرێکی تاقیکراوە و ڕاستەقینەیە بۆ قژ هەڵوەرین، هەروەها بۆنێکی زۆر خۆشی هەیە.

بۆ ئامادەکردنی پێنج کەوچکی چێشت زەیتی گوێزی هیندی بخەرە سەر پێستی سەرت و بۆ ماوەی چەند خولەکێك پێستی سەرت بە باشی مەساج بکە و قژت مەشۆ تا کاتژمێرێك تێدەپەڕێت، یان دەتوانیت شامپۆ بەکار بهێنیت کە زەیتی گوێزی هیندی تێدایە.

**ئەڤۆگادۆ و مۆز:** یەك مۆز و یەك ئەڤۆگادۆ لە ناو خەڵاتێکی کارەباییدا ورد بکە، پاشان، تێکەڵەکە بدە لە پێستی سەرت و بە باشی مەساجی پێبکە، دوای ئەوە نیو کاتژمێر چاوەڕێ بکە، پاشان قژت بە باشی بە شامپۆ و ئاوی گەرم بشۆ.

**سرکەی سێو:** سرکەی سێو چارەسەرێکی زۆر کاریگەرە بۆ کرێش، چونکە گەشەکردنی کرێش لە پێستی سەردا ڕادەگرێت.

چارەکێك کوپ سرکەی سێو لەگەڵ چارەکێك کوپێك ئاو تێکەڵ بکە، تێکەڵەکە بخەرە ناو بوتڵێکی سپرا و بیدە لە پێستی سەرت و بۆ ماوەی چارەکێك بەجێی بهێڵە، پاشان وەك هەمیشە قژت بشۆ.




# جلی بووکێنی مۆدی ٢٠٢٤

بە تێپەڕبوونی کات، چەندین ڕەوتی جیاوازی جلوبەرگی بووکێنی دەردەکەون، لەبەر ئەوەی جوانیی سرووشت بەناوبانگە بۆ جلی بووکێنی لە بەهار و هاوین، جوانترین مۆدێلی جلی بووکێنیمان بۆ ئامادە کردوون، کە بەشێوەی گەڵا چنراوە و ئامادە کراوە، لەوانە جلی بوکێنییانەی بە گەڵا ڕازێندراونەتەوە، بەتایبەت گوڵەبەڕۆژە کە ڕەنگێکی ڕۆمانسی بە دیزاینەکە دەبەخشێت.

جلی بووکێنی ئێلی ساب کە لە گەڵای گوڵەوە ئیلهام وەرگیراوە: ئەم دیزاینە تایبەتمەندە بە بڕینی هێڵی (A-line)، ئەمەش وای کردووە بووک وەك شازادەیەك دەربکەوێت، بەهۆی دیزاین و بڕینەکەی کە کەمەر بە ڕێکی دەردەخات.

جلی بووکێنی بە هێڵی ملی چەرموو لە کۆمپانیای تۆنی وارد: با کەمێك لە ڕەنگی سپی تەقلیدی دوور بکەوینەوە، یەکێك لە ڕەنگە جیاوازەکان هەڵبژێرین، وەك سێبەری سپی مدەڕەج و کرێمی و عاجی، ئەم جلە بە گەڵای گوڵەبەڕۆژە و گەڵای درەخت ڕازاوەتەوە، بە دیزاینێکی نایاب یەخەیەکی بەرز و قۆڵی درێژی شەفاف و لەگەڵ تەنوورەیەکی جوان بە هەمان دیزاین بە توڵی درێژ کە لە پشتەوە جلەکە دتدەپۆشێت، ڕازێنداوەتەوە.


**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**



# زۆرترین مۆبایلی کۆ کردۆتەوە

زۆربەی خەڵك بە دوای گۆڕینی ئامێرە سمارت فۆنەکانیانەوەن، لە دوای هاتنی ڤێرژنی تازەی هەر مۆدێك، زۆربەی هەوادارانی ئامێرەکانی مۆبایل، مۆبایلەکانیان بۆ مۆدە تازەکان دەگۆڕن، ئەمەش وەك خوویەکی خودی و هەستێك وایە، کەچی ئەو پیاوە لە وڵاتی تورکیا مێژوویەکی لە کۆکردنەوە و گۆڕینی مۆبایلەکاندا تۆمار کردووە، (شەهاب ئاغجی) خەڵکی تورکیایە و ئارەزوویەکی نامۆی هەیە، کە حەز بە کۆکردنەوەی مۆبایل دەکات و ٢٠ ساڵە سەرقاڵی ئەم کارەیە.





## کاریکاتێر

لەم کاریکاتێرەدا باس لە ڕێبەریی ئامێرەکانی مۆبایل دەکات، کە بوونەتە پێشڕەوی مرۆڤ، تا ڕێنیشاندەر بێت بۆ داهاتوو.




## دیمەنە سەیرەکان

داشکان بە قەبارەی جەستەت

لە ڕێستۆرانتێکی مالیزیا، بە پێی کێشی جەستەی کڕیارەکان داشکاندن دەکرێت و تا لاوازتر بن، داشکاندنی زیاتر دەیانگرێتەوە.

## یاسا



**کۆمپیالە لە یاسادا؟**

بەپێی یاسای بازرگانیی عێراقی، کۆمپیالە بریتییە لە بەڵگەنامەیەکی نووسراو بەهۆیەوە کەسێك بەڵێن دەدات بە پێدانی بڕێکی دیاریکراو بە کەسێکی دیکە، کە پێی دەگوترێت (المستفید) لە بەروارێکی دیاریکراودا، بۆ ئەوەی کۆمپیالەیە شایستەی خەرجکردن بێت چەند مەرجێکی پێویستە، دەبێت ناوەڕۆکەکەی بڕێك پارە لەخۆ بگرێت (لەسەر پارە بێت) نابێت لەسەر هیچ مەرجێك هەڵواسرابێت، (واتە بە هیچ مەرجێکەوە تەعلیق نەکرابێت، دەبێت بەروار و ئیستحقاقی زانراو و سەلمێندراو بێت. لەگەڵ چەندان مەرجی دیکە کە دەبێت هەبێت تاوەکو ببێتە نەختینەیەکی بازرگانیی شایانی خەرجکردن، بۆ نموونە تێیدا دەستەواژەی (التعهد) و دەستەواژەی (سند لامر) و واژوی نووسەرەکەی و ..هتد هەبێت. بابەتێکی مەترسیدار لە کۆمپیالەدا هەیە کە زۆرکەس بە ئاسانی پەنا بۆ نووسینی کۆمپیالە دەبات لە کاتی قەرزکردندا، بەڵام لە ڕاستیدا کۆمپیالە مەترسیدارترین وەرەقەی بازرگانیە و دەستبەجێ لەلایەن دائیرەی (المنفذ العدل) جێبەجێ دەکرێت، بەبێ ئەوەی پێویستی بە بەرزکردنەوەی دەعوای قەزایی هەبێت، هەر کاتێك تاریخی ئیستحقاقی هات، ئەو کەسەی کە کۆمپیالەکەی لایە، تەنیا پێویستی بەوەیە بچێتە لای (المنفذ عدل) و دەستبەجێ موڵك و ماڵی نووسەری کۆمپیالەکە حجز دەکرێت و ئەگەریش ئامادە نەبوو پارەکە بدات، حەبس دەکرێت.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

باشترە خۆت بە کارە لاوەکییەکانەوە سەرقاڵ نەکەیت و زیاتر سەرنجت لەسەر کارە گرنگەکانت بێت، لەلایەن خاوەنکارەکەتەوە پاڵپشتی تەواو دەکرێیت و ڕێنیشاندەرت دەبێت، لە ژیانی تایبەتیدا هەمو شتێك زۆر باشە و پێویست ناکات خۆت نیگەران بکەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لە لایەنی پیشەییەوە ئەو یاسایانە پەیڕەو بکە کە لە شوێنی کارەکەت بۆت دانراوە، سەرقاڵ دەبیت و ڕەنگە هەندێك بەربەست بێتە بەردەمت، ئەمەش وا دەکات بڕیاردان قورسبێت، لە ژیانی تایبەتیتدا ڕەنگە لەگەڵ ئەندامێکی خێزانەکەت نەگونجێیت، کۆنترۆڵی توڕەییەکانت بکە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

قازانجێکی باش دەکەیت لە ڕووی داراییەوە، لە لایەنی پیشەییەوە وریای بەکارهێنانی وشەکانت بە، دەنا کێشە بچووکەکان گەورە دەبن، ئەمەش کاریگەری لەسەر ژیانی تایبەتی و پیشەییت دروست دەکات، لە ڕووی تەندروستییەوە ڕەنگە ماندوبیت و هەست بە شەکەتی بکەیت، پێویستت بە پشوو دەبێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە لایەنی داراییەوە هەر کارێك بە پەلە بکەیت، دواتر گرفتت بۆ دروست دەکات، ئەم ماوەیە زیاتر بایەخ بە خێزانەکەت بدە، کاتێکی باش نییە بۆ ئەوەی خۆت بە کێشەی کەسانی دیکەوە سەرقاڵ بکەیت لە کاتێکدا کەسە نزیکەکانت پێویستیان پێت هەیە، لەلایەنی تەندروستییەوە ڕەنگە تووشی ئازار ببیت.


### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لە ڕووی دەروونییەوە دوای ماوەیەکی زۆر ئەمڕۆ هەست بە باشی دەکەیت، مێشکت ئارامە، لە لایەنی پیشەییەوە هەندێك زانیاریی گرنگت پێ دەگات، لەگەڵ کارەکەشتدا پێویستە بایەخ بە خێزانەکەت و هاوڕێکانت بدەیت، تەندروستیت ئەمڕۆ زۆر باشە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

دەرفەتی ئەوەت بۆ دەڕەخسێت تواناکانت نیشان بدەیت، باشترە سوودی تەواو لەو دەرفەتانە ببینیت، هیچ کارێك بە هەڵەشەیی ئەنجام مەدە، لە ژیانی تایبەتیتدا کاتێکی خۆش لەگەڵ خۆشەویستەکانت بەسەر دەبەیت و ڕۆژێکی پڕ لە چێژت دەبێت، لە ڕووی تەندروستییەوە هەر گرفتێك لە چاوەکانتدا دروست بوو پشتگوێی مەخە.

## بۆ زانیاریت





# بەرزترین و نزمترین ئاستی زەوی

بەراورد لە نێوان بەرزترین خاڵ لە وشکایی (لوتکەی ئیڤرێست)، و زۆرترین قوڵایی لە دەریا (دۆڵی ماریانا). لەسەر ڕوی وشکانی لوتکەی ئیڤرێست لە چیای هیمالایە کە بەرزییەکەی (٨٨٤٨) مەترە، کە دەکەوێتە کیشوەری ئاسیا لە سنووری نێوان هەردوو وڵاتی چین و نیپال، نزمترین و قووڵترین شوێنیش دەکەوێتە بەشی خۆرئاوای زەریایی هێمن، کە بە دۆڵی مارینا ناسراوە و (١٠٩١١) مەتر قووڵە.

## فیلم

### کشومات - Checkmate




فیلمێکی ئەکشن و کۆمێدییە، باس لە تیمێکی کۆماندۆ دەکات، کە کاریان هێرشکردنە سەر تیرۆرستانە، یەکێك لە ئەندامانی ئەو گرووپە کچە کە برایەکی دەرفێندرێت، ئەویش لە هەوڵی گەڕانەوەیدا تووشی چەندین کێشە دەبێت، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٥٥) خولەکە، لە دەرهێنانی جۆرگۆ نیسکۆ، نووسینی گویلێرمۆ نیتۆ، لە نواندنی: ماگی سیڤانتۆس، ئەدریان سوار، تشاهی هیلاڤی، فیۆریلا ئەنیدکاتۆ، جوسی ئیدوارۆ.



## پەند و وتە

جۆزێف جۆن کامبڵ، نووسەری ئەمریکی و پرۆفیسۆر لە زانکۆی سارا لۆرێنس، لە ساڵی ١٩٠٤ لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٨٧ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی شوێنی دڵخۆشی و پیرۆز دەڵێت: «خۆشترین و پیرۆزترین شوێن ئەو جێگەیە، کە دەتوانی دووبارە خۆتی تێدا بدۆزیتەوە و دڵخۆشیی خۆت لەوێدا بەدی بکەیت.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا کەللەسەرێك هەیە، هەروەها چەند کەسێکیش لە وێنەکەدا هەن، هەوڵ بدە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا کەسەکان بدۆزیتەوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەمڕۆ ڕەنگە چانسی کەمترت هەبێت، پێویست ناکات نیگەران بیت، بە ئارامگرتن هەموو شتێك باش دەبێت، ئەم چەند ڕۆژە زۆر بیر لە خەونەکانت دەکەیتەوە، باشترە لە ئێستاوە پلان دابنێیت و چاوەڕێی کاتی گونجاو بکەیت، بۆئەوەی هەوڵ بدەیت پێیان بگەیت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لە لایەنی پیشەییەوە بەرپرسیاریەتییەکانی سەر شانت زیاد دەبن، پێویستە بە پلان کاتەکانت ڕێك بخەیت، هەروەها لە لایەنی داراییەوە پێویستە زۆر وریا بیت، خۆت تووشی گرفت مەکە، پشتگوێخستنی تەندروستیت ڕووبەڕووی گرفتی زۆرت دەکاتەوە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەمڕۆ مێشکت زۆر نا ئارامە، باشترە خۆت لە بیرکردنەوەی نەرێنی بەدوور بگریت و سەرنجت لەسەر کارە گرنگەکان بێت، ڕەنگە بەهۆی هەندێك بەرپرسیاریەتییەوە خاوەنکارەکەت متمانەی بە تۆ لەدەست بدات، هەربۆیە باشترین هەوڵی خۆت بدەیت، ناکۆکی تۆ و خۆشەویستەکەت قوڵ دەبێتەوە، پێویستە کۆنترۆڵی خۆت بکەیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


لەلایەنی پیشەییەوە دوور بکەوەرەوە لەوەی بەردەوام ڕەخنە لە چواردەورەکەت بگریت، ئەمە کەسانی دیکەت لێ دوور دەخاتەوە و وا دەکات بە تەنیا بمێنیتەوە، لەلایەنی سۆزدارییەوە پلان دابنێ بۆئەوەی گەشتێکی کورت لەگەڵ خۆشەویستەکەت بکەیت و لە ڕۆتین دوور بکەونەوە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

کاتی ئەوەت دەبێت سەرنجت لەسەر ئەرکەکانی خۆت بێت و هەندێك کاتیش بۆ خۆت تەرخان بکەیت، ئەرکەکانت لە ڕووی پیشەییەوە کەم دەبنەوە، لە ژیانی تایبەتیتدا بەو کاتانەی لەگەڵ کەسە نزیکەکانت بەسەری دەبەیت هەست بە دڵخۆشی دەکەیت، لە لایەنی تەندروستییەوە ڕۆژێکی باش دەبێت.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

دەستپێکی ڕۆژەکەت زۆر باش دەبێت، خێزانەکەت بە تەواوی پالپشتیت دەکەین، ئەمەش لە ڕووی دەروونییەوە دڵەڕاوکێکانت کەم دەکاتەوە، لە لایەنی داراییەوە پێویستە ئاگاداری خەرجییەکانت بیت، لە ڕووی تەندروستییەوە هیچ گرفتێکی گەورە ڕوو نادات.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

Inifniti GPS by TimeNet, providing GPS tracking services in various fields including Car, fleet management, school bus management, personal tracking, animal tracking, as well as construction and transportation solutions.

Infiniti GPS

Our offer includes:
GPS device for cars, motorcycles, trucks and buses and asset tracking



The annual subscription includes the following:
GPS device - SIM card with internet - platform and mobile application - 12 months service
All this for only 149 thousand dinars



Inifniti GPS لەلایەن TimeNet، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەدواداچوونی GPS لە بوارە جیاوازەکاندا لەوانە ئۆتۆمبێل، بەڕێوەبردنی کەشتی، بەڕێوەبردنی پاسی قوتابخانە، بەدواداچوونی کەسی، بەدواداچوونی ئاژەڵ، هەروەها چارەسەری بیناسازی و گواستنەوە.

ئۆفەرەکەمان بریتیە لە:
ئامێری جی پی ئێس بۆ ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسکیل و بارهەڵگر و پاس

بەشداریکردنی ساڵانە ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:
ئامێری GPS – سیمکارت لەگەڵ ئینتەرنێت – پلاتفۆرم و ئەپڵیکەیشنی مۆبایل – خزمەتگوزاری ١٢ مانگ
هەموو ئەمانە تەنها بە 149 هەزار دینار

Contact with us :

- 07502749592 - 07502749591
- www.infinitigps.com
- info@infinitigps.com
- khabat stree, Erbil,Iraq



Weekly Gulan April 15, 2024 Issue,No.1409

